**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٢٢٧٢ لە ٢٠٢١/١٠/١٢**

**بڕیاری**
**ژمارە(١١٢) لە ٢٠٢١/٩/١٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم)لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی١٩٩٢ هەموارکراو ، و لە بەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٦٥) لە ٢٠٢١/٩/١٥ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :.

١- پەسەندکردنی ڕەشنووسی (**پلانی نیشتمانیی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢١-٢٠٢٥**)بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان لەسەر درا .

٢- ڕاسپاردنی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ دارشتنی پلانی جێبەجێکردنی هاتوو لە برگەی (١)ی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە لەناو پلانە نیشتیمانییەکە ئەرکی جێبەجێکردنیان پێ سپێردراوە و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی سکرتاریەتی ئەنجومەن لە بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی پلانەکە و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی .

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## قۆناغەکانی پیادەکردنی پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ

١- قۆناغی ئامادەکردنی پلانەکە: ئەم قۆناغە بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاسپاردە و کۆتا تێبینی، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو ڕاسپاردانەی ئاراستەی کۆماری عێراق کراون و پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە، هەروەها ئەو ڕێکارانەی دەرهەقیان گیراوەتە بەر و لایەنی جێبەجێکار و ماوەی جێبەجێ کردنەکەش دیاری بکرێن، پاشان ئامادەکردنی ڕەشنووسەکە بە بەشداریی دەسەڵاتی یاسادانان و حکومەت و دادوەری، وێڕای بەشداریکردنی هاوبەشانی کارا، وەك نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی)، سەرباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوانەی پەیوەست بە مافی مرۆڤن و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بەوەی کە لە پێشکەشکردنی سەرنج و ڕاوێژ وەك بەشێك لە پلانی هەرێم کە حکومەتی هەرێم لە ئەستۆی دەگرێت، ئەوان هاوبەشی سەرەکین، هەر بۆیە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پشت بە هەر ئەزموونێك دەبەستێت کە لە هاوبەشانی سەرەکی پێویستی پێی بێت، وەك پشتیوانی تەکنیکی و مەشق و ڕاوێژ و کۆمەکی دارایی.

٢- قۆناغی پیادەکردنی پلان: لە دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی پلانی نیشتمانی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، لایەنانی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم هاوشانی دەسەڵاتی فیدراڵ دەست بە جێبەجێکردنی پلانەکە دەکەن، ئەویش بە سەرپەرشتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و بە کارکردن لەگەڵ بکەرانی سەرەکی، بۆ پیادەکردنی یەکەمین قۆناغی پلانەکە، کە بایەخ بە تۆکمەکردنی ڕاوێژ و ڕاهێنانی کەسانی پەیوەندیدار دەدات.

٣- قۆناغی جێبەجێکردن و بەدواداچوون: ئەم قۆناغە هاوکات لەگەڵ ڕێکاری بە کردەنی جێبەجیکردنی پلانەکە دەست پێ دەکات، هەروەها بەدواداچوونی ڕێکار لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.

٤- ستراتیژی کارنامە:

ڕەشنووسی کارنامە پشت بە کۆمەڵێك ڕێکار و پێشینە لە جێبەجێکردن دەبەستێت، کە بریتین لە دیدێکی ستراتیژانە بۆ کارنامەیەکی مەودا مامناوەند، لەوانە:

- پێداچوونەوە بە یاساکان، ئەگەر پێویستی کرد، پێشنیاز بۆ هەموارکردنیان بخرێتە ڕوو.
- دەستەبەر کردنی ژینگەیەکی پاڵپشت بۆ دەسەڵاتی دادوەری.
- دانانی بەرنامەی مەشق بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی، بۆ ئەو کارمەندانەی لە دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسادا کار دەکەن.
- کار کردن بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانییەکی تەواو و دەرفەتی چۆن یەك لە ڕووی پیادەکردنی تێکڕای مافەکانەوە.

**ئامانجی پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ بریتییە لە:**

١- گونجاندنی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێت لەگەڵ ڕێککەوتننامە و پەیمانەکانی نێودەوڵەتی و ئەو ماف و ئازادییانەی لە دەستووری فیدراڵدا هاتوون.

٢- بەهێزکردنی ڕۆڵی هەرێم لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە بواری مافی مرۆڤدا.

٣- ئامادەکردن و پەرەپێدانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە ڕووی پاراستن و پتەوکردنی مافی مرۆڤەوە.

٤- چەسپاندنی دەسکەوتەکانی هەرێم لە بواری پاراستن و بەهێزکردنی مافی مرۆڤدا.

٥- دانان و بەهێزکردنی توانای کەس و دامەزراوەکان.

ڕاسپاردەی پەسەندنەکراو، یان ئەوانەی ناکرێ جێبەجێ بکرێن:

عێراق لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر/ گەڕی سێیەم لە ١١/تشرینی دووەم/٢٠١٩دا، گەلێك ڕاسپاردە و کۆتا سەرنجی خرایە بەردەم، لە کاتی گفتوگۆی نێوان شاندی (١١١) دەوڵەتی ئەندام و چاودێر لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤدا، بە تێکڕا عێراق (٢٩٨) ڕاسپاردەی پێ درا. لە نێویاندا (٢٤٥) ڕاسپاردەی پەسەند کرد، (٤٨) ڕاسپاردەش بۆ زانین، (٥) ڕاسپاردەش بە شێوەیەکی بەشەکی پەسەند کران، کە ناتوانێ جێبەجێیان بکات، یان ئەوەتا پەسەند نین، چونکە لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگا یان بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام، یان ئاراستەی یاساییانەی دەوڵەتدا ناگونجێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕادەی توانای پیادەکردنی ڕاسپاردەی ناپەسەند، لە چوارچێوەی پسپۆڕی دەسەڵات لە دامەزراوەکاندا دەڕوانێت، وەك پیادەکردنی سزای لە سێدارەدان و هەندێك پرسی پەیوەست بە مافەکانی ئافرەت.

**ڕاهێنانی کارمەندان لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە و بەدواداچوونی:**

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا، ئەرکی ناساندنی پلانی هەرێم و ڕاهێنانی لایەنانی پەیوەندیدار لە وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەدواداچوونی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەبارەیەوە، دەگرێتە ئەستۆ.

**دابینکردنی خەرجی پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ:**

پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ ئەرکی جێبەجێکردنی برگەکانی بە کەمترین تێچوو دەخاتە ئەستۆی لایەنانی پەیوەندیدار، چونکە لە هەلومەرجی ئێستا بە هۆی قەیرانی داراییەوە ناکرێ بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، بۆیە لایەنانی پەیوەندیدار دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەن، کە ڕێکخستن و چاودێریکردنی هەندێك چالاکی تایبەت بە پلانەکە بگرنە ئەستۆ. ئەو وەزارەت و لایەنانەش کە گرێدراوی وەزارەت نین، پێداویستییەکانی پلانەکە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو دەخەنە نێو پلانی خۆیانەوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی هەندێك ڕێکخراوی کۆمەك بەخشی نێودەوڵەتی سپۆنسەری هەندێك چالاکیی پلانی هەرێم بکەن و ڕاستەوخۆ چالاکی بکەن و پشتیوانیشی لێ بکەن.

**ئاستەنگ:**

پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ ئەوەش ڕەچاو دەکات، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەی کتوپڕ دێت، ئەو ئاستەنگ و کێشانەش لە کاتی جێبەجێکردندا دێنە پێش، لەوانە:

١- ئامانجی پلانی هەرێم بەدیهێنانی گۆڕانکارییە لە یاسا و ڕێکار و گەشەپێدانی کاری ئەو دامەزراوانەی لە بواری پەیوەندیداردا کار دەکەن، لەمەشدا ڕەنگە ڕووبەڕووی کاردانەوەی نەرێنی ببێتەوە.

٢- پرۆسەی تێپەڕاندنی هەر یاسایەك لە هەرێمدا پێویستی بە کاتێکی نادیار هەیە، لەبەر ئەوەی ڕاوێژی یاسایی زۆر و ئاڵۆزی دەوێت، هەروەها چەندین قۆناغی گفتوگۆی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، یان حکومەتەوە دەوێت.

٣- قەیرانی تەندروستی لە هەرێم و عێراقدا بە هۆی پەتای کۆرۆناوە بە شێوەیەکی گشتی کار لە بەڕێوەچوونی ئیش لە تێکڕای دامەزراوەکاندا دەکات.

٤- تەرخان نەکردنی پارە بۆ تێکڕای دامەزراوەکان لە سایەی هەلومەرجی ناجێگیری ئابووریدا.

## بەشی یەکەم

## پابەندبوون: چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

**ئامانج**: چەسپاندنی بنەمای مرۆیی و یاسایی و بەشداریکردن لە دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت

واقیعی ئێستا بە کردەنی: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیەوە دەیان ڕاپۆرتی پێشکەش بە لیژنەی نیشتمانی بۆ نووسینی ڕاپۆرت کردووە. ئەو ڕاپۆرتانە بریتی بوون لەو ڕێکارانەی لەلایەن هەرێمەوە گیراونەتە بەر بۆ بەجێگەیاندنی ئەو پەیوەستییانەی تایبەتن بەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامانەی نێودەوڵەتی کە عێراق واژۆی کردوون، لەوانە: شوێنبزرکردنی بەزۆر، ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی ئەشکەنجە و چەشنە ڕەفتار، یان سزای دژوار، یان نامرۆڤانە، یان ڕیسوا کردنی دیکە، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ئافرەت (سیداو)، مافی کەسانی کەمئەندام، نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری ڕەگەزپەرستی، بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی، مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوور، مافی منداڵ و هەردوو سەرپشکە پرۆتۆکۆڵ، بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق، پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ.

| ژ | ڕێککەوتننامە | ڕێکەوتی بوون بە ئەندام |
|---|---|---|
| ١ | ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزپەرستی | ١٩٧٠/١/١٤ |
| ٢ | پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری | ١٩٧١/١/٢٥ |
| ٣ | پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی | ١٩٧١/١/٢ |
| ٤ | ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ئافرەت | ١٩٨٦/٨/١٣ |
| ٥ | ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ | ١٩٩٤/٦/١٥ |
| ٦ | سەرپشکە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ سەبارەت بە بەشداریکردنی منداڵان لە پێکدادانی چەکداریدا | ٢٠٠٨/٦/٢٤ |
| ٧ | سەرپشکە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ تایبەت بە فرۆشتنی منداڵان و بەکارهێنانی منداڵان لە لەشفرۆشی و بابەتی سێکس | ٢٠٠٨/٦/٢٤ |
| ٨ | ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەموو کەسێك لە بە زۆر شوێنبزرکردن | ٢٠١٠/١١/٢٣ |
| ٩ | ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی ئەشکەنجە و جۆرەکانی دیکەی ڕەفتار، یان سزای سەخت، یان نامرۆڤانە، یان ڕیسوایی | ٢٠١١/٧/٧ |
| ١٠ | بەڵێننامەی عەرەبیی بۆ مافی مرۆڤ | ٢٠١٢ |
| ١١ | مافی کەسانی کەمئەندام | ٢٠١٣/٣/٢٠ |

لە ڕێی میکانیزمی وەرزانە پانۆرامای خولی گشتگیرەوە، چەندین ڕاسپاردە و کۆتا تیبینی مان لە چەند دەستەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤەوە پێگەیشت، کە بریتین لە بنەمای یاساییانەی بە ئەندامبوونی عێراق لە هەندێك ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی پلانەکەدا، لەوانە:

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٥/ ٢٨/ ٣١ | | ١٠/ ٣٢ج/ ٤٣/ ٤٧ | ٤٥ | ٢٩/٧/٦أ<br>٣٠أ/٥٥/٥٦ | |

**ئەو ڕاسپاردانەش بەم جۆرەی دادێ ورد دەبنەوە:**

- چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی دژ بە ئافرەت (پێشتر عێراق چووەتە نێو ڕێککەوتننامەکەوە)
- چوونە نێو ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (هێشتا عێراق تێیدا نەبووەتە ئەندام ) .
- چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی بەرنامەڕێژ لە ڕێی نیشتمانییەوە.
- پەسەندکردنی سەرپشکە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتننامەی مافی کەسانی کەمئەندام.
- پەسەندکردنی سەرپشکە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی ئەشکەنجە.
- پەلەکردن لە پیشاندانی ڕەشنووسی یاسای ئەرێ کردنی پەیمانی مەراکش.
- پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی حاڵەتی نەبوونی ناسنامە بۆ ساڵی ١٩٦١.
- پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی پەیوەندیدار بە ڕەوشی کەسانی بێ ناسنامە بۆ ساڵی ١٩٥٤.
- پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی هەموو کرێکار و کۆچبەرێك و ئەندامانی خێزانیان.
- پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار سەبارەت بە کاری شایستە بە کرێکارانی نێو ماڵ بۆ ساڵی ٢٠١١.
- دەرکردنی سەرپشکە جاڕنامەی کە لە مادده ١٤ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزپەرستیدا هاتووە.
- ئەرێ کردنی سەرپشکە پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ئافرەت، هەروەها لە دەرفەتێکی نزیکدا، ئەو هەمووارەش قبووڵ بکات کە بەسەر ماددەی ١/٢٠دا هاتووە و تایبەتە بە وادەی کۆبوونەوەی لیژنەکە.
- چاوخشاندن بە ڕێککەوتننامەی کرێکارانی خاوەن بەرپرسایەتی خێزان ١٩٨١، کە بۆ پتەوکردنی یەکسانی لە ڕووی دابەشکردنی بەرپرسایەتی ماڵ و خێزان لە نێوان ژن و پیاودا، لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارەوە دەرچووە.

- کشاندنەوەی ئەو گومانانەی بەرانبەر بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی دژی ژنان خرابوونە ڕوو، لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا و کردارێکی جیاکارانە و مسۆگەرکردنی یەکسانی لە هەموو ئەو پرسانەی بە پەیوەندیی نێو خێزان و نێوان ژن و مێردەوە گرێ دراون، هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمانەی یاسا کە بە هۆی ئەوانەوە دەستدرێژیکەری سێکس لە حاڵەتی خواستنی قوربانییەکە، لە سزا دەبەخشرێت.

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنی پاڵپشت:**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم - وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی تەندروستی.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کەمئەندامانی- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن:**

هەرچەندە چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی کاری دەسەڵاتی فیدراڵە، وێڕای ئەوە، پلانی هەرێم ڕێسای کارکردن لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا دادەنێت، کە پشت بە بەشداریی چالاکانەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لیژنەکانی پەیوەندیدار بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ببەستێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چوونە نێویان، بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونی هەرێم سەبارەت بە چوونە نێو هەر یەك لەو ڕێککەوتننامانە.

**یەکەم: سیستەمی سکاڵای تاکە کەس**

١- پێشکەش کردنی پێشنیاز و پرۆژە بۆ چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، یان لادانی هەر جۆرە گومانێك لەلایەن هەموو دامەزراوەکانی هەرێمەوە.

٢-کاراکردنی سیستەمی سکاڵای تاکە کەس لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا.

٣- پەرەپێدان و نوێکردنەوەی سیستەمی سکاڵای تاکە کەس لە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠دا.

٤- نوێکردنەوەی میکانیزمی زوو پێ ڕاگەیاندن و پەرەپێدانی ئەوەی هەیە.

**دووەم: ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

١-ئاشنابوون بە ڕای وەزارەتی ناوخۆ، پەیوەست بە ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە ڕەگەزنامە.

٢-ئاشنابوون بە ڕای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار.

٣- ئاشنابوون بە ڕای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کەمئەندامان - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەیوەست بە ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە ئەوان.

**ماوەی جێبەجێکردن**

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکارانەی کە دەبێ دەوڵەتان بیگرنە بەر، پێش ئەوەی بچنە نێو ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتییەوە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چڕ هەیە بۆ دیاریکردنی لایەنی کورت هێنان لە یاساکانی دەوڵەت، هەر بۆیە ئەو ماوەیەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە تەرخانە، بە درێژایی ماوەی پلانی هەرێمە بۆ مافی مرۆڤ. هەر لایەنێك وادەی دابەشکردنی کاری خۆی بە گوێرەی مەودای کاتەکە دیاری دەکات، بە گوێرەی چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی کە پاشکۆی ئەم پلانەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا دەرچوون، کە لەگەڵ پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا دەگونجێن.

## بەشی دووەم
## یاسادانان، یان هەمواركردنی

**ئامـانج**: دانـانی سیسـتەمێكی یاسـاییە كە لەگەڵ پەیوەسـتی نێـودەوڵەتی و ئەركـی گرێبەسـتایەتیدا بگونجێـت، بـۆ دەستەبەركردنی پاراستنی یاساییانەی بنەڕەت بۆ مافی مرۆڤ

ڕێككەوتننامەكانی مافی مرۆڤ پێوەری بابەتییانە بۆ ڕەفتاری دەوڵەت دادەنێن، چەندین ئەركیشی دەخەنە ئەستۆ بەرانبەر بە تاك بۆ پیادەكردنی مافی مرۆڤ. پاش لێكۆڵینەوە لە سیستەمی یاسای دەوڵەتان لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا، دەوڵەتانی ئەندام پشت بە ئەدەبیاتی پەیمانكارانەی لیژنەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆتا سەرنجی ئەوان كە بەرەنجامی گفتوگۆن لەبارەی ڕاپۆرتی دەوڵەتانی ئەندام، دەبەستێت، وەك چوارچێوەیەكی گشتی بۆ داڕشتنی پرۆژەیاسایەكی دیاریكراو. سەبارەت بە دەركردنی یاسا لە حكومەتی هەرێمدا، پەرلەمانی كوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەكی فیدراڵ لە هەرێمدا كار بكات، یان یاسای تایبەت دەربكات كە لە دەرەوەی ئەركی تایبەتمەندی دەسەڵاتی فیدراڵدایە و لە مادده ١١٠ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا بە دەق باسی دەكات. سەرنجی لیژنەكانی پەیمانكاری، هەروەها ڕاسپاردەی میكانیزمی وەرزانە پانۆرامای خولی گشتگیر، دەكرێ دەستووریش بگرنەوە، لە حاڵەتێكدا كە دەقی وای تێدا بوو لەگەڵ برگەكانی ڕێككەوتننامەدا ناكۆك بوون. ئەم بەشە گرنگترین ڕاسپاردەی پەیوەست بە دەستوور و یاسا لەخۆ دەگرێت.

### لقی یەك: دەستوور

دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق گەلێك مافی دوویات كردووەتەوە، ئەو مافانەی خستووەتە ژێر ناونیشانی ماف و ئازادییەوە، گەلێك دەقی باڵای لە بواری مافی مرۆڤدا پێشكەش كردووە، لە نێویاندا ئەم مافانە: مافی مەدەنی پەیوەست بە سەلامەتی كەس، مافی ڕەگەزنامە و مافی دادگاییكردن بەو جۆرەی داد مسۆگەر دەكات، هەروەها مافی سیاسی كە خۆی لە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردن و گشتپرسی لە دەوڵەتدا دەگرێتەوە، هەروەها مافی خۆ كاندیدكردن بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی گشتی و هەرێمی و مافی بەشداریكردن لە پێكهێنانی پارت و كۆمەڵەی سیاسیدا .

سەبارەت بە مافی ئابووریش، دەستوور ئەم مافانەی بە تاك داوە، ئەویش لە ڕێی سێ تەوەری سەرەكییەوە، لەوانە مافی كار، مافی موڵكایەتی و وەبەرهێنان، لە ئەستۆگرتنی چاكسازیی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە. سەرباری مافی كۆمەڵایەتی و كولتوور، كە بریتین لە چاودێریی كۆمەڵایەتی، چاودێریی تەندروستی و چاودێریی چالاكی زانست و كولتوور و وەرزش.

هەرێمی كوردستانی عێراق بە نیازی دەركردنی دەستوورێكی تایبەت بە خۆیەتی، بەو مەرجەی هیچ یاسا، یان دەقێك لە دەستووری هەرێمدا نەبێت كە لەگەڵ دەستووری فیدراڵدا ناتەبا بێت، وەك ئەوەی لە مادده (١٣)ی دەستووری فیدراڵدا هاتووە. ڕەشنووسی پرۆژەكە لە (١٢٢) ماددەی دەستوور پێكهاتووە، بەشێكی پەیوەندی بە پێناسەی هەرێم و سنوور و ناسنامەی سیاسی و كۆمەڵایەتی هەرێمەوە هەیە، بەشێكیش باسی شێوەی دەسەڵاتەكانی هەرێم دەكات، چەند بەشێكیش باسی ئەو ماف و ئەركانە دەكەن كە دەستوور بۆ هاووڵاتیانی هەرێم مسۆگەریان دەكات، هەروەها شێوەی پەیوەندی نێوان هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتەكانی ناوەند. هەڵبەت ئەمە ڕێگر نییە لە هەمواركردنی دەقەكانی دەستووری فیدراڵ، چ لە ئاستی نیشتمانی بێت یان نێودەوڵەتی لە ڕێی ئەو ڕاسپاردانەی ئاراستەی عێراق كراون و داوای گونجاندنی تێكڕای یاساكانی خۆجێی لەگەڵ گەڵاڵەنامەی مافی مرۆڤدا دەكەن، كە عێراق تێیاندا دەبێتە ئەندام.

- هەمواركردنەوەی ئەو ماددانەی دەستوور كە جێی ناكۆكین وەك ماددەی (٤١) "عێراقییەكان لە پەیوەستبوون بە كاروباری كەسیی خۆیان ئازادن، بە گوێرەی ئایین، یان ئایینزا، یان باوەڕ، یان بژاردەی خۆیان، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت ".
- پێداچوونەوە بە ماددەی (٣٢) دەستووردا دەكرێت، كە دەڵێ: "دەوڵەت چاودێری كەمئەندام و كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەكات، بە ئامانجی ئاوێتەكردنیان لەگەڵ كۆمەڵ، شیاندنیان دەگرێتە ئەستۆ، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت ".
- دەركردنی یاسایەك كە مافی نێو مادده (١٢٥)ی دەستوور ڕێكبخات، ئەوەی پەیوەستە بە كارگێڕییەكانی خۆجێ "ئەم دەستوورە مافی كارگێڕی و سیاسی و كولتوور و فێركردن بۆ نەتەوەی هەمەجۆری وەك توركمان، كلدان و ئاشووری و تێكڕای پێكهاتەكانی دیكە، مسۆگەر دەكات، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت ".

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەكانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەكانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەكانی لیژنەی سیداو | تێبینییەكانی لیژنەی دادوەری لەسەر جیاكاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەكانی لیژنەی مافی كەسانی كەمئەندام | ڕێككەوتننامە پەیوەندیدارەكان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەمای سەرەكی دەستووری عێراق | ١٧ | | ١٤أ | | | ڕێككەوتننامەكانی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- سەرۆکایەتی کۆمار.
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ.
- رێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- میکانیزمەکە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بە سازان لەگەڵ هەرێمەکان دیاری دەکرێت، بەوەی ئەرکێکی سەروەرییە.
- پێشنیاز بۆ هەموارکردن لە رێ و رێکاری بەردەستی دەستوورییەوە دەبێت، جا چ لە رێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بێت، لە رێی فراکسیۆنەکانی کوردستان، یان لە رێی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵەوە بێت، یان لە رێی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بێت، سەرباری میکانیزمی داکۆکیکار کە خۆی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینێتەوە.

**ماوەی جێبەجێکردن**

ماوەی هەموارکردنی دەستوور، لایەنانی بەرپرس لە جێبەجێکردنی دیاری دەکەن، بە پێشکەشکردنی خشتەیەك بە گوێرەی ئەم میکانیزمەی هاوپێچی ئەم پلانەیە.

**لقی دووەم: سزا**

**یاسای بەرکار: سزا یاسای هەموارکراوی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩**

هەرێمی کوردستان ئەم یاسایەی هەندێك هەموار کرد، ئەو هەموارەش تەنیا لە هەرێمدا پیادە دەکرێت. لەو یاسایەدا کارکردن بەم ماددانە راگیراوە (١٥٦ی تایبەت بە ئاسایش و ئارامی و سەروەری دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، ١٥٧-١٨٩ی تایبەت بە تاوانی پەیوەست بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت، ١٩٠- ١٩٥، ١٩٨- ٢١٩ی تایبەت بە تاوانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨ی تایبەت بەو تاوانانەی دەرهەق بە دەسەڵاتی گشتی دەکرێن، ٢٠٤ی تایبەت بە بەکارهێنانی مافی داکۆکیکردنی شەرعییەوە). هەروەها ماددەی (٤١) لە یاسای تایبەت بە تەمبێکردنی ژن لەلایەن پیاوەوە، بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١، هەروەها راگرتنی کارکردن بە ماددە (٤٠٩)ی سزا یاسای عێراق لە حکومەتی هەرێمدا، بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ .

- پەلەکردن لە بژارکردنی یاسای سزا و یاساکانی بەرکار، لە پێناو گونجاندنیان لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتیدا، نەخاسمە رێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ئافرەت و رێککەوتننامەی مافی منداڵ، هەروەها جاڕنامە و کارنامەی (بیجین).
- سزای لە سێدارەدان تەنیا مەترسیدارترین تاوان بگرێتەوە.
- رەتکردنەوەی ماددەی (١٢٨، ١٣٠، ١٣١)ی پەیوەست بە تاوانی نامووس (بەهانەی ئاسانکەر، هۆکاری شەرەف ).
- هەموارکردنی برگەی (٤) لە ماددەی (٤٩٥/ ئازادکردنی شێت لە رێی گشتیدا).
- چاو خشاندنەوە بە ماددەی (١٠٥/ بەندکردنی شێت).
- توندکردنی قەدەغەی سەر توندوتیژی و ئەشکەنجە کە لە برگەی (٤) لە ماددەی (٢٩) و لە برگەی (١/ج) لە ماددەی (٣٧)ی دەستووردا هاتووە و رێکخستنی ئەمە بە یاسایەك، هەروەها هەردوو ماددەی (٣٣٣، ٤٢١) لە یاسای سزادان.
- رەتکردنەوەی هەردوو ماددەی (٣٧٧، ٣٨٠) لە یاسای سزادان (دەقی جیاکارین دژ بە ئافرەت).
- راگرتنی کارکردن بە دەقی ماددەی (٣٩٨) لە یاسای سزادان (گواستنەوەی قوربانی لەلایەن دەستدرێژیکەرەوە).

- پێداچوونەوە و هەموارکردنی دەقەکانی یاسای سزادان و یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزاکار کە جیاکاری دەرهەق بە ژنان دەکرێت و کولتووری توندوتیژی پەیوەست بە جۆری جێندەر دەڕوێنێت.
- گۆڕینی ئەو یاسایەی ڕێ دەدات ناموس بکات بە بەهانە وەك داکۆکیکردنی یاسایی دژ بە ژنان.
- پەیڕەوکردنی یاسا بۆ قەدەغەکردن و ڕیشەکێشکردنی کرداری نەریتی زیانبەخش بە ژنان و کچان، بەتایبەتی زوو شووکردن و بە زۆر بە شوودان و شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە.
- هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای حوکمەکانی یاسای سزاکانی عێراق کە لەگەڵ توندوتیژی خێزانی نەرمی دەنوێنێت و هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە بۆ ئەوەی سزای دەستدرێژی سێکس و پڕکێشیکردنی سێکس و لێپرسینەوە لە تاوانبارانیش بگرێتەوە.
- ئەرێکردن و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی هەموو شێوەیەکی توندوتیژی پەیوەست بە جێندەر قەدەغە دەکات، هەروەها گۆڕینی ئەو حوکمانەی دەستدرێژیکەری سێکسی دەپارێزێت ئەگەر قوربانییەکە بخوازێت.
- ڕێدان بە لەباربردنی کۆرپەڵە بە شێوەیەکی یاسایی لە حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی، یان مەترسی بۆ سەر ژیانی دووگیان، یان تەندروستی ئەو و شێوانی زۆری کۆرپەڵەدا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢٩/٣٠ | ٤٦/ ٦٨/ ٨١/ ١٠٨/ ٢٣٦/ ٢٥٠/ ٢٥٣ | ٣٦/ ١٠٦ | ١٤ب/ ٣٤د | | ٧/ ٨/ ٢٧أ/ ٢٨أ | ڕێککەوتننامەی سیداو/ ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ/ پەیماننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- داواکاری گشتی .
- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی توێژینەوەیەك دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی لە پێشنیازەکانی هەموار بەدی هاتوون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ئەگەر پێویستی کرد پرۆژەیاسایەك پێشکەش بکرێت.
- پرۆژەیاسایەك لەلایەن دەستەی داواکاری گشتییەوە پێشکەش بکرێت یان یاسای بەرکار هەموار بکرێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

لە پاش پەسەندکردنی پلانی هەرێم و هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا، ڕاستەوخۆ دەست بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان دەکرێت، بەو مەرجەی توێژینەوە و پرۆژەیاساکەش لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## لقی سێیەم: بنەمای دادگاییکردنی سزاکاری

### یاسای بەرکار: یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزاکاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١

گەلێك کۆمێنت و سەرنج لەبارەی ئەم یاسایە دەخرێنە ڕوو، لەبەر ئەوەی بریتییە لە گەرەنتییەکی دادوەرییانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، یان جێبەجێکردنی سزادا، هەروەها گەلێك تێبینی لەگەڵ هەڵوێستی پرۆژەی عێراق بەرانبەر بە تاوانی ناموس (پاڵنەری شەرەف) و بابەتی ماوەی بەندکردنەکە ناکۆکە، زانیاریش لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسایەکی تەواوکار بۆ چاککردنی یاسای بنەمای دادگاییکردنی یان توێژینەوە لەو پێشنیازانە.

- پەلەکردن لە پرۆسەی بژارکردنی یاسای بنەمای دادگاییکردن و یاساکانی کارپێکراو، لە پێناو گونجاندنی لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی، نەخاسمە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەت و ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ، هەروەها جارنامە و کار پەیڕەوی )بیجین. )

- پێداچوونەوە بە حوکمی یاساکانی تاوان بۆ مسۆگەرکردنی درێژە نەکێشانی بەندکردنی تۆمەتبارانی بارمتەی دادگاییکردن تا ماوەیەکی درێژ، بە چەشنێك ئەو پێداچوونەوەیە ببێتە مایەی ئەوەی بارمتەبەندی نەبێتە ڕێسای گشتی، بەندی و گیراو بە تۆمەتی سزاکارانە بێ دواکەوتن ڕەوانەی لای دادوەر یان فەرمانبەرێکی بە یاسا ڕێپێدراو بکرێن، تا ئەرکی دادگاییکردنەکە بەجێ بگەیەنن. (لە پاش دەرچوونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، ڕەوانەکردنی بەندی و گیراو بە تۆمەتی سزاکارانە تەنیا لە دەسەڵاتی دادوەراندایە نەك فەرمانبەرانی ڕێپێدراو بە شێوەیەکی یاسایی کە ئەرکی دادگاییکردنەکە بەجێ بگەیەنن).

- پێداچوونەوە و هەموار کردنی دەقەکانی یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزاکارانە، ئەوانەی جیاکاری دەرهەق بە ژنان دەکەن و کولتووری توندوتیژی پەیوەست بە جۆری جێندەر دەڕوێنن.

- هەمواركردنی ماددەی (١٧٥)ی یاسایەکە بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەر تۆمەتبارێك لە گفتوگۆ کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شایەدانی تۆمەتەکە لە ڕێی پارێزەرەوە (بەڵێننامە/٧٦). ماددەکانی تایبەت بە بابەتی گوێگرتن لە شایەدەکان لە بنەمای دادگاییکردنی سزاکارانەدا، حوکمی گونجاو دادەنێت بۆ ئەوەی لایەنانی سکاڵایەکە گفتوگۆ لەگەڵ شایەدەکاندا بکەن، بەڵام لیژنەی پەیماننامەی عەرەب بۆ مافی مرۆڤ پێی وایە، کەلێنێك لە یاسایەکەدا هەیە ڕێی بە شایەدیدان دەدات بە بێ ئەوەی لایەنی سکاڵایەکە دەرفەتی گفتوگۆیان لەگەڵ شایەدەکاندا هەبێت، لیژنەکە داوای هەمواركردنی ماددەی (١٧٥) دەکات تا حوکمێکی دیکەی بۆ زیاد بکرێت و سەرنجەکەی ئەو بەجێ بگەیەنێت.

- هەمواركردنی دەقی ماددەی (٢٨٧)ی یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزاکارانە، بۆ مسۆگەرکردنی سزای لە سێدارەدان دەرهەق بە ژنی دووگیان یان شیردەر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەوە.

- پێویستە یاسای دژەتیرۆر لە هەرێمی کوردستان بەو جۆرە هەموار بکرێتەوە، کە لە نێوان مافی تۆمەتبار لە بەندکردن و خواستی پاراستنی کۆمەڵ لە مەترسیی تیرۆر، هاوسەنگی بەدی بێنێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ماددەی ١٥/ ١٩/ ٣٧** | ٨١/ ١٠٨ | ٥٠/ ٧٠/ ٧٢/ ٧٦ | ٢٠أ/ ٢٠ب | | | **-ڕێککەوتننامەی سیداو/پەیمانی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسی/ - دژایەتی کردنی ئەشکەنجە/ - پەیماننامەی عەرەبی** |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- سەندیکای پارێزەران.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.

- نووسینگەی ڕێكخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەكان- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێكخراوەكانی پەیوەندیداری كۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاكوانانی مەدەنی.

**میكانیزمی جێبەجێكردن**

- پێشكەشكردنی توێژینەوەیەك لەبارەی ئەو پێشكەوتنەی بەدی هاتووە و پێشنیاز بۆ هەمواركردن.
- كۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ئەگەر پێویست بوو، پرۆژەیاسایەك پێشكەش بكرێت.

**ماوەی جێبەجێكردن**

جێبەجێكردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندكردنی پلانی هەرێم، هاوكات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حكومەتی عێراق، دەست پێ دەكات، بەو مەرجەی توێژینەوە و پرۆژەیاساكە لە ماوەی یەكەمین ساڵی كاركردن تەواو بكرێن.

## لقی چوارەم: كاروباری كەسی و ڕەفتاری مەدەنی

**یاسای بەركار:** یاسای كاروباری كەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و یاسای مەدەنی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١

حكومەتی هەرێم هەندێك هەمواری لەو یاسایەدا كردووە، ئەم هەموارانەش تەنیا لە هەرێمدا پیادە دەكرێن. بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، كاركردن بە هەندێك ماددەی ئەو یاسایە ڕاگیرا، لەوانە ڕاگرتنی كاركردن بە ماددەكانی (٣، ٥، ٦/ف١، ٧/ف٢، ٨/ف٢، ٩/ف١-٢، ١٠/ف١و ٢، ٢٣، ٢٤/ف١، ٢٥، ٢٩، ٣٠، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٧/ف٢، ٣٨/ف١، ٩٣/ف٢ و ٣، ٤٠/ف٥، ٤٣/ف١ــ ٤٤، ٤٦/ف١ و ٣، ٥٠، ٥٨، ٧٤، ٩١).

- پەلەكردن لە بژاركردنی یاسای كاروباری كەسی و یاساكانی دیكەی نیشتمانی، لە پێناو گونجاندنی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەكان، نەخاسمە ڕێككەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەیەكی جیاكاری دژ بە ئافرەت و ڕێككەوتننامەی مافی منداڵ، هەروەها جاڕنامە و پەیڕەونامەی (بیجین).
- هەمواركردنی یاساكانی خۆجێ تا وەك ڕێككەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاكارییەكی دژ بە ئافرەتان بێت.
- ڕەتكردنەوەی ئەو جیاكاریانەی بەدەر لە یاسان، سەبارەت بە ڕادەی هەرە كەمی تەمەنی هاوسەری بۆ كچۆڵان لە یاسای كاروباری كەسیدا .
- هەمواركردنی ماددەی (٧)ی یاسای باری كەسی تایبەت بە شیاوی هاوسەری، عەقڵ و تەواوكردنی تەمەنی هەژدە ساڵی، میكانیزمی پەیمانكاری پێی وایە ئەم مەرجانە جیاكارییان تێدایە دژ بە كەسانی كەمئەندام.
- هەمواركردنی ماددەی (٩)ی پەیوەست بە هاوسەری بەزۆر، لە یاسای كاروباری كەسیدا.
- چاو خشاندنەوە بە ماددەی (١٠٨، ١٠٧، ٩٤، ٩٥، ٧) لە یاسای كاروباری كەسی.
- دۆزینەوەی چارەسەرێكی ڕیشەیی سەبارەت بە پرسی ئەو منداڵانەی باوكیان داعش و دایكیان ئێزدییە، پەیوەست بە ئایین و ڕەچەڵەكیان.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەی پانۆرامای خولی گشتگیر | سەرنجی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | سەرنجی لیژنەی سیداو | سەرنجی لیژنەی نەهێشتنی جیاكاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی كەسانی كەمئەندام | ڕێككەوتننامەی پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ٢٩/ ٣٠/ ٣٢/ ٤٦ | ١٦/ ٨١ | ٣٦أ | | | ٢٣أ/ ٢٤أ/ ٤١/ ٤٢أ/ ٥٣أ/ ٥٤أ | - مافی كەسانی كەمئەندام/<br>- ڕێككەوتننامەی سیداو/ مافی منداڵ |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێكردن**

- پەرلەمانی هەرێمی كوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی.

- ➢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان.
- ➢ ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی بەدی هاتووە و پێشنیاز بۆ هەموارکردن.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ ئەگەر پێویست بوو، پرۆژەیاسایەك پێشکەش بکرێت.
- ♦ کارکردن بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای کاروباری کەسی تایبەت بە پێکهاتە ئایینیەکان.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ لە پاش پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکارت لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵ، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەك ساڵی کارکردن تەواو بێت.

**لقی پێنجەم: ماف و دەسکەوتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت**

**یاسای بەرکار: یاسای ماف و دەسکەوتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

عێراق چەندین کۆتا سەرنجی بە بۆنەی گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانەوە پێ گەیشتووە، کە پەیوەستن بە مافی مرۆڤ، گفتوگۆ لە بەردەم لیژنەکانی بەڵێنکاری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری وڵاتانی عەرەب و ئەنجومەنی مافی مرۆڤ، ئەوانەی پەیوەندییان بە کەسانی کەمئەندامەوە هەیە، داواشیان لێ کرد یاساکانی بە گوێرەی گونجانیان لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی هەموار بکرێن و گەیشتن بەوەی کەمئەندامان تەواوی مافیان پیادە بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای تەندروست دەروونی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ی دەرکرد، بە ئامانجی پاراستنی مافی نەخۆشانی دەروونی و دابینکردنی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆیان و دووبارە شیاندنەوەیان وەك توێژێکی کارا و چالاك لە کۆمەڵگەدا.

- وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ بە ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای تەندروستی دەروونی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣.
- گونجاندنی یاساکانی حکومەتی هەرێم، لە نێویاندا یاسای ماف و دەسکەوتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ ڕێککەوتننامەی مافی کەمئەندامان.
- کەسانی کەمئەندام بە یەکسانی و وەك کەسانی دیکە لە بەردەم یاسادا بناسرێن.
- مسۆگەرکردنی مافی کەمئەندام لە پیادەکردنی مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردن.
- ڕەتکردنەوەی دانانی سزای جەستەیی بە گوێرەی ماددەی ٤١/ بڕگەی ١ لە یاسای سزادان وەك سزایەکی یاسایی، کاتێك بریتی دەبێت لەوەی مێرد واژۆ لەسەر سزادانی جەستەیی هاوسەرەکەی بکات، یان دایك و باوك و مامۆستا لەسەر منداڵ، با ئەوە "لە چوارچێوەی بڕیاری یاسا، یان عورفیشدا بێت. "
- هەموارکردنی ڕێنمایی ڕەفتاری پیشەی پزیشکی ساڵی ١٩٥٨ و کەفالەتکردنی ئەوەی کەسانی کەمئەندام ئازادانە و بە بەرچاو ڕوونییەوە ڕازین کە لە توێژینەوەی پزیشکی، یان زانستی بەشدارییان پێ بکرێت.
- پاڵپشتیکردن لەو ڕێکارانە بۆ دەستەبەر کردنی مافی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێی بەدیهێنانی یاسا و ژێرخان و دام و دەزگای گونجاوەوە، دەگیرێنە بەر.
- ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئاسان جووڵەکردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بەدی بهێندرێت.
- ئاسانکاری بکرێت بۆ گەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە تەلاری قوتابخانە، مامۆستاش ئامادە بکرێن بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان و بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتی گەشەپێدانی منداڵ کە گونجاو و ئاراستە بە منداڵان کرابێت، بە گوێرەی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٤٠)ی بەڵێننامەکە.

- زیادکردنی ڕێژەی تایبەت بەم بوارە لە بودجەدا بە گوێرەی ڕێژەی کورت هێنان کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی پزیشکییەوە دیاری دەکرێت، ئەویش بەپێی پێوەری تایبەت کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات.
- بەشداریکردنی کەمئەندامان لە گەڵاڵەکردنی بڕیاری پەیوەست بە مافی ئەوان و بە تایبەتیش ئافرەتانی کەمئەندام.
- ڕەچاوکردنی بە ئاکام گەیاندنی ئامارێکی سەراپاگیری وردی تازە بۆ کەمئەندامان، کە بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز و جۆری کەمئەندامی و ڕێژەکەی لە بازاڕی کاردا، پۆلێن بکرێت.
- زیادکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بە بەشداریی کەمئەندامان، بە ئامانجی بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە مافی کەمئەندام و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری دژ بە ئەوان و بەهێزکردنی بەشداری کردنیان لە کاروباری سیاسی و گشتیدا.
- دەستەبەرکردنی ئەوەی کە تێکڕای ژنان و کچانی کەمئەندام خزمەتگوزاری کوالێتی بەرزیان بۆ دەستەبەر دەبێت، لە نێویاندا خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسی و زاوزێ، ڕێکاری ئاسان و ماقووڵیشیان بۆ دەستەبەر بێت.
- هەموارکردنەوەی سیستەمی سەروەسیەتی دەرهەق بە کەمئەندامی دەروونی کۆمەڵایەتی، یان عەقڵی، کە لە بڕگە ٢ی ماددەی ٤٦ و ماددەی ١٠٤ی یاسای مەدەنی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١دا هاتووە، هەروەها هەموارکردنی ماددەی ٩٤ و ٩٥ و ١٠٧ و ١٠٨ی یاسای مەدەنی و ماددەی ٧ لە یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، کە کەمئەندامی عەقڵ، یان دەروون- کۆمەڵایەتی بە شیان لە ڕووی یاساوە ناناسن .
- زیادکردنی بەشی تایبەت بەوان لە بواری کاردا، بە گوێرەی ماددەی (٤٠)/ بڕگە (٤)ی بەڵێننامەکە.
- هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی زاراوەی کەمئەندام، زاراوەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە جێی ئەو دابندرێت، چونکە لە ڕووی دەروونەوە کاریگەری کەمترە و باشتر لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەگونجێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ٣٢ | ٢٩٢ | ١٥٢/ ١٥٣/ ١٥٧/ ١٥٩/ ١٦١/ ١٦٣/ ١٦٥/ ١٦٦ | ٣٤/هـ | | ٧أ/ ٨/ ٩أ/ ١٠أ، ٢٣أ/ ٢٤أ/ ٢٧أ/ ٢٨أ/ ٢٩ج، د/ ٣٠د/ ٣٥أ/ ٣٦أ/ ٤٧/ ٤٨/ ٤٩ب/ ٥٠ب/ ٥٣أ/ ٥٤أ | -مافی کەمئەندام/ -بەڵێننامەی عەرەبی/ - هەردوو بەڵێننامە |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ئەنجومەنی داوەری.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی گواستنەوە.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- دەستەی گشتی کاروباری مین.
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی بەدی هاتووە و پێشنیازی هەموارکردن.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

- پەلەکردن لە پەسەندکردنی پێشنیازی پرۆژەیاسای ماف و دەسکەوتی کارمەندانی بواری کاروباری مین، کە لەلایەن دەستەی گشتی کاروباری مینەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە.
- پێشکەش کردنی پێشنیاز بۆ دەرکردنی ڕێنمایی لە چوارچێوەی ئەو یاسایەی پێشتر ناوی هات، سەبارەت بە زیاد کردنی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دەرفەتی کاردا.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم و هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکوومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بن.

## لقی شەشەم: جیاکاری ڕەگەزپەرستی

### یاسای بەرکار: یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥

ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، ئەوە لە دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێککەوتننامەیە دەخوازێت، یاساکانییان هەموار بکەن، بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری بە هەموو شێوەیەك، بەو جۆرەی لیژنەی تایبەتمەند بە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە لێکی دەداتەوە، لە ڕێی بە تاوان زانینی جیاکاری و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی سکاڵایەکان و پاراستنی کەمینەی ئەتنی و ئایینی (پێکهاتەکان). بە هەمان شێوە دەستووری عێراقیش لە گەلێك ماددەی جیاجیادا ئاماژەی بە قەدەغەکردنی جیاکاری دەرهەق بە مافی کەمینەکان (پێکهاتەکان) کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی پیادەکردنی کولتووری خۆیان و بەکارهێنانی زمانیان و بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی ئەوانی تێدان، هەوڵیش لە ئارادایە بۆ دەرکردنی یاسا بەو جۆرەی ئەو مەرجانەی نێودەوڵەتی و دەقەکانی دەستوور بگرێتەوە .

یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ بۆ ئەوە دەرچوو، مافی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووریی پێکهاتەکان بە گوێرەی یاسای ناوخۆ و نێودەوڵەتی بپارێزێت، هەروەها چەسپاندنی ڕۆحی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە نێوان هاووڵاتیانی کوردستانی عێراقدا.

- بە تەواوەتی ئاوێتەکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری ڕەگەزپەرستی لە نێو سیستەمی یاساییدا، بەو مەرجەی لە کاتی ناتەباییدا پێشینە بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەسەر یاساکانی ناوخۆ دەدرێت.
- دەرکردنی یاسایەك بۆ پاراستنی مافی کەمینەکانی ئایینی بۆ ساز کردنی زەمینەی پیادەکردنی مافی خۆیان لە ڕووی ئازادی خواپەرستییەوە.
- پەیڕەوکردنی یاسای ئەوتۆ کە ڕێ لە جیاکاری لەسەر بنەمای ئایین، یان باوەڕ، یان حەزی سێکسی و بە سزا گەیاندن دەرهەقیان، بگرێتە خۆ.
- چڕکردنەوەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری فرەلایەن، کە ژنانی کەمئەندامی سەر بە پێکهاتەی ئەتنی یان ئایین یان زمان، ڕووبەڕووی دەبنەوە.
- چڕکردنەوەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری فرەلایەن، کە ژنان و کچانی کەمئەندام ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەم ڕووەوە ڕێکاری کاریگەر بگیرێتە بەر.
- زۆر پوخت جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانەی ئامانجیان بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری فرەلایەنە، نەخاسمە جیاکاری دژ بە ژنانی کەمئەندام کە لە ناوچەی گوندنشیندا دەژین و ژنانی کەمئەندامی ئاوارە، یان پەنابەر یان کۆچبەر، هەروەها ژنانی کەمئەندامی سەر بە کەمینەی ئەتنیکی، یان ئایینی، یان زمان (ئەم ڕاسپاردەیە ڕاستەوخۆ ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا).
- بڵاو کردنەوەی کولتووری ناجیاکاری و ڕێزگرتن لە ئەوانی دی و لێبوردەیی، بەپێی بنەمای هاووڵاتی بوون و ڕێزگرتن لە فرەیی، ئەویش لە ڕێی زیادکردنی پرۆگرامی حکومەت، بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، کە ئامانجی پرۆگرامەکە بڵاوکردنەوەی کولتووری مافی مرۆڤە، لە نێویشیاندا گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردە، بەو مەرجەی ئەو پرۆگرامە بە بەشداری دامەزراوەکانی نیشتمانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێبەجێ بکرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٣/ ٤/ ٧/ ١٤/ ١٥/ ٢٠ | ٢٩/ ٩٨/ ٢٨٩ | ٣٣ | | ٨/ ١٠ | ١٣ب/ ١٤ب | -کۆتایی هێنان بە هەموو شێوەیەکی جیاکاری ڕەگەزپەرستی<br>-هەردوو پەیمان<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی بەدی هاتووە.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

**ماوەی جێبەجێکردن**

ئەم ڕاسپاردەیە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵ، جێبەجێ دەکرێت، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی حەوتەم: توندوتیژیی وابەستە بە سێکس و ڕزگاربووان لە تاوانەکانی داعشی تیرۆریست**

لە نێو تێکڕای ئەو پێشێلکارییانەی بە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کران، بە کۆیلە کردنی سێکس و توندوتیژی سێکسی. لە کاتی ئەو قەیرانەدا ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و دەستەگەلی پەیمانکاری سەرنجیان دا، لە عێراقدا کەلێنی یاسایی هەیە سەبارەت بە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم تاوانانە و هەندێك جۆرە توندوتیژی سێکسی. لەم چوارچێوەیەدا یاسای خانمانی ڕزگاربووی ئێزدی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ دەرچوو، لە ماوەی ئامادەکردنی پلان لە حکومەتی فیدراڵدا، سەرباری ئەو ئەرکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا بەجێی گەیاندووە.

- بە کۆیلەکردنی سێکسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە مەبەستی قۆرخکاری سێکسی، بە نایاسایی دابندرێن، کە تاوانی جودان لە ڕفاندن و بە بارمتە گرتن.
- بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانەی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی سێکسی قەدەغە دەکەن.
- پەیڕەوکردنی یاسایەك سەبارەت بە ڕزگاربووان لە دەستی ئەو تاوانانەی ڕێکخراوی داعش کردوونی، هەروەها مسۆگەرکردنی ئەوەی بە گوێرەی پێوەر و بنەمای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بن.
- گشتاندنی پرۆسەی ڕەچاوکردنی ڕوانگەی کەمئەندامی لە کارنامەی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (١٣٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ سەبارەت بە ئافرەت و ئاشتی و ئاسایش.
- کردنەوەی بنکەی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری یاسایی، بە مەبەستی بە ئاسان وەدەستهێنانی زانیاری لە قوربانی.
- هەنگاوی بەپەلە بگیرێتە بەر بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی پزیشکی و دەروونی و ماددی و جۆری دیکەی پشتیوانی بۆ قوربانیان و قەرەبووکردنەوەیان بە شێوەیەکی گونجاو، کە بریتییە لە گەڕاندنەوەی ماف و قەرەبوو و دووبارە شیاندنەوە و ڕازیکردن و گەرەنتی دووبارەنەبوونەوەیان پێبدرێت.

- دابینکردنی پەناگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕزگاربووان.
- هەموو ڕێوشوێن و ڕێکارێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژن و کچانەی هێشتا لەدەست ڕێکخراوی تیرۆریستیدا ماون، تاوانبارانیش ڕادەستی دادگا بکرێن.
- یارمەتی ئەو ژن و منداڵانە بدرێت کە قوربانی توندوتیژین و ئازاد دەکرێن یان لە کۆیلایەتی و ڕفاندن ڕزگار دەکرێن، ئنجا ئاسانکردنی ڕێکاری بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری یاسایی و مرۆیی بۆ ڕزگاربووان.
- گشتاندنی ڕەچاوکردنی سێکسە دیدگا لە سیاسەتی پەیوەندیدار بە بابەتی کەمئەندام و نەگشتاندنی ڕەچاوکردنی دیدگای کەمئەندامی لە یاسا و سیاسەتی پەیوەندیدار بە بابەتی سێکسەوە، وەك ستراتیژی نیشتمانی بۆ گەشە پێدانی واقیعی ژنانی عێراق بۆ ماوەی ٢٠١٤- ٢٠١٨، هەروەها ستراتیژی نیشتمانی بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت ٢٠١٣، هەروەها کارنامەی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (١٣٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ سەبارەت بە ئافرەت و ئاشتی و ئاسایش بۆ ماوەی ٢٠١٤- ٢٠١٨، هەروەها ستراتیژی نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠١٣- ٢٠١٩.
- بە بەشدارییەکی کردەنی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ژنان و کچانی پەیوەندیدار دەکەن، ڕێکاری کاریگەر بگیرێتە بەر بۆ گشتاندنی بابەتی ڕەچاوکردنی دۆخی کەمئەندامی لە هەموو سیاسەت و یاسایەکی پەیوەندیدار بە لایەنی سێکسەوە، لەوانە پرۆژەیاسای پاراستن لە توندوتیژی خێزانی، هەروەها بۆ گشتاندنی بابەتی ڕەچاوکردنی ڕوانگەی سێکسی لە هەموو سیاسەت و یاساڕێژیەکی پەیوەندیدار بە کەمئەندامی.
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی پرۆژەیاسای پاراستن لە توندوتیژی نێو خێزان لە کۆمەڵگەدا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ماددەی ٣/ ٤/ ٧/ ١٤/ ١٥/ ٢٠ | ٢٩/ ٩٨/ ٢٨٩ | ٣٣ | | ٨/ ١٠ | ١٣ب/ ١٤ب | -کۆتایی هێنان بە هەموو شێوەیەکی جیاکاری ڕەگەزپەرستی<br>-هەردوو پەیمان<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ئەنجومەنی دادوەری.
- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردن.
- نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.

- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی توێژینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەش کردنی پرۆژەیاسایەك.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاسایەك لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی هەشتەم: بیمەی تەندروستی**

کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی گشتی و گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاووڵاتیان بە باشترین شێوە، و هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی بەپێی پێوەری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان، هەروەها کار دەکات بۆ دانانی پرۆژە یاسای مافەکانی نەخۆش و دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەرك و مافی پزیشکان.

ئەمەی خوارەوە گشت ڕاسپاردەکانی تایبەت بە بیمەی تەندروستی:

- دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت بە هەرێم، بەو جۆرەی چاودێری تەندروستی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ دەستەبەر بکات. لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە یاسای بیمەی تەندروستی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ دەرچووە.
- زیادکردنی بودجەی تایبەت بە کەرتی تەندروستی.
- ئەو دەرمانەی هاوردە دەکرێت، بە مەرجی چاودێری و کوالێتی کۆنترۆڵ بێت.
- کەمکردنەوەی خەرجی بەرزی چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی کەرتی تایبەتدا.
- ئامادەکردنی گەڵاڵەیەك بۆ کڕینی دەرمان و پێداویست و ئامێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پەیوەندیدار، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ڕەچاوکردنی بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی لە کێبڕکێی کەمکردنەوەی کراوە و دیاریکراو، جا چ نیشتمانی بێت، یان نێودەوڵەتی، ئەمە ئەرکی دەسەڵاتی گرێبەستکردنە لە هەرێمدا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ماددەی ٣١ | | ٣١ | | | | -بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوور<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ➢ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ➢ ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- ➢ وەزارەتی تەندروستی.
- ➢ وەزارەتی پلاندانان.
- ➢ وەزارەتی دارایی.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ لە پاش پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکوومەتی فیدراڵ، بەو مەرجەی توێژینەوە و پرۆژەیاسایەك لە یەکەمین ساڵی کارکردن تەواو بکرێن.

**لقی نۆیەم: ئەشکەنجە و شوێنبزرکردنی بەزۆر**

ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و لیژنەکانی بەڵێنکار و میکانیزمی پانۆڕامای خولی گشتگیر، بەردەوام دەبن لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و سەرنج سەبارەت بەوەی پێویستە یاساکانی عێراق هەموار بکرێن، بەو جۆرەی جێبەجێکردنی کارای ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە، لە نێویاندا ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی ئەشکەنجە و ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسێك لە شوێن بزرکردنی بەزۆر، بە شێوەیەکی تایبەتیش پشت بە یاساکارییەکی ئەوتۆ ببەسترێت، بۆ بە ئاشکرا ناسینی تاوانی ئەشکەنجە بەو جۆرەی ڕێککەوتننامەکە باسی دەکات، هەروەها زۆر بە ڕوونی تاوانی شوێن بزرکردنیش پێناسە بکرێت، سەرباری دەقی دیکە کە لە هەردوو ڕێککەوتننامەکە و بەڵێننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤدا هاتوون.

- یاسایەك دابندرێت کە هەموو جۆرە سزایەکی جەستەیی قەدەغە بکات، بەو جۆرەی لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و شوێن بزربوونی بەزۆر بگونجێت.
- بە تاوان ناسینی شوێن بزرکردنی بەزۆر، کە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتییە، ئەویش بەپێی دەقی ئەو پێوەرانەی لە مادده (٥)ی ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسێك لە شوێن بزرکردنی بەزۆردا هاتوون.
- لە یاسای نیشتمانیدا پێناسەیەك بۆ تاوانی ئەشکەنجە دابندرێت، بەو جۆرەی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و جۆرەکانی دیکەی ڕەفتار، یان سزای سەخت، یان نامرۆڤانە، یان سووکامێزی ساڵی ١٩٨٧ بگونجێت، تاوانی ئەشکەنجە بە تاوانێکی فرە مەترسیدار دابندرێت، سزای ئەنجامدەریشی توندتر بکرێت، مافی قەرەبووکردنەوەی قوربانیش مسۆگەر بکرێت.
- لە یاسای نیشتمانیدا شوێن بزرکردنی بەزۆر وەك تاوانی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، ئەویش بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی لە مادده (٢)ی ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسێك لە شوێن بزرکردنی بەزۆردا هاتووە، بەوەی هەندێك کردار لە یاسای سزاکاری عێراقدا بە ناونیشانی شوێن بزرکردنی بەزۆردا تۆمار کراون، لەوانە دەسگیرکردن، یان بەندکردن، یان ڕفاندن، هەموو ئەم کردارانە بە شوێن بزرکردنی بەزۆر دادەندرێن، کاتێك لەلایەن قەوارەی نادەوڵەتەوە دەکرێن.
- دانانی میکانیزمی چاودێری لە پێناو ڕێگرتن لە ئەشکەنجە و جۆرەکانی دیکەی ڕەفتاری سەخت، یان نامرۆڤانە، یان پیشەیبیانە لە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی ئازادیی کەمئەندامیان تێدا زەوت دەکرێت، هەروەها دانانی میکانیزمێك بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا، بەو چەشنەی کەمئەندام بە ئاسانی بتوانێت پەنای بۆ ببات.
- هەموارکردنی ماددەی ٤١/ بڕگەی ١ لە یاسای سزادان یان ڕەتکردنەوەی، یاسایەکیش دابندرێت کە هەموو جۆرە سزایەکی جەستە بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بکرێت، هەروەها قەدەغەکردنی توندوتیژی و ئەشکەنجەش جێبەجێ بکرێت کە لە بڕگە ٤ی ماددەی ٢٩ و لە بڕگە (١/ج)ی ماددەی ٣٧ی دەستوور و لە هەردوو ماددەی ٣٣٣ و ٤٢١ی یاسای سزادان‌دا هاتوون.
- بەدواداچوون بۆ هەموو شێوەیەکی ئەشکەنجە بکرێت (ئەگەر هەبێت)، لە هەموو قۆناغەکانی دۆسێی سزاکاری کە سەرپێچی مافی مرۆڤانەی تاکی تێدا کرابێت.
- بەردەوامبوون لە گونجاندنی پەیڕەوکردنی پرۆژەیاساکانی، بەو جۆرەی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی شوێن بزرکردنی بەزۆردا کۆك دەبن .

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٣٧/١٩ | ٣٧/ ١٥٢ | ٥٢ | | | ٢٩ب/ ٣٠ب/ ٢٩ج/ ٣٠ج | - دژایەتیکردنی ئەشکەنجە/ - شوێن بزرکردنی بە زۆر/ مەدەنی و سیاسی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.

- ➢ وەزارەتی تەندروستی.
- ➢ گواستنەوە و گەیاندن.
- ➢ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ دژەتیرۆر- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایەك.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی دەیەم: تاوانی نێودەوڵەتی**

ڕەشنووسی پرۆژەیاسای دادگای کەتنی تایبەت بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە، لەلایەن پسپۆڕانیشەوە زۆر بە وردی خوێندراوەتەوە، لە پەرلەمانی کوردستانیش یەکەمین خوێندنەوەی بۆ کرا، تاوانی کۆکوژ (جینۆساید)، تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، لە ڕەشنووسی یاسایەکەدا خراونەتە نێو تاوانی نێودەوڵەتییەوە.

-بڕیاری دانانی یاسایەك تاوانی نێودەوڵەتی قەدەغە بکات کە تاوانی کۆکوژ (جینۆساید) و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی بگرێتەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٨/٧ | ٤٤ | | | | | کاراکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٣٧٩)ی ساڵی ٢٠١٧ |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ➢ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ➢ ئەنجومەنی دادوەری.
- ➢ ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ دژەتیرۆر- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ وەزارەتی پێشمەرگە.
- ➢ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاسایەك لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەستپێکردنی کاردا تەواو بن.

**لقی یازدەیەم: توندوتیژیی خێزانی**

**یاسای بەرکار: یاسای دژایەتیکردنی توندوتیژیی ناو خێزان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

لەبەر ڕۆشنایی چوونی عێراق بۆ نێو ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی دژ بە ئافرەت و بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەی توندوتیژی خێزان، یاسایەکی تایبەت بە دژایەتیکردنی توندوتیژی ناو خێزان بە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەرکرا. ئەو یاسایە یەکەمین یاسای هاوچەشنی خۆیەتی لە عێراقدا، یاسایەکە ١٣ حاڵەت لە حاڵەتەکانی دەستدرێژی نێو خێزان و قۆرخکردنی ژنی بە تاوان ناسیوە، بۆ هەر حاڵەتێکیش سزای کاریگەری بڕیار داوە، هەروەها دادگای تایبەت بە توندوتیژی ناو خێزان پێکهێندراون.

- بڵاو کردنەوەی کولتووری جیاوازی نەکردن لە ڕێی زیادکردنی بەرنامەکانی حکومەت و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئامانجداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- پەیڕەوکردنی پرۆژەیاسای پەیوەست بە توندوتیژی نێوماڵ و گۆڕینی ئەو یاسایەی ڕێ بە پاساوهێنانەوە بە ناموس وەك داکۆکیکردنێکی یاسایی لە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.
- پاراستنی ئەو ژنانەی هانا لە دەست حاڵەتەکانی توندوتیژیی نێو خێزان دەبەن.
- گرتنە بەری ڕێوشوێنی کارا بە بەشدارییەکی کردەنی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ژنان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی ڕوانگەی کەمئەندامی لە هەموو سیاسەت و یاساکاری پەیوەندیدار بە پرسی سێکسی، لە نێو پرۆژەیاسای پاراستن لە توندوتیژیی نێو خێزان، هەروەها بۆ گشتاندنی ڕوانگەی سێکسانە لە هەموو سیاسەت و یاساکاری پەیوەندیدار بە پرسی کەمئەندامییەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ٢٩/ ٣٠ | ٦١/ ٦٨/ ٧٦/ ٧٩/ ٩٠/ ٢٥٤/ ٦٦/ ٢٦١/ ٨٠/ ١٣٨/ ١٥١ | ١٠١ | ١٤ج | | ١٣أ/ ١٤أ | -ڕێککەوتننامەی سیداو/ - ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ/ - هەردوو پەیماننامە |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ وەزارەتی تەندروستی.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

ماوەی جێبەجێکردن

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی دوازدەیەم: ئازادیی ڕا دەربڕین و گەیشتن بە زانیاری**

**یاسای بەرکار: یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان- عێراق**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٣٨) لە دەستووری عێراق و حوکمەکانی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و کارا کۆمێنتی لیژنەی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ، حکومەتی هەرێم یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری دەرکرد، بە ئامانجی چەسپاندنی بنەمای ڕونکاری (شەفافیەت) و بەشداریی کارا لە پرۆسەی دیموکراسی و ڕێکخستنی پێدانی زانیاری ڕاست و دەستەبەرکردنی کەشێکی باشتر بۆ پەخش و ئازادی ڕا دەربڕین.

- پەیڕەوکردنی پرۆژەیاسایەك لەبارەی ئازادی ڕا دەربڕین و گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتییانە، وێڕای پابەندبوونی تەواو بە یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و ماددەکانی بەڵێننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ.
- چڕکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەبارەی میکانیزمی ئازادی گەیشتن بە زانیاری لە چاوگی فەرمی و چۆنیەتی دەستاودەست پێکردنی بەو جۆرەی لەگەڵ پێوەری پەیوەندیداری نێودەوڵەتیدا دەگونجێت.
- ئاشکراکردنی جێبەجێکردن یان نەکردنی خواستی خۆپیشاندەران لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکەی.
- بە فەرمی ناسینی زمانی ئاماژە، کورتهێنانی ژمارەی بەرنامەکانی مەشقی پیشەیی لە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئاماژە، هەروەها سنووردداربوونی بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندام لە گوتنەوەی وانەی زمانی ئاماژە و پشت بەستن بە وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٣٢/ ٣٨ | ١٨٧ | ٨٨ | | | ٣٩أ/ ٤٠أ | - کەمئەندامی<br>- هەردوو بەڵێننامە/<br>-پەیماننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ➢ داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.
- ➢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایس- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- تەواوکردنی تەدارەکی جێبەجێکردنی یاساکە و کردنەوەی فەرمانگە و بەش لەلایەن حکومەتەوە.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ لە پاش پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردنەوە تەواو بکرێن.

**لقی سێزدەیەم: پاراستنی ڕۆژنامەنووسان**

**یاسای بەرکار: یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

دەرکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە حکومەتی هەرێم ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو سازکردنی ژینگەیەکی ئارامی کارکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخستنی کارەکەیان.

- دانانی میکانیزمێك سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرچاوەی ڕەسەن و فەرمییەوە، لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە.
- چەند پاتکردنەوەی کار بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووس و لێپرسینەوە لەوانەی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بۆ مەبەستی دیکە بەکار دەهێنن، کە کار لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت دەکات و ڕێ گرتن لە دەربازبونیان لە سزا.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ڕێکی و بەردەوام چاودێری چالاکی ڕۆژنامەنووسان بکات.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەی پانۆرامای خولی گشتگیر | سەرنجی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | سەرنجی لیژنەی سیداو | سەرنجی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٣٨ | ٧١/ ١٩٥ | ٩٢ | | | | -هەردوو پەیمان/ - پەیماننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- داواکاری گشتیی- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

سەندیکای **ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.**

**گشت پارێزگار** و ئیدارە سەربەخۆکان.

نووسینگەی **ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.**

**دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.**

**ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.**

**چالاکوانانی مەدەنی.**

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- تەواوکردنی پرۆژەیاساکانی میدیای بینڕاو، بیستراو و ئەلیکترۆنی لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ لە دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەستپێدەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## لقی چواردەیەم: ڕەگەزنامە

گەلێك دەستەی پەیمانکاری کۆتا سەرنجی خۆیان سەبارەت بە هەموارکردنی یاسای ڕەگەزنامەی عێراق پێشکەش کردووە، بەو چەشنەی یەکسانی لە ڕەفتار لە نێوان ژن و پیاودا دەستەبەر دەکات، داد و ماف بۆ هەندێك گرووپی کۆمەڵگەی عێراق دەگەڕێنێتەوە، ئەوانەی لە ڕووی پێدانی ڕەگەزنامەوە جیاکارییان لەگەڵدا کراوە، بە گوێرەی دەستووری عێراق و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسی و ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ئافرەت و ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ و پەیماننامەی عەرەب بۆ مافی مرۆڤ، حکومەتی عێراق هەموارێکی بۆ یاسای ڕەگەزنامەی عێراق پێشکەش کرد، ئەو هەمواره جارێکی دی بۆ حکومەتی عێراق گەڕێندرایەوە، هەر بۆیە دەکرێ لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازانە بکرێت کە بە گوێرەی ڕاسپاردەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرێن، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە پرۆژەیاساکەی ئێستا بکرێن.

- هەموارکردنی یاسای ڕەگەزنامە ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە ڕووی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و گواستنەوە و هێشتنەوە و گۆڕینی.
- هەموارکردنی حوکمەکانی تەمیز لە مادده (٤)ی یاسای ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٦ سەبارەت بە ڕەگەزنامە.
- مسۆگەرکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسا و گەڵاڵەنامەی پەیوەند بە بەدەستهێنان و بەدەستهێنانەوە و گواستنەوەی ڕەگەزنامە، بە بێ جیاوازی بەسەر هەموو کەسێکدا، ڕێکاری پێویستیش بگیرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی حاڵەتی نەبونی ناسنامە. لیژنەکە ڕاسپاردەی ئەوەشی هەیە کە دەوڵەتی لایەن لە بابەتەکە، لە پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی بێ ناسنامەیی ساڵی ١٩٦١ و ڕێککەوتننامەی پەیوەندیدار بە ڕەوشی کەسانی بێ ناسنامەی ساڵی ١٩٥٤ بڕوانێت.
- زۆر پێویستە هەموو منداڵانی کەمئەندام تۆمار بکرێن و ڕێ لەوەش بگیرێت کە بکەونە دۆخی بێ ناسنامەییەوە.
- ڕێکاری تایبەت بگیرێتە بەر بۆ باشکردنی پرۆسەی ئاوێتەکردنی (ڕوما) لە نێو جڤاکدا، بە شێوازێکی وا لە نمونەی زۆر بە توندی بەرەو ڕووی ئەو هەژارییە ببینەوە کە بەرۆکی گرتوون و مسۆگەرکردنی چاودێری تەندروستی و دەرفەتی کار بۆ ئەوان، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی گشتی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ سەبارەت بە جیاکاری دژ بە (ڕوما)، کە ڕێکاری کردەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی کارای جیاکاری و پەراوێزکاری لەلایەن دەوڵەتی پەیوەندیدارەوە بگیرێتە بەر لە ڕووی فێرکردن و نیشتەجێبونەوە. ڕاسپاردەی لیژنەکە وایە کە دەوڵەتی پەیوەندیدار ناسنامەی یەکگرتووی فەرمی بە تێکڕای ئەندامانی گرووپی ڕوما، بەبێ جیاوازی، ببەخشێت.
- پەلە کردن لە گەڕاندنەوەی ڕەگەزنامە بۆ کوردی فەیلی، لە ڕێی ئاسانکردنی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە بە شێوازی وەك نەهێشتنی بەربەستی کارگێڕی لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکەدا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ١٨ | ٩٧ | | ٢٨أ/ ٢٨ب | ٣٠/ ٣٤/ ٣٦ | ٣٣/ ٣٤ | بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری/ - ڕێککەوتننامەی سیداو/ - ڕێککەوتننامەی منداڵ/- هەردوو بەڵێننامە |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- ئەنجومەنی باڵای دادوەری.
- ئەنجومەنی دەوڵەت.
- ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی بەدەست هاتووە و پێشنیاز بۆ هەموارکردن.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك.

ماوەی جێبەجێکردن

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی توێژینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو ببن.

**لقی پازدەیەم: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر**

**یاسای بەرکار: یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی و پاراستنی ژیان و ئازادی ئەندامانی کۆمەڵ لە مەترسی، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دەرکرد. هەرێمی کوردستان هێشتا ڕووبەڕووی مەترسی تیرۆر بە هەموو شێوەکانی دەبێتەوە، زیانی زۆر و گەورەی بە گیانی هاووڵاتیانی هەرێم و موڵك و سامانی ئەوان و دامەزراوە شەرعییەکان گەیاندووە. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٨، درێژ کرایەوە، لەبەرئەوەی دوایین هەمواری یاسایەکە ماوەی دیاری نەکردووە، بۆیە چی دی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویستی بە درێژکردنەوەی ماوەکەی نییە.

- مسۆگەرکردنی دادگاییکردنێکی دادوەرانە بۆ تۆمەتباران.
- سزای لە سێدارەدان تەنیا بۆ مەترسیدارترین تاوان بێت.
- لەناوبردن تاوانی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی لە ڕێگای دانانی شێوازی خۆپارێزی لەم تاوانانە بە دەرکردنی تەشریعێکی تایبەت بەم تاوانە.
- چالاك کردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و ئیدارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی لە ڕێگای سیستەمێکی ئاسایشی خۆپارێزی.
- پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرەکانی تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی و کار کردن بۆ دیراسەت کردنی پێش هاتەکان و چاودێری کردنیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٧/ ١٩ | ١٣٢ | | | | | -بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە<br>- بەرەنگاربوونەوەی شوێن بزرکردنی بەزۆر |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم - وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها پێشنیازی درێژکردنەوەی یاساکە. کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەبێت، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی شازدەیەم: بیمەی کۆمەڵایەتی**

بە ئامانجی ئەوەی هاوشانی گۆڕانکاری و گەشەی نێو بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان بڕۆین و پشتگیریکردن لە کرێکار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و کۆمەڵایەتی ئەو و مافی و دەستکەوتی زیاتری پێ بدرێت لە کەرتی تایبەت و تێکەڵ و هەرەوەزدا، بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢، هەندێك ماددەی ئەو یاسایە هەموار کران. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ بە ناوی (هەموارە یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١)، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە.

- هەموارکردنی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ (یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران).
- هەموارکردنی یاسای کار بۆ مسۆگەرکردنی مافی ئافرەتانی کرێکار لە هەموو بوارێکدا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٣٠ | | ١٢٤ | | | | - مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری<br>- بەرەنگاربوونەوەی جیاوازیی ڕەگەزپەرستی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم - وەزارەتی داد.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی دارایی.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو و پێشنیازی هەموارکردن.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ لە پاش پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

### لقی حەڤدەیەم: شوێنەوار و کەلەپوور

کاری لە پێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی خزمەتگوزاری بریتییە لە پاراستنی شوێنەوار، ئەم ئەرکە خراوەتە نێو کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمەوە، بە بەشێکی دانەبڕاو لە سامانی کەلەپوور و مێژوومان دادەنرێت، کە پاراستنی ئەرکێکی نیشتمانییە و جەخت دەکاتە سەر بەهێزکردنی میکانیزمی کارا بۆ ئەوەی بە گوێرەی پێوەری باو بکرێن بە شوێنی گەشتیاری. پەرلەمانی کوردستان یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان ئەرێ کرد، بەم زووانەش لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاوی دەکاتەوە.

- دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
- تازەکردنەوە و تەواوکردنی ئەو یاسا و سیاسەتەی پەیوەندی بە دووبارە شیاندنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیری و نۆژەنکردنەوە و پاراستنیەوە هەیە.
- بەهێزکردنی میکانیزمی کارا بۆ ئەوەی بە گوێرەی پێوەری باو، ببن بە چاوگی گەشتیاری.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٣/ ٣٥ | ٦٥ | | | | | - مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری/ دژایەتیکردنی جیاوازیی ڕەگەزی/ -پەیماننامەی عەرەب |

### لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن

- ➢ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ➢ ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- ➢ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- ➢ وەزارەتی دارایی.
- ➢ وەزارەتی پلاندانان.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

### میکانیزمی جێبەجێکردن

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو، هەروەها لەبارەی پێشنیازەکانی هەموارکردنەوە.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمدا.

### ماوەی جێبەجێکردن

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## لقی هەژدەیەم: مافی پەنابەری

لە پاش هێرش و پەلاماری داعش، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە نزیکەی ٢٣% زیادی بکات، ئەمەش بارێکی قورسی ئابووری و دارایی خستە سەر هەرێم. لە ئەیلوولی ٢٠١٤شدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق بە بەشداری ڕێکخراوەکانی ناحکومی، پلانێکی هاوبەشیان سەبارەت بە کاری لە پێشینە دارشت، پەیوەست بە چۆنیەتی بەدەنگەوەچوونی پێداویستی هەرە بەپەلەیان لە بواری نیشتەجێ و خۆراك و تەندروستی و ئاو و ئاوەڕۆ و پاك و خاوێنی تەندروستی، هەروەها هەندێك ئاماژەش سەبارەت بە پێشینەی بنەڕەتی خوێندنیش لەو بەڵگەنامەیەدا.

-پەیڕەوکردنی پرۆژەیاسای پەنابەران و جێبەجێکردنی، بۆ مسۆگەرکردنی چوارچێوەیەکی گونجاوی یاسایی بۆ پاراستنی پەنابەران و کەسانێك کە هەڵوەدای پەنابەرین، بە گوێرەی بنەماکانی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدا نراوە.

-گرتنەبەری ڕێکاری پێویست کە ڕەفتارکردن لەگەڵ هەموو پەنابەر و ئاوارەیەکی ناوخۆ بەو جۆرە مسۆگەر بکات کە جیاکاری تێدا نەبێت و بەپێی یاسا بە یەکسانی لە پاراستن بەهرەمەند دەبن.

-پاراستنی پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ و پێداویستی سەرەکییان بۆ دابین بکرێت کە کارەبا و ئاو و چاودێری تەندروستی و خۆراکی پێویست و خزمەتگوزاری دیکەیان بۆ دابین بکرێت، بەو شێوازەی وەك هاوکاری بێت لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی دیکەی پەیوەندیدار بە کاروباری پەنابەران و ئاژانسی مرۆیی.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢١ | | | ٤٠د | ٣٨أ/ ب | | - مافی مەدەنی و سیاسی/<br>-دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

### لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی کارەبا.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- کۆمەڵگەی تایبەتمەندی مەدەنی .
- چالاکوانانی مەدەنی.

### میکانیزمی جێبەجێکردن

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها پێشنیارەکانی هەموارکردن.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك.

### ماوەی جێبەجێکردن

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

### لقی نۆزدەیەم: مافی قەرەبووکردنەوە

کـارێکی لە پێشــینەی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان لە ئاســتی خزمەتگوزاریــدا، بــریتییە لە پێشکەشــکردنی هەمــوو خزمەتگوزارییەك بـۆ قوربانیـانی جەنـگ و بریـندار و قوربانیـانی شـاڵاوەکانی جینۆسـاید، هەمـوو ئەوانە خـرانە کارنـامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، حکومەتی هەرێم بە لیستەکاندا دەچێتەوە بـۆ دیـاریکردنی ئەوانەی ئەو مافانە دەیانگرێتەوە.

بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیـانی ئەو تاوانـانەی دەرهەق بە هاووڵاتیـان لە هەرێمـی کوردسـتاندا کـراون، لیژنەیەکـی بـاڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی (سـەڵاحەددین، سلێمانی، دهـۆك) پێکهێنـراوە، بە ئامـانجی ئەوەی هەر لە سـەرەتاوە پشـت بە بەڵـگەی جـێ متمـانە و پێـوەری بـاوی نێـودەوڵەتی ببەسـترێت، لەوانە سـەرژمێری ١٩٥٧، بـۆ قەرەبـووکردنەوەی هەمـوو زیانمەنـدانی دانیشـتوی هەرێمـی کوردسـتان لە مـاوەی سـاڵانی ١٩٦١ــەوە تـا ٢٠٠٣. لە هەرێمـی کوردسـتاندا (یاسـای قەرەبـووکردنەوەی بەنـدی و حوکمدراو لە کـاتی سـاغبوونەوەی بـێ تـاوان بـوونی و ئـازادکردنی) ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠١٠، دەرچووە.

- هەر کەسـێك بـێ تـاوان بـوونی بە گـوێرەی حـوکمێکی لێبـڕاوە سـەپا، قەرەبـووکردنەوەی زیـانی مـاوەی گـرتن و بە زۆر بەندکردنی، یان بە نایاسایی بەندکردنی، مسۆگەر بکرێت.
- کاریگەری ململانێی چەکداری و جۆرە توندوتیژی دیکە کە دەرهەق بە خەڵکی سڤیل دەکرێت و ئاوارەکردنیـان لە دەوڵەتـی لایەن (پەیوەندیدار) بە کەمئەندام و کەسانی دیکەوە، هەروەها زۆربوونی ژمارەی کەمئەندام لە ئاکامی بریـندارانی ململانـێ و لە ئاکامی کەمی خزمەتگوزاری پزیشکی و ، خزمەتگوزاری دیکەی بنەڕەتییەوە، نەخاسمە لە هەرێمی کوردستاندا.
- بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئاوارە لە عێراقدا کە ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیـاری ژمـارە (٤١٤)ی سـاڵی ٢٠١٥ بڕیـاری لەسـەر داوە، ئاماژەی بە پێشکەشکردنی پشتیوانی تاکە کەس بۆ کەمئەندامان لە حاڵەتی کتوپڕدا نەکردووە.
- جێبەجێکردنی یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانمەندانی شەڕ و هەڵەی سەربازی و تیرۆر ژمارە (٧٥)ی ساڵی ٢٠١٥.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٧٤ | | | ٢١أ/ ٢٢أ | -دژایەتیکردنی ئەشکەنجە<br>- هەردوو بەڵێننامە - بەرەنگاربوونەوەی شوێن بزرکردنی بەزۆر/ بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- ➢ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ➢ ئەنجومەنی دادوەری.
- ➢ ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- ➢ وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان.
- ➢ وەزارەتی پێشمەرگە.
- ➢ وەزارەتی دارایی.
- ➢ دەستەی گشتی کاروباری مین.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەك، ئەگەر پێویست بوو.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە ماوەی یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی بیستەم: پارتە سیاسییەکان**

یاسای پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە، هەروەها یاسایەکی تایبەت بە پارەدارکردنی پارتەکان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ش دەرچووە. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت، ڕێژەی ئافرەتانی لە نێو کاندیدان بەو جۆرە پەیڕەو کردووە کە ٣٠% کەمتر نەبێت.

- بە تەواوی جێبەجێکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان، بەو جۆرەی کاری دروستی سیاسی مسۆگەر بکات.
- ڕەتکردنەوەی ئەو حوکمە جیاکارانەی ڕێ بە کەمئەندامی عەقڵ یان دەروون- کۆمەڵایەتی نادەن مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردن پیادە بکەن و بەشداریکردنیان لە سیاسەت و ژیانی گشتی مسۆگەر بکرێت.
- بەدیهێنانی نوێنەرایەتییەکی یەکسان لە پۆستی باڵا و نوێنەرانی دیپلۆمات و بواری مەدەنی و دادوەری بۆ ژن و پیاو.
- یاسایەك بڕیار بدرێت پارتە سیاسییەکان ناچار بکات لە هەڵبژاردندا بە لای کەمەوە ٢٥%ی کاندیدانیان ژن بن.
- کارا کردنی پرۆسەی بەشداریکردنی کەمئەندام لە هەڵبژاردن و لادانی ئەو کۆت و بەندەی ڕێ لە بەشداریکردنیان دەگرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاررەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ١٦/ ٢٠/ ٤٩ | | ٨٠ | ٢٦أ/ ٢٦ب | | ٥٣أ/ ٥٤أ | -ڕێککەوتننامەی سیداو/ هەردوو بەڵێننامە - پەیماننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن**

- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن.
- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردەیە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

**لقی بیست و یەکەم: مافی منداڵ**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەشنووسی پرۆژەیاسایەك بۆ پاراستنی مافی منداڵ ئامادە کردووە. هەرچەندە تا ئێستا یاسای پاراستنی مافی منداڵ دەرنەچووە، بەڵام حکومەتی هەرێم لە ڕێی یاسای دیکەوە، کە ئاماژە بە مسۆگەرکردنی مافیان دەکەن، مافی ئەوانی پاراستووە.

- بڕیاردانی یاسایەکی تایبەت بە منداڵ بۆ مسۆگەرکردنی مافی و گرتنە بەری ڕێکاری گونجاو بۆ جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی کارا .

- پێویستە هەموو ئەو مافانەی ڕێککەوتننامەکە بۆ منداڵانی کەمئەندام گرتوویەتیە ئەستۆ، لەو یاسایەدا بەرجەستە بن کە بڕیار دەدرێت.
- گشتاندنی مافی کەمئەندام لەو یاسا و ستراتیژ و پلانانەی کار لە هەرێمدا، کە پەیوەندییان بە منداڵەوە هەیە.
- پیادەکردنی باشترین بەرژەوەند بۆ منداڵ وەك پێوەرێکی بنەڕەت لە هەموو ڕێکارێکی یاسایی و یاسادانانەدا.
- سزادانی چەکدارکردنی منداڵ و بەشداری پێکردنی لە ململانێی چەکداریدا.
- ڕەچاوکردنی مافی کەمئەندام و سیاسەتی نیشتمانی بۆ پاراستنی مافی منداڵ.
- پاراستنی منداڵ لە توندوتیژی و دەستدرێژی و بەکارهێنانی لە سێکسدا و تەرخانکردنی داهاتی پێویست بۆ دووبارە شیاندنەوەی لە نێو کۆمەڵ.
- ڕاسپاردەی لیژنەکە بۆ دەوڵەتی لایەن ئەوەیە، هەموو ڕێکارێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی منداڵ لە توندوتیژی و دەستدرێژی و بەکارهێنانی لە سێکسدا و ئازادکردنی هەموو ئەو منداڵانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە دیل گرتوونی، بۆ خێزانەکانیان بگەڕێندرێنەوە، هەموو خزمەتگوزاریەکی پێویستی تەندروستی و دەروونیشیان پێشکەش بکرێت. لیژنەکە ڕاسپاردەی ئەوەشی هەیە کە دەرامەتی مرۆیی و تەکنیك و دارایی پێویست بۆ بنکەکانی بریتی چاودێری و خزمەتگوزاری پاراستنی منداڵانی پەیوەندیدار زیاد بکرێت، لە پێناو ئاسان شیاندنەوەی ئەو منداڵانەی لەوێدان و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان لە نێو خێزان و کۆمەڵدا.
- بەتینکردنی کاری دەستەی چاودێری منداڵ و پاڵپشتی بکرێت بۆ ئەوەی باش ئەرکی مافی منداڵ و چارەسەرکردنی پرسەکانی بە خێرایی و کارا بن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢٩/ ٣٠/ ٣٢/ ٣٤ | ٢٧١/ ٢٧٤ | ٦٢/ ١١٠/ ١١١/ ١١٢ | | | ١٥أ/ ١٦أ | - کەمئەندام/ -هەردوو پەیماننامە -بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنە پشتگیرەکان**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارتی پەروەردە.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## لقی بیست و دووەم: بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان

حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان درێـژەی بە بەرنـامەی خـۆی داوە، کە ئامـانجی باشـکردنی هەلـومەرج و پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاری پێویستە لە بواری چاکسازیدا، ئەویش لە ڕێی دروسـتکردنی دامەزراوەی نـوێ بـۆ گلـدانەوە، سـەرباری دانـانی بەرنامە بۆ شـیاندنەوە. حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەر زوو هـاتە دەسـت لە ڕووی ئەو گوتـانەی لەبـارەی ئەشـکەنجە و ڕەفتاری خراپ لە ناوەندەکانی گلـدانەوەی سـەر بە خۆیـدا لە ئـارادان. پرۆژەیاسـایەکی چاکسـازی و شـیاندنی گیراوانـی لای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ئامادە کردووە.

- بڕیاردانانی یاسایەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازی و شوێنانی گلدانەوە بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی.
- چارەسەرکردنی گرفتی قەرەباڵغی نێو چاکسـازی و مسـۆگەرکردنی هەڵسـوکەوتی دروسـت دەرهەق بە کەسـانی بێـبەش لە ئازادی لە ڕووی ڕەفتاری مرۆییەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ١٩/ ٣٧ | | ٧٨ | | | ٢٧ب/ ٢٨ب | -دژایەتیکردنی ئەشکەنجە –بەرەنگاربوونەوەی شوێن بزرکردنی بەزۆر - هەردوو پەیمان - پەیماننامەی عەرەبی |

### لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شورا- وەزارەتی داد .
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

### میکانیزمی جێبەجێکردن

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها پێشنیازەکانی هەموارکردنەوە.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە هەرێم.

### ماوەی جێبەجێکردن

جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمینساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## بەشی سێیەم
## دامەزراندن و گەشەپێدانی کاری دەزگاکان

**ئامـانج:** دامەزرانـدن و گەشـەپێدانی کـاری دامەزراوەکـانی نیشـتمان و دەزگاکـانی پەیوەسـت بە پاراسـتن و تـۆکمەکردنی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان

حکـومەتی هەرێمــی کوردســتان- عێــراق، لە نــوێ نووســینگەی ڕێکــخەری ڕاســپاردە نێودەوڵەتییەکــان لە ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا کردەوە، کە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پابەنـدییە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە مـافی مـرۆڤ و نوێنەرایەتیکردنی حکومەتی هەرێم لە ناوەندەکانی نێودەوڵەتیدا بگرێتە ئەستۆ، وەك پەرۆشی خـۆی بـۆ پەیوەستبوون بە پرەنسیپ و پەیوەستی نێودەوڵەتی، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی عێراق تێیاندا ئەندام و لایەنە و دەکەونە ئەستۆی هەرێمەوە. نووسینگەکە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ هەمـوو لایەنـانی پەیوەندیـدار بە مـافی مرۆڤ لە دامەزراوەکانی حکومی و ناحکومیدا کار دەکات، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤیش لە پەیوەندیدا دەبێت.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکـان ئەرکی بەدواداچـوونی ڕاسـپاردەی نێـودەوڵەتی و گەیانـدنی بە لایەنـی پەیوەندیـدار گرتـووەتە ئەسـتۆ، بە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی پەیوەسـتی نێـودەوڵەتی، بە ئامـانجی دیـاریکردنی کە لەبەر و کێماسی لە سیاسەتی کارکردنی دامەزراوەکان، کە بە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە گرنگە، پێشنیازی گونجاویش پێشکەش بە دامەزراوەکـانی حکـومەت دەکـات بـۆ ئەوەی لەگەڵ پێـوەری نێودەوڵەتیـدا بگـونجێن. لەگەڵ ئەوەشـدا، شـان بە شـانی نـوێنەرانی حکـومەتی فیـدراڵ، بەشـداری لە گفتوگـۆی هەرێمـی و نێـودەوڵەتی پەیوەسـت بە کـاری دامەزراوەیـی دەکـات. هەروەهـا دەسـتەیەکی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤیش دامەزرا، بـۆ مسـۆگەرکردنی پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ و بەهێزکردنـی و داکۆکی لێکردنی لە هەموو بوارێکدا بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی، وێڕای بڵاوکردنەوەی کولتووری مافی مرۆڤ .

پەیوەست بەوە، حکومەت یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ی تایبەت بە دەستەکە دانا، لە چوارچێوەی بودجەی گشـتی هەرێمـدا بودجەی تایبەتی بۆ دیاری کرد و بە پەرلەمانەوە گرێ دراوە و لە بەردەمـی ئەویشـدا بەرپـرس دەبێـت، بەوەی ئەم دەسـتەیە ئەرکی تۆمارکردن و بەڵگەدارکردنی ئەو بابەت و دۆسییانەی پەیوەست بە مافی مرۆڤ دەگرێتە ئەستۆ.

لە پەرلەمانی هەرێمیشدا چەنـدین لیـژنەی تایبەتمەنـد بە مـافی مـرۆڤ هەن، لەوانە لیـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و مـافی مـرۆڤ، لیـژنەی داکـۆکیکردن لە مـافی ئـافرەت، لیـژنەی کاروبـاری شـەهیدان و جینۆسـاید و زینـدانیانی سیاسـی، لیـژنەی ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، لیـژنەی کولتـوور و کـۆمەڵگەی مەدەنـی و لاوان و وەرزش، لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، جگە لە لیژنەی دیـکەش کە کـار بـۆ چاودێریکردنی دامەزراوەکانی حکومی پەیوەندیدار بە دۆسێی مافی مرۆڤ دەکەن.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێم

- بەهێز کردنی ڕۆڵی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.
- هەڵسەنگاندنی ڕادەی پابەندبوونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا بە حوکمەکانی بەڵێننامە و بەندەکانی تایبەت بە مـافی مـرۆڤ و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مـافی مەدەنـی و سیاسـی و مـافی کولتـوور و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری، زەق کردنەوەی ئەو پێشێلکاریانەی لە ئاکامی کارکردنی دەسەڵات لە هەرێمدا ڕوو دەدەن.
- تەرخانکردنی دەرامەتی دارایی و مرۆیی پێویست بۆ کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ، بـۆ ئەوەی بتوانێـت ئەرکـی خـۆی بە گوێرەی پرەنسیپی پەیوەست بە بنکەی دامەزراوەکانی نیشـتمان  بەجـێ بگەیەنێـت و مـافی مـرۆڤ بپارێزێـت (بنەماکـانی پاریس).
- چاودێریکردنی ڕادەی گونجانی یاساکانی هەرێم لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی بنەڕەت و پێشکەشکردنی پێشنیاز لەبارەیانەوە بۆ لایەنانی پەیوەندیدار.
- وەرگرتنی سکاڵا لەبـارەی پێشـێلکردنی مـافی مـرۆڤ لەلایەن کەس و کـۆمەڵە و ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنیـیەوە و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیەکەی و ئاگادار کردنەوەی داواکاری گشتی تا ڕێکاری یاسایی لەبارەیانەوە بگیرێتە بەر.
- لیـژنەکە دەوڵەتـی پەیوەندیـدار بە ڕاسـپاردەی گشـتی خـۆی ژمـارە ٣١ی سـاڵی ٢٠٠٥ ئاگـادار دەکـاتەوە، کە تـایبەتە بە ڕەگەزپەرستی لە بەرێـوەبردن و کـاری سیسـتەمی دادیـی تاوانکارانە، دەوڵەتـی پەیوەندیـداریش بەوە ڕادەسـپێرێت کە لە ڕاپـۆرتی داهاتوویـدا، ئەو زانیـاری و داتایـانە تۆمـار بکـات کە لەبـارەی سـکاڵای پەیوەسـت بە ڕەگەزپەرسـتین و دەسـتەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و دادگاکـانی خـۆجێ وەری گرتـوون، هەروەهـا ئاکـامی ئەو سـکاڵایانەش، لە نێویانـدا حوکمەکـانی پرۆتستۆ، یان ڕێکاری تەمبێکردن کە گیراونەتە بەر و ئەو قەرەبووەی بە قوربانییان دراوە، ئەوانـیش تۆمـار بکـات. لیـژنەکە ڕاسـپاردەی ئەوەشـی هەیە، کە دەوڵەتـی لایەن و پەیوەندیـدار هەمـوو هەنگـاوێکی پێویسـت بنێـت بـۆ مسـۆگەرکردنی بەهرەداربـوون لە داد بـۆ هەمـوو گـرووپ و کەسـێك، هەروەهـا بڵاوکـردنەوەی یاسـای پەیوەسـت بە ڕەگەزپەرسـتی، بـۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکانی دانیشتوی هەرێـمەکەی بە تێکـڕای ڕێوشـوێنی دادیـی یاسـاییانەی بەردەسـتیان کە دەشـتوانن لە کۆمەکە یاسا بەهرەمەند بن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٤٥/ ١٠٢ | ٣٥/ ٣٩/ ٤٣/ ٨٨/ ٥١/ ٥٦/ ٨٩/ ٨٣/ ٩١/ ٩٢ | | ١٦هـ | ١٦ | ٦٤ب | تێکڕا ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی |

## ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لایەنی فەرمییە سەبارەت بە پاراستنی مافی ئافرەت و چاودێریکردنی سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە کاروباری ئافرەتان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەوانەی پەیوەستن بە توانا سازیی ژنان و کچانەوە.

بەشێکی ئامانجی پێگەیاندنی ژنان و کچانە، لەگەڵ پشتیوانیکردن لە بەشداریکردنی کارای ئەوان لە بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی بەردەوام و پشتگیریکردن لە ئارامی و بەشداریکردنی کارا لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی هەرێم، لەناوبردنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری پەیوەست بە جێندەر (ڕەگەزی کۆمەڵایەتی) و کارکردن بۆ پتەوکردنی کۆمەڵ دژ بە مەترسی ململانێ و تیرۆر.

- بەهێزکردنی بەشداری ئافرەتان لە ژیانی سیاسی و گشتی کۆمەڵ، لە نێویاندا بەشداریکردنی لە دانوستاندن و بەدیهێنانی ئاشتی و مسۆگەرکردنی گەیشتنی ئەوان بە ناوەندەکانی بڕیاردان.
- ئاوێتەکردنی بنەماکانی جێندەر (ڕەگەزی کۆمەڵایەتی) لە نێو یاسا و سیاسەت و پلان و بەرنامە و بودجەی نیشتمانیدا.
- بەهێزکردنی ژینگەیەکی پشتیوان بە توانا سازی ژنان و پەرەپێدانیان لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوور.
- بەهێزکردنی پشتیوانی بۆ دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کە لە بواری توانا سازی و پاراستنی ژنان و کچاندا بە گشتی کار دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥٠/ ٢٦٣ | ٣٨/ ١٠٨/ ١٢١ | ١٦ب | | | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

## کاری دامەزراوەکانی حکومی پەیوەست بە مافی مرۆڤ

- بەهێزکردنی دەستەی چاودێریی منداڵ و دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەو بوارە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاگاداری کارەکانی پەیوەست بە مافی منداڵ و چارەسەرکردنی پرسەکانی بێت، بەشێوەیەکی خێرا و کارا و توانایەکی بەرز.
- نوێنەرایەتیکردنی کەمئەندام بەتایبەتی ئافرەتانی کەمئەندام و کەمئەندامانی عەقڵ، یان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی لە دەستەی چاودێری کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و لە ئەنجومەنی کارگێڕی ئەودا، مسۆگەر بکرێت.
- پێویستە سەرنج بخرێتە سەر گرتنەبەری ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ پاراستن لە ئەشکەنجە و بە تاوان زانینی و سزادانی بکەرانی بەو جۆرەی لەگەڵ مەترسی ئەشکەنجە و تاوان بگونجێت، ئەوەش دووپات بکرێتەوە کە نابێت هیچ هەلومەرجێکی نائاسایی بکرێتە پاساو بۆ تاوان و ئەشکەنجە، بەتایبەتی کە پاراستن لە ئەشکەنجە یەکێکە لەو مافانەی ناکرێت بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (٤) بڕگەی (٢)ی بەڵێننامەکە، کۆت و بەند بکرێت. لیژنەکە داوای چڕکردنەوەی بەرنامەی مەشق بۆ فەرمانبەرانی بەجێگەیاندنی یاسا دەکات، سەبارەت بە ڕێوشوێنی یاسا بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و ڕەچاوکردنی پێوەری نێودەوڵەتی لەم ڕووەوە، هەروەها ڕێسای تایبەت بە هەلومەرجی گلدانەوە.
- زیادکردنی مەشقە چالاکی تایبەت بە بەرپرسانی بەجێگەیاندنی یاسا لەبارەی لایەنانی پەیوەندیدار بە جێندەر (ڕەگەزی کۆمەڵایەتی) بۆ بەجێگەیاندنی یاسا، نەخاسمە پرسی پەیوەست بە توندوتیژی دژ بە ئافرەت، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کارا بەرەنگاری جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ببنەوە، بەو جۆرەی سەلامەتی قوربانییەکە بە پلەی یەکەم، ڕەچاو بکات.
- بەهێزکردنی هەوڵ بە ئاراستەی زیادکردنی چالاکی هۆشیاری لە دامەزراوەکانی میدیا، بەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان مایەی قبووڵ نییە، هەروەها کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵ و هاندان بە ئاراستەی خەبەردان لەبارەی ئەم تاوانەوە، نەخاسمە دەستەبەرکردنی زانیاری لەبارەی قوربانی لە ڕێی هەموو کەناڵێکی پێڕاگەیاندن و ڕێکاری دەستەبەرکردنی پاراستنیان.

- زانیاریی ورد لەبارەی ئەرك و پێگە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ژنان و پەیوەندی ئەو بە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ڕێکخراوەکانی ناحکومی ئافرەتان و لەبارەی دەرامەتی مرۆیی و تەکنیك و دارایی تەرخانکراو بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە بودجەی گشتی، بخرێتە ڕوو.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥٤/ ٢٣٨ | ١٣/ ٥٥/ ١٠٣/ ١٠٤ | ١٦ج | | ٦٤أ | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**میکانیزمی جێبەجێکردن و لایەنانی کارا و بەشدار تێیدا**

جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی لەم بەشەدا ئاماژەیان پێکراوە، پێویستە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری گرێ بدرێت بۆ ئاشنابوون بە واقیعی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێم و میکانیزمی بەهێزکردنیان و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی پەیوەست بەوان، یان ئەو بریتییە یەدەگانەی حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا هەڵیبژاردون، بۆ بەهێزکردنی، بەو چەشنەی:

- کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار گرێ بدرێت و سەبارەت بە ڕێکاری جێبەجێکردنی برگەکان پێشنیاز بخرێتە ڕوو.
- لایەنانی پەیوەندیدار پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن.
- نووسینگەی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی دۆسیەی تایبەت بە پەرەپێدانی دامەزراوەکان دەگرێتە ئەستۆ.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەرکی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە بەجێگەیاندن، دەگرێتە ئەستۆ.
- کۆمەڵگەی تایبەتمەندی مەدەنی لە گفتوگۆ و پێشنیازدا بەشدار بێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- ♦ دەکرێ جێبەجێکردنی ئەم بەشە لە ماوەی پلانەکەدا بخرێتە نێو هەردوو ساڵی یەکەم و دووەم، لەگەڵ درێژەدان بە کار لە پلانەکە لە هەردوو ساڵی سێیەم و چوارەم، سەبارەت بە بەرنامەی پشتیوانی و مەشق و ڕاوێژ.
- ♦ بەکارهێنانی نموونەی میکانیزمی جێبەجێکردن، ئەوەی هاوپێچی پلانی هەرێمە بۆ مافی مرۆڤ، بۆ دیاریکردنی بەرنامە و دابەشکردنی بەسەر ماوەی پلانەکەدا.

## بەشی چوارەم

## هاوکاریکردن لەگەڵ میکانیزمی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ

**ئامانج**: چالاکیی ڕوون و بەرچاو لە ناوەندەکانی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ

عێراق بە یەکێك لەو وڵاتانە دادەندرێت کە تۆمارێکی باشی لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ دامەزراوەکانی نێودەوڵەتی لە وادەی خۆیدا هەیە، وێڕای پەیوەستبوون بە گفتوگۆکردنێکی کارا لەگەڵ ئەو دەستانەدا. عێراق پشت بە میکانیزمێکی تێکەڵ لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و بەدواداچوونی پەیوەستی نێودەوڵەتی خۆی، بەوەی فەرمانگەی مافی مرۆڤ- لیژنەی نیشتمانی بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی لە حکومەتی فیدراڵ و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پەیوەستی نێودەوڵەتی، تەرخانکراون، سەرباری دامەزراندنی لیژنەی تایبەتمەند بۆ نووسینی ڕاپۆرت، کە نوێنەری لایەنانی پەیوەندیداری تێدا دەبن .

- دانانی پلانێکی ڕوون لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی.
- تازەکردنەوەی پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ.
- تۆمارکردنی زانیاری دیاریکراو لەبارەی پلان و ڕێکاری دیکە، کە بۆ جێبەجێکردن گیراونەتە بەر.
- بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار، وەرزە ڕاپۆرت ئامادە بکرێن.
- لە کاتی پێشکەشکردندا، ڕاپۆرتەکان بخرێنە بەر دەستی ناوەندەکانی دادوەری و یاسادانان و کارگێڕی و ڕێکخراوەکانی ناحکومی کارکەر، وێڕای بڵاوکردنەوەی کۆتا سەرنجی لیژنەکە لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانە.
- ڕاپۆرت لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا پێشکەش بکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای ڕێنمایی سەبارەت بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت.
- پتەوکردنی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و دەستەکانی مافی مرۆڤ.

- درێژەدان بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خۆبەخشانە بۆ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی.
- کارکردن لەگەڵ هاوبەشانی نێودەوڵەتی، وەك تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پتەوکردنی پرۆسەی لێپرسینەوە لەو تاوانانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کردوونی، بە ئامانجی ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ ئەوانەی تاوانی جینۆساید (کۆکوژی)، تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتییان، کردووە.
- پتەوکردنی هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی، بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاوارە و هەڵگرتنەوەی مین و گەڕانەوەی ژیانی ئارام بۆ ناوچەی زیانلێکەوتوو.
- دانانی پلانێکی پەلە بە ئامانجی هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە و ئامادەکردنی شوێنانی زیانلێکەوتوو بۆ گەڕانەوەی ژیانی ئارام و ئاسایی، هەروەها دەوڵەتی لایەن و پەیوەندیدار ڕادەسپێرێت، کە هاریکاریی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئەم بوارە بێت.
- سەبارەت بە تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٨ | ٤٧/ ٨٩/ ٥٩/ ٦٣/ ٦٠/ ٧٤/ ٦٧/ ٦٤/ ٨٦/ ٨٨/ ١٥٩/ ١٦٤/ ١٨٣/ ٢٠٧ | ١٠/ ٤٤/ ٦٠ | | | | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پشتگیر**

بەرپرسایەتی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی تایبەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ میکانیزمی نێودەوڵەتی، دەکەوێتە ئەستۆی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم، بە هەماهەنگی لەگەڵ تێکڕای لایەنی تایبەتمەندی حکومی و ناحکومی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکانی تایبەتمەند.
- ♦ ڕێکخستنی وەرشە کار (ۆرك شۆپ) بۆ لایەنانی کار و پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ گەشەپێدان.
- ♦ پاڵپشتیکردن لە میکانیزمی نووسینەوەی ڕاپۆرتی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ.
- ♦ لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتدا ڕاوێژ بە ڕێکخراوەکانی ناحکومی بکرێت.
- ♦ پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.
- ♦ بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە کۆتا سەرنج و ڕاسپاردە.

**ماوەی جێبەجێکردن**

پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و هاوکاریکردن لەگەڵ میکانیزمی نێودەوڵەتی، پرۆسەیەکی بەردەوام و نەبڕاوەیە، ماوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەش بە درێژایی ماوەی پلانی هەرێم دەبێت. لەبەر ئەوەی لیژنەکانی بەڵێنکاری و وەرزە میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر، کە لەبەر و کێماسی دیاری دەکەن، بۆیە جێبەجێکردن دەبێت دەمودەست و بەردەوام بێت.

**بەشی پێنجەم**

**ڕێزگرتن لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ**

**ئامانج**: لە کاری لیژنەکانی ئەمنی سەر بە حکومەتی هەرێم، بە تەواوی ڕێز لە حوکمەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ بگیرێت هێشتا تیرۆر هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ تەواوی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمیشە پەیوەستە بە ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوی تیرۆریستان، لەم ڕووەشەوە بە تەواوی ئامادەیە دژ بە تیرۆر هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکات. هەر لەو پێناوەشدا هێزی ئەمنی لە حکومەتی هەرێم هەوڵی داوە لە سایەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، ماف و سەلامەتی خەڵکی سڤیل پارێزراو بێت، دواترینیان شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی ئەو ڕێکخراوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ بە دواوە کۆنترۆڵی کردبوون. لایەنانی تایبەتمەندی ئەمنی سەر بە هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار، کاریان بۆ ڕێزگرتن لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کرد. پلانی هەرێم بۆ مافی مرۆڤ چوارچێوەیەکی بۆ کار دیاری کردووە، بۆ بەهێزکردنی ڕادەی پەیڕەدن و پیادەکردنی کارای یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕێی میکانیزمی کارای کار و بەدواداچوونەوە.

- هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ (یونیتاد) تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پتەوکردنی لێپرسینەوە لەو تاوانانەی لەلایەن داعشەوە کراون .
- پەلەکردن لە دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش سەبارەت بەو تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی کردوویانە، لە ڕێی کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەرشیفی ئەلیکترۆنی ئەو تاوانانە، وێڕای ڕەچاوکردنی بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و ڕێسای مافی مرۆڤ.
- پاراستنیماڵباتی ئەندامانی داعش، ئەوانەی بەشدارییان لە کرداری تیرۆردا نەکردووە.
- هەموو ڕێکار و ڕێوشوێنێك بگیرێتە بەر بۆ ڕزگارکردنی کوردانی ئێزدی و هی دیکەی کە هێشتا چارەنووسیان نادیارە.
- یارمەتی پێشکەش بە ژن و منداڵانی ڕزگاربوو بکرێت، لە ڕێی دانانی بەرنامەی تایبەت بۆ دووبارە شیاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵ.
- چڕکردنەوەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری دژ بە ژنان و کچانی کەمئەندام، ئەوانەی ئاوارە و پەنابەرن یان لە کەمپەکاندا دەژین.
- مسۆگەرکردنی بەهرەمەندبوونی منداڵانی کەمئەندام لە ڕووی دەروون، یان عەقڵەوە، لە هەموو مافێك و بەرهەڵستکردنی تانە و جیاکاری لە مافیان، بە تایبەت ئەوانەی لە ناوچەی بەرکەوتەی ململانێی چەکداریدا دەژین و ئەوانەی لە کەمپەکاندا دەژین و خزمەتگوزارییان بە ئەستەم پێ دەگات و دەرفەتی خوێندنیان نییە.
- قووڵکردنەوەی ڕێکارێك کە ئامانجی بەدیهێنانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانە بۆ هەموو خەڵك، هەروەها لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە و سزا بدرێن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی ماڤی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی ماڤی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەردوو ماددەی ٧/ ٨** | **١٣٤** | | **٢٢** | | **١٣ب/ ١٤ب/ ١٥ب/ ١٦ب** | **تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان** |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- گرێدانی کۆبوونەوەی پسپۆڕی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- دابەشکردنی ڕاسپاردە بەسەر لایەنانی تایبەتمەندی ئەمنی و سەربازی.
- پەرەپێدانی پرۆگرامی مەشق و ڕاهێنان بۆ پیادەکردنی یاسا.

◆ بەدواداچوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

لایەنانی بەرپرس لە جێبەجێکردن، دەبێت ڕێکاری گونجاوی بۆ دابنێن.

## بەشی شەشەم

## مافی مەدەنی و سیاسی

### لقی یەکەم: مافی ژیان

**ئامانج:** بەدیهێنانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ بەهرەمەندبوون بە ماف و ئازادی

هەرێم هەنگاوی گەورەی ناوە بە ئاراستەی پەیوەستبوون بە بنەماکانی مافی منداڵ بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕێی دەرکردنی یاسا، بڕیار، ڕێنمایی و هەنگاوی کردەنی، لە پێناو دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو کە پێکەوەژیانی ئاشتی لە نێو تێکرای پێکهاتەی کۆمەڵ بەرقەرار بێت، هەمووان لەو ئازادییە بەهرەمەند بن کە یاسا و عورفی باوی نێودەوڵەتی باسیان دەکات.

یاسا بنەڕەتییەکانی عێراق دەقی یاسایی ئەوتۆیان تێدایە کە پاراستنی مافی ژیان و سەلامەتی جەستە مسۆگەر دەکەن، زۆر بە توندیش سزای هەر دەستدرێژییەك دەدەن کە دەرهەق بەو مافە بکرێت، سزای لە سێدارەدان بە یەکێك لەو سزایانە دادەندرێت کە لە عێراقدا دەرهەق بە تاوانی هەرە مەترسیدار بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی، پیادە دەکرێت. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانی لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە سنووردار کردووە.

- سزای لە سێدارەدان تەنیا بۆ مەترسیدارترین تاوان بێت.
- لێکۆڵینەوەی پەلە و هەمەلایەن و بێلایەن لەبارەی حاڵەتی پێشێلکردنی مافی ژیان و سەلامەتی جەستەی دەکرێن، ئەوانەی لەماوەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکانی چەکداری تیرۆریستدا لە هەندێك شوێنی دەوڵەتی لایەن و پەیوەندیدار ڕوویان داوە، هەروەها زوو بە زوو تاوانباران ڕەوانەی دادگا بکرێن و قوربانیان و کەس و کاریان بە تەواوی دڵنەوایی بدرێنەوە و قەرەبووش بکرێنەوە.
- درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ مسۆگەرکردنی مافی تەواوی مرۆڤ بۆ هەمووان، بە گوێرەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی.
- تۆمەتباران ڕەوانەی دادگا بکرێن و دادی قوربانییان بدرێت.
- لە کاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتی سەربازی کە ئامانج شەڕی دژ بە ڕێکخراوەکانی چەکداری تیرۆریستە، بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل وەك کاری هەرە لە پێشینە، دەبێت ڕێکاری ورد بگیرێتە بەر، وێڕای ڕێزگرتن لە هەردوو بنەمای جیاکردنەوە و گونجان.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٧/ ١٥/ ١٩/ ٣٧ | ١٣٢/ ٢٠٤ | ٤٠/ ٤٢ | | | | -هەردوو پەیمان/ - دژایەتیکردنی ئەشکەنجە/ - شوێن بزریی بە زۆر/ -بەڵێننامەی عەرەبیی/ - ڕەگەزپەرستی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی دادوەری .
- داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.

➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- دابەشکردنی ڕاسپاردە بەسەر لایەنانی تایبەتمەندی ئەمنی و سەربازی.
- گرێدانی کۆبوونەوە و وەرشە کار لە نێوان ئەو لایەنانەدا.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو کە قابیلی جێبەجێکردن بێت.
- بەدواداچوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە دەسکەوت و بەدواداچوونی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە مافی مەدەنی و سیاسییەوە هەیە، جێبەجێکردنی دەمودەست دەبێت، دەکرێ ماوەی جێبەجێکردنەکە بەسەر ماوەی پلانی هەرێمدا دابەش بکرێت بەدەر لەو حاڵەتانەی پەیوەندییان بەوادەی دادگاوە هەیە لەگەڵ دانانی بەرنامەی مەشق وهۆشیاری تایبەتبەوە

**لقی دووەم: دادگایی و سەربەخۆیی دادگا و دادگاییکردنی دادوەرانە**

پێشینەی کاری هێڵی گشتی بەرنامەی نوێەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە ئاستی چاکسازیدا، بریتییە لە کارکردن بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دادگا. ڕێ بە هیچ هاووڵاتییەك نادرێت پێگە و پۆستی سیاسی، یان حیزبی، یان کۆمەڵایەتی خۆی، بۆ پێشێلکردنی یاسا یان گوێنەدان بە یاسا، بەکاربهێنێ.

- کاری زیاتر بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی دادگا و پاراستنی دادگا لە دەستتێوەردان و هەڕەشە و گوشار.
- پیادەکردنی ڕێکاری کردەنی بۆ مسۆگەرکردنی دادگای پاك و سەربەخۆ کە کارایانە ڕەفتار لەگەڵ پرسی بەرەنگاربوونەوەی دەربازبوون لە سزا بکات.
- دابینکردنی داد کۆمەکی دادوەرانە لە پرسی ناتاوانکاری بۆ ئەوانەی توانای داراییان نییە.
- دادگا پەیدۆزی ئەو کەسانە بکات کە دژ بە کەمئەندام توندوتیژییان نواندووە.
- لێپرسینەوە لەو تاوانانەی ئەندامانی ڕێکخراوی داعش دەیکەن.
- ڕێ نەدان بە ڕەگەزپەرستی لە بەڕێوەبردن و ڕێڕەوی کاری سیستەمی دادی تاوانکارانە.
- لێکۆڵینەوەی کارا و سەربەخۆ بکرێت، تا لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی تایبەت بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و جینۆساید (کۆکوژی) بکات.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی ماف مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی ماف کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٩/ ٣٢/ ٨٧ | ١٦٢/ ١٨٠ | ٦٦/ ٦٨ | | | ٣١أ/ ٣٢أ | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

➢ ئەنجومەنی دادوەری.
➢ ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
➢ داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
➢ وەزارەتی ناوخۆ.
➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
➢ بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
➢ چالاکوانانی مەدەنی.

### میکانیزمی جێبەجێکردن

♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو کە قابیلی پیادەکردن بێت بۆ گەشەپێدانی کار، یان هەمـوارکردنی یاسـا ئەگەر پێویسـت بێت.
♦ بەدواداچوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و سەرنج بۆ ئەنجومەنی دادوەری و لیژنەکانی تایبەتمەندی لێکۆڵینەوە.
♦ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لەو لایەنانەی پێشتر باس کران.

### ماوەی جێبەجێکردن

لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێی دانانی پلانی هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە واقیعی دادگاییکردن و چارەسەرکردنی خاڵی ڕاسپاردە و جێبەجێکردنی بەرنامەکان و پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجـاو بـۆ هەمـوارکردنی یاسـاکان، جێبەجێکـردن دەگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ بەکارهێنانی پاشکۆی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن و دابەشکردنی بەسەر ساڵانی پلانەکەدا.

### لقی سێیەم: مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن

هێشتا گەلێك سەرنج لە لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوانەی تایبەتمەندن بە مافی مرۆڤ و ئەنجومەنی مافی مـرۆڤ، لە چێوەی میکانیزمی پانۆڕامای خولی گشـتگیر، لەبـارەی گرووپـی کەسـانی کەمئەنـدام و بەشـداریکردن و کاندیـدکردنیان و نـوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکـان و بەشـداریکردنی ژنـان و ڕۆڵیـان لە پرۆسـەی سیاسـیدا، هەن و خـراونەتە ڕوو. ڕێـژەی کاندیدکردنی ئافرەت بۆ هەڵبژاردن لە نێـو قەوارەی سیاسـیدا بە ڕێـژەیەك کە ٣٠٪ کەمتـر نەبێـت، بە گـوێرەی یاسـای ژمـارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩، چوارەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، بە هەمـان شـێوە ڕێـژەی کاندیـدکردنی ژنـان بە ڕێـژەیەك کە ٣٠٪ کەمتـر نەبێـت لە یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی پارێزگـا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێم ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٩.

- ڕەتکردنەوەی حوکمەکانی جیاکاری کە ڕێ لە کەمئەنـدامی عەقـڵ یـان دەروون- کـۆمەڵایەتی دەگرێـت کە مـافی خۆیـان لە دەنگدان و خۆ پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردن پیادە بکات.
- ئاسانکردنی بەشداریکردنی کەمئەندام لە هەڵبژاردن و دابینکردنی چوونیـان بـۆ ناوەنـدی دەنگدان، تـا بە ئاسـانترین شـێوە دەنگی خۆیان بدەن، وێڕای توانـای بەشـداریکردن و خـۆ پـاڵاوتن لە هەڵبـژاردن و دەسـتەبەرکردنی کەرەسـتەی هەڵبـژاردن و زانیاری بە شێوەیەك کە ئاسان بدیترێت و بێتە دەست، وەك شێوازی برایل و زمانی ئاماژە و سیستەمی ئاسان خوێندنەوە.
- پێویستە هەموو یاسایەك حوکمی تایبەت بە مافی کەمئەندامی تێدا بێـت، سـەبارەت بە بەشـداریکردنی تەواوی لە ژیـانی سیاسی و گشتیدا.
- نوێنەرایەتیکردنی ئەتنیکی ڕەگەز - ئـایین (پێکهاتەکـان)، لە نێویانـدا ئافرەتـانی کەمینـە (پێکهاتەکـان)، نـوێنەرایەتییەکی گونجاو لە هەموو دەستەیەکی هەڵبژێردراو، هەروەها لە وەزیفەی گشتی، ئەویش بە گرتنەبەری هەموو ڕێکـارێکی پێویسـت، بەو چەشنەی هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردن و مسۆگەرکردنی نـوێنەرایەتی پێکهاتەکـان، کە سـوود لە سیسـتەمی پشـك پشکێنە نابینن، دەستەبەر بکات.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٩/ ٣٢/ ١٢٥ | | ٨٠ | ٣٨ج | ٢٦ | ٣٥أ/ ٥٤أ/ ٥٣ب/ ٥٤ب/ ٥٣ج/ ٥٤ج | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

### لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت

➢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
➢ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن.
➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
➢ چالاکوانانی مەدەنی.

### میکانیزمی جێبەجێکردن

♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو بۆ هەموارکردنی یاسا ئەگەر پێویست بوو.

- بەدواداچوون و پێشکەشکردنی پێشنیاز و گەنگەشەکردنی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

**ماوەی جێبەجێکردن**

دوای پەسەندکردنی پلانی نیشتمانی و پلانی هەرێم، لایەنانی بەرپرس دەبێ پلانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە دابنێن.

## لقی چوارەم: مافی ئازادی ڕا دەربڕین و گوزارشت و دامەزراندنی کۆمەڵە و پاراستنی ڕۆژنامەنووس و چالاکانی مافی مرۆڤ

عێراق چەندین ڕاسپاردەی لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر و سەرنج لە چوارچێوەی میکانیزمی پەیمانکارییەوە پێگەیشتووە. ئەو ڕاسپاردە و سەرنجانە، باسی بەهرەمەندبوون لە مافی گوزارشتکردن لە ڕا و خۆپیشاندانی ئاشتییانە دەکەن، پلانی هەرێمیش میکانیزمی کار دادەنێت بۆ مسۆگەرکردنی لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردە و سەرنجانە و جێبەجێکردنیان.

- مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەی تەواو و پەیڕەوکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست سەبارەت بە پێشێلکارییە مەترسیدارانەی بەرانبەر مافی مرۆڤ دەکرێن.
- مسۆگەرکردنی پاراستنی تەواو بۆ ڕۆژنامەنووس و خەڵکانی دیکەی نێو میدیا و پاراستنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و مافی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەشداریکردن لە ژیانی گشتی، بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ.
- مسۆگەرکردنی پەنابردن تەنیا بۆ هێزی مەشق پێکراوی ئەمنی کە بە دروستی ڕەفتار لەگەڵ خەڵك و بەرپرسایەتی هەر بەکارهێنانێکی زێدە هێز دژ بە خۆپیشاندەران بخرێتە ئەستۆی ئەو هێزەوە.
- لێکۆڵینەوەی دەمودەست و سەراپاگیر و پاك لە هەموو گوتەیەك لەبارەی ئەشکەنجە و ڕەفتاری دیکەش بکرێت .
- ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی ئازادی ڕا دەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتییانە و لێپرسینەوە لە هەموو ئەو کەسانەی پێشێلکاری دەکەن، سەبارەت بە زێدە بەکارهێنانی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەکی کوشندە دژ بە خۆپیشاندەران.
- پاراستنی ئازادی گردبوونەوەی ئاشتییانە.
- زیادکردنی کار و ئەرك بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی دامەزراوەکانی میدیا و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ.
- مسۆگەرکردنی بەجێگەیاندنی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و پاك و ئاشکرا و ڕوون سەبارەت بە کاری توندوتیژی و کوشتن کە لە ڕێڕەوی ناڕەزاییدا، بەردەوام دژ بە خەڵکی سڤیل دەکرێت.
- دۆسیەی ڕوون و سەربەخۆی لێکۆڵینەوە لەبارەی گوتە گوتی بڵاوەپێکردنی گردبوونەوەی ئاشتییانە بە هێزی زبر بکرێتەوە، بەو جۆرەی ببێتە مایەی سزادانی ئەوانەی دەسەلمێت، کە لە دەستدرێژیکردنە سەر جەستە، یان کەمکردنەوەی شکۆی مرۆڤانە، لەکاتی بڵاوە پێکردنی ئەو گردبوونەوانەدا تێوە گلاون.
- بایەخدان بە بەرنامەی مەشقی پیشەیی سەبارەت بە وەرگێڕان و زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانی زمانی ئاماژە بۆ کەمئەندامان.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٩/ ٣٧/ ٣٨/ ٣٩/ ٤٥ | ٧١/ ١٥٦/ ١٥٧/ ١٦١/ ١٩٠/ ٢٠١/ ١٦٧/ ١٨١/ ١٧٣/ ١٩١/ ١٧٦/ ١٧٧/ ١٨٢/ ١٨٣/ ١٨٥/ ١٨٦/ ١٨٩/ ١٩٣/ ١٩٤/ ٢٠٢/ ١٨٨/ ١٩٧/ ١٩٨/ ٢٠٠/ ٢٠٣/ ٢٠٥ | ٨٤/ ٩٢ | | | ٣٩ أ/ ب/ ج/ ٤٠أ/ ب/ ج | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی دادوەری.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.
- چڕکردنەوەی کارامەیی مەشقکردن بۆ فەرمانبەرانی لەو بوارەدا کار دەکەن.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

**ماوەی جێبەجێکردن**

دەبێت ڕاپۆرتێك لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی ناوخۆوە پێشکەش بکرێت، تێیدا پێشکەوتنی بەدیهاتوو و ڕێکاری جێبەجێکردن کە لەم ڕووەوە گیراوەتە بەر، بخەنە ڕوو، هەروەها دانانی پلانێك و خشتەی ماوەی جێبەجێکردنی.

## لقی پێنجەم: ڕەگەزنامە

لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر، عێراق چەندین ڕاسپاردە و سەرنجی پێگەیشتووە، لە چوارچێوەی میکانیزمی بەڵێنکاری پەیوەست بە هەندێك بڕگەی یاسای ڕەگەزنامەی عێراق ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٦، وەك مافی تاك لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە بە بێ جیاوازی، سەرنجی پێدراوە. بۆیە دەبێ بۆ گواستنەوەی سەرنج و تێبینی لە ئاژانسەکانی نێودەوڵەتییەوە بۆ لایەنانی پەیوەندیدار، بە میکانیزمێکی گونجاو بێت، تا ئەو لایەنانە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکەن. پێویستە پێگەی یاسایی ئەو بیانییانە دیاری بکرێت کە لە دەروازەکانی سنووری سەر بە هەرێمی کوردستانەوە دێنە ژوورێ، دەسەڵاتی فیدراڵ دان بەواندا نانێت، ئەمەش کار لە مافی بیانییان دەکات، بە تایبەت سەبارەت بە بابەتی پەنابەری و بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە.

- قەدەغەکردنی حاڵەتی بێ ڕەگەزنامە و پیادەکردنی یاسا و گەڵاڵەنامەی تایبەت بە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە، مسۆگەر بکرێت.
- ئاسانکردنی ڕێی گەیشتنی تێکڕای هاووڵاتیانی عێراق بە خزمەتگوزاریی بنەڕەت وەك بەڵگەنامەی مەدەنی.
- دەرکردنی ناسنامە بۆ کەسانی سەر بە پێکهاتەی ئەتنی و ئایینی، هەروەها کەسانی پەراگەندەی شەڕ.
- زۆر پێویستە هەموو منداڵانی کەمئەندام تۆمار بکرێن و ڕێ لەوە بگیرێت بکەونە دۆخی بێ ڕەگەزنامەیی و تەرخانکردنی دەرامەتی مرۆیی و تەکنیکی و دارایی پێویست بۆ درێژەدان بەتۆمارکردن.
- پەلەکردن لە گەڕاندنەوەی ڕەگەزنامە بۆ کوردانی فەیلی، بەوەی بەدەستهێنانەوەی ڕەگەزنامەیان بۆ ئاسان بکرێت، هەموو لەمپەرێکی کارگێڕیش لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکەدا، لە بەردەمیان لا بدرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٨ | ١٠٠/ ٢٢١ | | | ٣٤ | ٣٣/ ٣٤ | -هەردوو پەیماننامە/ -ڕەگەزپەرستی/ -بەڵێننامەی عەرەبی/ - کەمئەندامان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە حکوومەتی فیدراڵ.
- وەزارەتی ناوخۆ لە حکوومەتی فیدراڵ.
- وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە حکومەتی فیدراڵ.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

بە گوێرەی دەستوور پێشنیاز بۆ هەمووارکردنی یاسای ڕەگەزنامە پێشکەش بکرێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا جێبەجێ دەکرێت، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیاساکە لە یەکەمین ساڵی کارکردندا تەواو بکرێن.

## بەشی حەوتەم
## بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

**ئامانج**: دانانی سنورێك بۆ تاوانی بەرنامەڕێژ بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پاراستن و چاودێریکردنی قوربانییان بەشێوەیەکی تایبەت

عێراق چەندین ڕاسپاردەی لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر، هەروەها گەلێك سەرنج و تێبینی لە چوارچێوەی میکانیزمی بەڵێنکاری سەبارەت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بە شێوەی جیاجیا، پێگەیشتووە. لەبەر ئەوەی یاسایەکی تایبەت نییە لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨ خرایە کار، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمدا لە ٢٠١٨/١٠/٣دا دامەزرا، سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بریتیە لە شەش نووسینگە.

- بەهێزکردنی کار لە لیژنەی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پشتیوانیکردنی.
- چڕکردنەوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان و کچان و لێکۆڵینەوەی خێرا و بێگەردیش بکرێت و تاوانبارانیش سزا بدرێن.
- بە هاناوەچوونی قوربانییانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە و دابینکردنی پشتیوانیی پێویست و پاراستنیان.
- زیادکردنی ژمارەی ناوەندەکانی تایبەت بە داڵدەدان و شیاندنەوەی قوربانییان لە ڕووی دەروون و جەستەوە و دووبارە تێکەڵ کردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەند بەم بوارە.
- لەم بوارەدا مەشق بە کارمەندانی بواری پزیشکی بکرێت.
- ڕێگرتن لە حاڵەتی هاوسەرگیری بەدەر لە تەمەنی یاسایی، هەروەها بەزۆر بە شوودان و هاوسەرایەتی کاتی.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٩/ ٢٩/ ٣٧ | ٢٠٨ | ٥٩/ ٦٠ | ٢٤أ/ ب/ ج/ د/ هـ/ و/ ز/ ح | | | ڕێککەوتننامەی سیداو/ - مافی منداڵ/ -بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ➢ وەزارەتی ناوخۆ- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.
- ➢ نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی لە حکومەتی هەرێم.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ➢ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ لایەنانی تایبەتمەند و بەرپرس پێشنیازی گونجاو پێشکەش بکەن کە قابیلی پیادەکردن بن.
- ♦ بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی بەدەستهاتوو بکرێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕاپۆرتێك پێشکەش بکرێت، بریتی بێت لە پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی لەم ڕووەوە گیراونەتە بەر، هەروەها دانانی پلان و کاتە خشتەیەك بۆ جێبەجێکردن.

## بەشی هەشتەم
## بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان

**ئامانج**: پاراستن و دوورخستنەوەی تێکڕای گرووپەکانی کۆمەڵ لە بەڵای هۆشبەر و هۆشیارکردنەوەی ئەوانەی گیرۆدەی هۆشبەر بوون بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو گیرۆدەییە و شیاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵ

تیرۆر و هۆشبەر، بەر و پشتی یەکن. ڕاپۆرتەکانی دەستەی نێودەوڵەتی چاودێریکردنی هۆشبەر دووپاتی دەکەنەوە، پەیوەست بە هۆشبەر لە عێراقدا لەوانەیە ڕەوشەکە خراپتر بێت، بە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی هۆشبەر، ئەویش لە پای هەڵکەوتی جوگرافییانە و ناجێگیری سیاسی و ئابووری. سەرباری ئەوە، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی هۆشبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، مەترسی بڵاوبوونەوەی هۆشبەر لە نێو گەنجان دووپات دەکاتەوە، ئەویش لەبەر چەندین هۆی پەیوەست بە دامەزراوەی خێزان و ژینگەی هەرێمایەتی و سیاسەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بەڵایە، حکومەتی هەرێم یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە ئەوەزییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی دەرکرد.

- مسۆگەرکردنی پیادەکردنی کارای پەیماننامەی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی.
- میکانیزمی گونجاو بۆ پیادەکردنی یاسای بەرکاری هەرێم.
- بەتوندی چاودێریکردنی بە قاچاخ هێنانی هۆشبەر لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمەوە.
- سزای زۆر توند بۆ بازرگانانی هۆشبەر دابندرێت.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە هۆشبەر و تاوان.
- دروست کردنی بنکەی تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودە و ئەوانەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە ئەوەزییەکان بەکار دەهێنن.
- دانانی بەرنامەی پێویست و چڕکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ، لە ڕووی مەترسی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە ئەوەزبەریەکان و بەکارهێنانیان.
- گەشەدان بە دامەزراوەکانی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی هۆشبەر و ئەوەزبەر.
- گۆشەگیرکردنی تۆمەتبارانی بازرگانیکردن بە هۆشبەر لە ماددەی چاکسازیدا.
- دامەزراندنی دەزگا و فەرمانگە لە وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ مسۆگەرکردنی پیادەکردنی حوکمەکانی یاسا.
- ڕێکاری پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی هۆشبەر بگیرێتە بەر.
- دیاریکردنی هەلومەرجی تایبەت بە ڕاچێتەی پزیشك و پێدانی ماددەی هۆشبەر یان عەقڵبەر لە دەرمانخانەدا.
- دەبێ وەك نەخۆش ڕەفتار لەگەڵ بەکارهێنەری هۆشبەردا بکرێت، تا بخرێنە بەر چارەسەری دەروونی و پزیشکییەوە بۆ سەرلەنوێ شیاندنەوەیان.
- وەك زیندانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئالوودەبوو، یان بەکارهێنەری هۆشبەردا نەکرێت.
- شیاندن و مەشق بە پزیشك و دەرمانساز و کارمەندان بکرێت، لە ڕووی دارایی و واتاییشەوە هان بدرێن بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودە و بەدەست هێنانەوەی تەندروستی خۆیان لە ڕووی جەستە و هۆش و کۆمەڵایەتییەوە.
- بابەت لەبارەی زیانەکانی هۆشبەر بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە.
- پەرەپێدانی پلانی خۆپارێزی بۆ هەموو لایەنێك.
- پەرەپێدانی پلانی بەرنامەی شیاندن.
- پشتیوانیکردن لە پسپۆڕ و خەمخۆران و ئاراستەکردنیان بۆ بە ئاکام گەیاندنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ➢ وەزارەتی تەندروستی.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی دژەهۆشبەر.

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی دارایی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- رێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ پیادەکردنی یاسای بەرکار.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- لایەنانی پەیوەندیدار و بەرپرس پێشنیازی گونجاو بۆ پیادەکردن پێشکەش بکەن.
- بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.

**ماوەی جێبەجێکردن**

وەزارەتەکانی پەیوەندیدار راپۆرتێك پێشکەش بکەن، تێیدا باسی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو و ئەو کردە رێکارە بکەن، کە لەم رووەوە گیراوەتە بەر، پلانێکیش دابندرێت و کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنیشی دابندرێت .

**بەشی نۆیەم**

**دژایەتی کردنی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی بەزۆر**

**ئامانج**: شکۆی مرۆڤانەی هەموو کەسێك بپارێزرێت و ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردن بە زۆر قەدەغە بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی پەیوەستبونی خۆی بە بنەما و پێوەری نێو رێککەوتننامەکە و روونکردنەوەی دەرەنجامی یاسایی کردەی شوێنبزرکردن بەزۆر، لەرووی گەران بە دوای شوێنبزر و گۆری بە کۆمەڵ دووپات دەکاتەوە، هەروەها قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و شێوازی پاراستنیان بە یاسا. دووپاتیشی دەکاتەوە کە هیچ پاساوێك بۆ شوێنبزر کردنی هەر کەسێك نییە.

- رێکاری یاسایی دەرهەق بە کارمەندانی پۆلیس و دەزگای ئەمنی بگیرێتە بەر، کاتێك ساغ دەبێتەوە کە دژ بە بەندی و گیراو ئەشکەنجەیان بەکار هێناوە، ئەوە ئەگەر ساغ بووەوە کە ئەو کردارەیان کردووە و گیراو رووبەرووی ئەشکەنجە و رەفتاری خراپ بووەتەوە.
- لە ئەستۆ گرتنی ستراتیژێك بۆ پاراستنی مرۆڤ لە ئەشکەنجەدان، بە تاوان دانان و سزادانی هەر کەسێك بەو چەشنەی لەگەڵ مەترسی ئەشکەنجەکەدا دەگونجێت.
- لێکۆڵینەوەی خێرا و سەراپاگیر و بێلایەن لە هەموو ئەو گوتانە بکرێت کە لەبارەی ئەشکەنجەدان و جۆرە رەفتاری دیکەی خراپەوە هەن، لە نێویاندا حاڵەتی شوێنبزرکردن، لە کاتێکی کورتدا .
- دانانی میکانیزمێکی سەربەخۆی نیشتمانی بۆ خۆپاراستن و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ئەشکەنجە و جۆری دیکەی رەفتاری زبر یان ریسواکردن.
- دانانی تۆمارێکی گشتی و ناوەندی بۆ کەسانی شوێنبزر.
- دانانی بۆردی زانیاری بۆ ناوکە ترشەلۆك (DNA ) ی کەسوکاری ئەو قوربانییانەی لە ساڵانی رابردوودا شوێنبزربوونیان راگەیاندراوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بە ناسنامەی قوربانییان ئاشنا بین.
- ئەرکی زیاتر بکێشرێت بۆ دۆزینەوەی گۆری بە کۆمەڵ.
- دانانی میکانیزمی چاودێری لە پێناو قەدەغەکردنی ئەشکەنجە بە هەموو شێوەیەك، کە کەمئەندام ئازادی خۆی لەدەست دەدات، لەوانە نەخۆشخانەی دەروونی و دامەزراوەی چاکسازی و خانەی پەککەوتە و ناوەندی شیاندن و خانەی چاودێری.

| ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | دەستووری عێراق |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -مەدەنی و سیاسی/ -ڕەگەزپەرستی دژایەتیکردنی ئەشکەنجە -دژایەتیکردنی شوێنبزریی بەزۆر | ٢٩ب/ ٣٠ب | | | ٥٥/ ٥٦ | ١٥٩/ ١٦٩/ ١٧٢ | هەردوو ماددەی ١٩/ ٣٧ |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی .
- بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ئەگەر پێویست بوو پرۆژەیاسایەك پێشکەش بکرێت.
- ئەنجومەنی دادوەری هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە پێشکەش دەکات، بۆ قسەو باس لەبارەی ئەشکەنجە و شوێنبزر کردنی بەزۆر دەکرێن.
- پێشنیاز بۆ جێبەجێکردن پێشکەش بکرێت.
- بەرنامەی مەشق پێ کردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا، تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامە بۆ مەشق پێ کردن دابندرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پلانە پەیڕەو دەکرێت.

**بەشی دەیەم**

**بەڕێوەبردنی دامەزراوەی چاکسازییەکان و بنکەکانی بەندکردن**

**ئامانج**: مسۆگەرکردنی بەهرەمەندبوونی کەسانی بێبەش، بەو مافانەی بەپێی یاسا و پێوەری نێودەوڵەتی بۆیان بڕیاردراوە و نەهێشتنی پێشێلکاریی هاوشان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زۆر دەکات بۆ ئاسانکردنی ڕێکاری چاودێری و پشکنین و سەردانی دامەزراوەکانی چاکسازی و بنکەکانی بەندکردن، وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پێکەوە دامەزراوەکانی چاکسازی بەڕێوە دەبەن. بنکەکانی بەندکردن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بنکەکانی گلدانەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر و ئاسایشی گشتییەوە، بەڕێوە دەبردرێن.

- پتەوکردنی ڕێکار بۆ بەهێزکردنی ڕێز و شکۆی مافی مرۆڤ لە دامەزراوەکانی چاکسازیدا.

- مسۆگەرکردنی ئازادی بۆ بەندی بێبەش لە ئازادی لە شوێنانی گلدانەوەی ژێر چاودێری، هەروەها بە خێزان و پارێزەرانیان بگەن، چارەنووس و شوێنی یاساییانەی ئەوانیش بە پارێزەرانیان بگوترێت.
- پتەوکردنی هاوکاری دووقۆڵی، یان فرەقۆڵی دادوەری لە بابەتی تاوانکاری، بە شێوازی وەك واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دووسەرە سەبارەت بە پرسی گواستنەوەی زیندانییان، لە ڕێی ڕەچاوکردنی ئەرکی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئاست نیشتمانی و ڕەچاوکردنی مەبەستی مرۆیی.
- یاسای بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی چاکسازی و شوێنانی گلدانەوە دەربکرێت، هەموو ڕێکارێکی پێویستیش بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەرەباڵغیی نێو ناوەندەکانی چاکسازی و مسۆگەرکردنی ڕەفتارکردن لەگەڵ هەموو کەسانی بێبەش لە ئازادی.
- ئازادکردنی هەموو ئەو منداڵانەی تۆمەتێکی فەرمییان ئاراستە نەکراوە کە تاوانیان کردبێت، هەروەها پیادەکردنی پێوەری نێودەوڵەتی تایبەت بە دادگای منداڵان، ئەوەش مسۆگەر بکرێت کە منداڵانی نێو ناوەندی چاکسازی بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت.
- هەر ڕێکارێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ مسۆگەرکردنی بێبەش نەبوون لە هەلومەرجی ماقووڵی ئاسانکاری، ئەمەش وەك جیاکاری لەسەر بنەمای کەمئەندامی دابندرێت، هەروەها مسۆگەرکردنی دەستەبەربوونی پشتیوانی و هەلومەرجی ئاسانکاری بۆ کەمئەندامێك کە گومان دەکرێت تاوانی کردبێت، بەو جۆرەی لەگەڵ پێداویستی ئەو لە ماوەی گلدانەوەکەی بگونجێت.
- دانانی میکانیزمی چاودێری لە پێناو قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و هەر جۆرە ڕەفتارێکی زبر، یان نامرۆڤانە، یان ڕیسواکردن بە هەموو شێوەیەکی کە ئازادی لە کەمئەندام دەستێنێتەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ١٩/ ٣٧ | ١٤٠/ ١٧٥/ ١٨٤/ ٢٦٧ | ٧٨ | | | ٢٧ب/ ٢٨ب/ ٢٩ب/ ٣٠ب | -مەدەنی و سیاسی/ -ڕەگەزپەرستی/ دژایەتی ئەشکەنجە/ بەرەنگاربوونەوەی شوێنبزرکردنی بەزۆر |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لەلایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش بکرێت.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

- ئەگەر پێویست بوو پرۆژەیاسایەك پێشکەش بکرێت.
- پێشنیاز بۆ جێبەجێکردن پێشکەش بکرێت.
- بەرنامەی مەشق دابندرێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی مەشق دابندرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکەش بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پلانە پەیڕەو دەکرێت.

## بەشی یازدەیەم
## ئاشتەوایی نیشتمانی

**ئامانج**: هەمووان بەشێوەیەکی کارا لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا بەشدار بن

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان چەشنی تابلۆیەکە، تێکەڵەیەکە لە نەتەوە و ئاینی هەمەجۆر، بە درێژایی مێژوو چەندین نەتەوە لە هەرێمدا پێکەوە ژیاون، هەرێمەکەش فرە ئایین و فرە ئایینزا بووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ پیادەکردنی ئەو یاسایانە کردووە کە داوای یەکسانی دەکەن، بەو جۆرە هەموو پێکهاتەیەك مافی شەرعی خۆی بۆ دەستەبەر بێت.

- مسۆگەرکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی و داد لە قۆناغی ڕاگواستنەوەدا دەکەینە پێشینەی کارکردنمان، لە ڕێی دانانی ستراتیژێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە هەموو لایەنانی ململانێ دەیکەن.
- جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق هەنگاوێکی بەرهەمدارە بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نیشتمانی، هەروەها بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش لەو ناوچانەی ئەو ماددەیە دەیانگرێتەوە و چارەسەرکردنی کێشەی هەڵپەسێردراو لەو ناوچانەی هەرە گەرمن و نەتەوە و کەمینەی هەمەجۆریان تێدا دەژی.
- پتەوکردنی ڕێکارەکانی داد لە قۆناغی ڕاگواستنەوەدا کە بوار دەدات بۆ پەیبردن بە ڕاستی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان، هەروەها هەق باڵادەست بێت، سەرباری لێپرسینەوە لەوانەی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بەرپرسن .
- هەنگاوی زیاتر بنرێت بۆ بەهێزکردنی بەشدارییەکی تەواو و ئامانجداری ژنان لە ئاشتەوایی نیشتمانیدا.
- بە گەرمی ڕاوێژ لەگەڵ کەمئەندامان بکرێت لە ڕێی بەشداریکردنی کردەیی ئەوانەوە بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی خۆیان، بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژێکی نەتەوەیی و ڕێکخستنی هەڵمەتی هۆشیارترکردنەوەی جەماوەر، لە پێناو چەسپاندنی وێنەیەکی ئەرێنی لەبارەی کەمئەندام کە خاوەنی هەموو ئەو مافانەیە کە ڕێککەوتننامەکە ناساندوونی.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ماددەی ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٤/ ١٥/ ١٦ | ٣٦/ ٣٨/ ٤١/ ١٦٠/ ١٦٥/ / ١٩٦ | | | | ١٨ | - هەردوو پەیماننامە/ - بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی/ -بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی پەروەردە.
- گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میكانیزمی جێبەجێكردن**

- ♦ پێشكەشكردنی لێكۆڵینەوە لەبارەی پێشكەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ كۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.
- ♦ پێشكەشكردنی پێشنیار بۆ جێبەجێكردن.

**ماوەی جێبەجێكردن**

- جێبەجێكردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندكردنی پلانی هەرێم، هاوكات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حكومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەكات، بەو مەرجەی لێكۆڵینەوە لە یەكەمین شەش مانگی كاركردندا تەواو بكرێت.
- بۆ دابەشكردنی چالاكی بەسەر ماوەی پلانەكەدا، پشت بەم هاوپێچە تایبەتەی میكانیزمی جێبەجێكردنی دەبەسترێت .

## بەشی دوازدەیەم

## بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

**ئامانج:** ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا

كارێكی لە پێشینەی بەرنامەی نۆیەمین كابینەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، بەهێزكردنی سیستەمی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەرێمە لە مەترسی تیرۆر كە بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٨ درێژە بە كاركردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە حكومەتی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ درا.

- زیادكردنی كار بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.
- دڵنیابوون لەوەی هەر یاسایەكی بەرقەرار، یان نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە تەواوی لەگەڵ پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسیدا كۆك دەبێت، ڕێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریش بە تەواوی لەگەڵ پەیمانەكەدا كۆك بێت.
- درێژەدان بە پاراستنی دانیشتوان لە تیرۆر كە هێشتا چاوگێكی سەرەكییە بۆ بە دەستەجەمعی پێشێلكردنی مافی مرۆڤ.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەكانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەكانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەكانی لیژنەی سیداو | تێبینییەكانی لیژنەی نەهێشتنی جیاكاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەكانی لیژنەی مافی كەسانی كەمئەندام | ڕێككەوتننامە پەیوەندیدارەكان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٧/ ٨/ ١٩/ ٣٧ | ١٢٣/ ١٢٤/ ١٤٥ | | | | | مەدەنی و سیاسی/ بەرەنگاربوونەوەی شوێنبزری بەزۆر/دژایەتیكردنی ئەشكەنجە |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێكردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی.
- ➢ وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان.
- ➢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان.
- ➢ گشت پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆكان.
- ➢ نووسینگەی ڕێكخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەكان- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ➢ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ➢ ڕێكخراوەكانی پەیوەندیداری كۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاكوانانی مەدەنی.

**میكانیزمی جێبەجێكردن**

- ♦ پێشكەشكردنی لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشكەوتنی بەدەستهاتوو.
- ♦ كۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ گەشەپێدانی میكانیزمی كار.
- ♦ پێشكەشكردنی پێشنیار بۆ جێبەجێكردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، کە لێکۆڵینەوە لە ماوەی شەش مانگ کارکردندا تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پلانە دەبەسترێت.

## بەشی سێزدەیەم
## مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوور

**ئامانج**: مسۆگەرکردنی تەرخانکردنی دەرامەتی دەوڵەت بۆ بەهرەمەندبوون بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بە ڕادەی گونجاو لەگەڵ توانای بەردەست لە هەرێمدا.

لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیردا، عێراق چەندین ڕاسپاردە و تێبینی پێ گەیشت، بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی بەهرەمەندبوون بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوور لە هەرێمدا، بۆ مسۆگەرکردنی گونجانیان لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی مافی مرۆڤ. دەستووری عێراق لە ماددەی (٢٢ تا ٣٦)ی خۆیدا ئاماژە بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوور دەکات، بووە بە ئەندامیش لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، حکومەتی هەرێم کار بۆ پیادەکردنی ئەو مافانە دەکات، لە نێویاندا مافی تەندروستی و فێربوون و کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و مافی کولتووری. هەروەها عێراق بوو بە ئەندام لە چەندین ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و ڕێککەوتننامەکانی (یونسکۆ)ی تایبەت بە مافی کولتووری.

بۆ فراوانکردنی ئەو مافانە، ئێمە بۆ هەر یەکەیان بڕگەیەکی تایبەتمان بەم جۆرەی دادێ تەرخان کردووە:

### لقی یەکەم: مافی تەندروستی

لە چوارچێوەی بەرنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمدایە کە کار بۆ چاکسازی لە کەرتی تەندروستیدا بکات، بەو جۆرەی لەگەڵ پێوەری کارپێکراوی نێودەوڵەتیدا بگونجێت، ڕێکاری پێویستیش دەرهەق بە هەر پێشێلکارییەك لەم کەرتە هەستیارەدا دەگیرێتە بەر، کاریش بۆ باشکردنی کەرتی گشتی تەندروستی و گەیاندنی خزمەتی تەندروستی بە هەر هاووڵاتییەك بە باشترین شێوە دەکات. لەگەڵ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی کاری پزیشك و پاراستنی مافەکانیان.

- ئاسانکردن و دابینکردنی مافی گەیشتنی هەموو هاووڵاتیانی هەرێم بە خزمەتگوزاریی بنەڕەتی، وەك چاودێری کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی.
- باشکردنی خزمەتی تەندروستی و گەیشتنی بە هەر شوێنێك و دەستەبەرکردنی پێڕاگەیشتنی لە هەموو شوێنێکی هەرێمدا، لە نێویاندا کەمپی ئاوارەی ناوخۆ و کەمپی پەنابەران، لە ڕێی تەرخانکردنی دەرامەتی پێویست لە بودجەدا بۆ نەخۆشخانە و نۆرینگە، بۆ مسۆگەرکردنی هەبوونی خزمەتی تەندروستی کەم خەرجی، وەك خزمەتی تەندروستی سێکسی و منداڵبوون، لە نێویاندا لەباربردنی سەلامەت نەخاسمە لە ناوچەی گوندنشین و دوورە دەستدا.
- پەیڕەوکردنی بەرنامەی چاودێری تەندروستی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت.
- پەیڕەوکردنی ڕێکاری پێویست بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستی بۆ هەموو ژنان و کچانی کەمئەندام، لەوانە چاودێری تەندروستی سێکسی و منداڵبوون.
- لیژنەکە دەوڵەتی لایەن ڕادەسپێرێت کە کاری خۆی چڕ بکاتەوە بۆ هەبوونی یاسایەك و جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و ئەوەزبەرەکان و بایەخدان بە دامەزراندنی بنکەی شیاندنەوەی کەسانی ئالوودە لەو خانانەی بە گوێرەی یاسا ئەو ئەرکەیان خراوەتە ئەستۆ، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەتایبەتی لە لای هەزرەکاران سەبارەت بە زیان و مەترسی هۆشبەر، لە ڕێی زیاتر پیادەکردنی بەرنامەی قوتابخانە و هەڵمەتی میدیا لەم ڕووەوە. لیژنەکە دەشڵێ، دەوڵەتی لایەن دەبێ چارەسەر بۆ ئالوودەی هۆشبەر دابین بکات و بە ئاسانیش پێی بگات.
- درێژە بە کاری پتەوکردنی چاودێری تەندروستی دایك و کۆرپە و منداڵ و هەرزەکار بدرێت.
- کاری زیاتر بۆ خۆشگوزەرانی منداڵ بکرێت، نەخاسمە ئەوەی پەیوەندی بە خوێندن و چاودێری تەندروستی و ئاوی پاکی خواردنەوە و پاراستنی لە هەموو شێوەیەکی توندوتیژی.

- لیژنەکە دەوڵەتی لایەن ڕادەسپێرێت کار بۆ دابینکردنی ئاوی پاك و ئاوەڕۆ بکات، تێیدا ژینگە ڕەچاو بکرێت، خۆراکیش بە نرخی گونجاو دابین بکات و پشتیوانی لە گرووپە پزیشکییەکانی نێو کەمپی پەنابەران بکات، بە ئامانجی دابینکردنی دەرمان و پێکوت و پێداویستی پزیشکی.
- لیژنەکە دەوڵەتی لایەن ڕادەسپێرێت کە پێشینەی ئەو دانانی کار پلانێك بێت بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی کەرتی تەندروستی لەو ناوچانەی لە دەست باندەکانی چەکداری تیرۆریستی ڕزگار کراون، بە ئامانجی دروستکردن و شیاندنەوەی دامەزراوەکانی تەندروستی و کارمەند و پێداویستی تەندروستییان پێ بدرێت .
- لە حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی و دەستدرێژی بۆ سەر مەحرەم و مەترسی بۆ ژیانی دووگیان، یان تەندروستی ئەو یان زۆر شێوانی کۆرپەڵە، بە یاسا ڕێی لەباربردن بدرێت، لەباربردنی سەلامەت و خزمەتی دوای لەباربردنەکەش لەلایەن کارمەندانی مەشقکردووی تەندروستییەوە، دابین بێت.
- هەموو ژنان و کچانی کەمئەندام خزمەتگوزاری کوالێتی بەرزی تەندروستییان بۆ مسۆگەر بکرێت، لەوانە خزمەتی تەندروستی سێکسی و منداڵبوون، ڕێوشوێنی ماقووڵ و ئاسانیان بۆ دەستەبەر بێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢٩/ ٣٠/ ٣١/ ٣٢ | ٢٢١/ ٢٢٥/ ٢٢٦/ ٢٢٨ | ٣١/ ١٣٨/ ١٣٩/ ١٤٣/ ١٤٥/ ١٤٧/ ١٤٩ | ٣٤أ/ ٣٤ب/ ٣٤ج | | ٤٥/ ٤٦ | هەموو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە پیادەکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی پێشتر داندرابوون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پەرەپێدانی میکانیزمی کار.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن، کە بریتییە لە هەماهەنگی کردن لە بواری پسپۆڕایەتیدا لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار، وەزارەتی ناوخۆ، دەستەی چاودێری کەمئەندامان، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، کە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە دەگرێتە خۆ، بەگوێرەی ئەو توێژانەی پلانەکە ئاماژەیان پێ دەکات، وێڕای بەشداری پێکردنی کۆمەڵگەی پسپۆڕی مەدەنی تایبەت بە بوارەکە.
- لەبەر تایبەتمەندی کاری تەندروستی، تیمێکی پسپۆڕ لە وەزارەتی تەندروستی پێك دەهێندرێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پیادەکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە بکات.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی پسپۆڕانە مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، هاوپێچی تایبەتمەند بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو پلانە، پەیڕەو دەکرێت.

**لقی دووەم: مافی فێربوون**

لە بەرنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتیدا بکات، هەروەها ڕێکاری گونجاویش بگرێتە بەر بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی خۆماڵی و بیانی بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی قوتابخانە لەو شوێنانەی پێویستییان پێیەتی، هەروەها کار بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەردە بکات، بەو چەشنەی لەگەڵ پێوەری باودا دەگونجێت. پلانی هەرێم دەرفەتی داوە لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە بکرێت و پێشنیازی قابیلی جێبەجیکردنیش پێشکەش بکرێت.

- خوێندنی مافی مرۆڤ بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆ، درێژە بە جێبەجێکردنیشیان بدرێت، لە نێویشیدا خوێندنی پەیوەست بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و مافی منداڵ.
- درێژە بەو هەوڵانە بدرێت بۆ بەهێزکردنی کرێکارانی گەنج، بۆ نموونە لە ڕێی فێرکردن و مەشقی پیشەییەوە.
- ئاسانکردنی گەیشتنی هەموو هاووڵاتیانی هەرێم و واڵاکردنی دەرگای گەیشتن بە خزمەتگوزاریی بنەڕەتی، وەك فێربوون.
- هەوڵی بەردەوام بدرێت بۆ دەستەبەرکردنی دەرفەتی فێربوون بۆ منداڵان، نەخاسمە لە گوندەکاندا.
- بەهێزکردنی سیستەمی فێرکردن لە ڕێی زیادکردنی بودجەی کەرتی پەروەردە، بۆ ئەوەی سیستەمی فێربوون کولتووری هەموو پێکهاتەکان بنوێنێت.
- بەرەنگاربوونەوەی بابەتی ڕێژەی بەرزی ئەو منداڵانەی ناچنە قوتابخانە و بەرزکردنی ڕێژەی چوونی منداڵان بۆ خوێندن لە هەموو ئاستێکدا.
- ڕێوشوێنی گونجاو بگیرێتە بەر بۆ بەهرەمەندبوونی توێژی پەراوێزکەوتە لە خوێندن و دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ کۆچبەر و پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ.
- هەموو منداڵانی کەمئەندام بە خۆڕایی خوێندنی زانکۆ و تێکڕای قۆناغەکانی خوێندنی بەراییان بۆ مسۆگەر بێت، "سەراپا تێکەڵکردنی پەروەردە" بۆ منداڵانی کەمئەندام پیادە بکرێت و کورسی خوێندنیان لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆدا بۆ دیاری بکرێت.
- بە ڕادەی پێویست دەرامەتی مرۆیی و تەکنیك و دارایی تەرخان بکرێت، لە پێناو پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ تاکە منداڵانی کەمئەندام، لە نێویاندا منداڵی کەمئەندامی هۆش، یان دەروون- کۆمەڵایەتی و منداڵانی ئۆتیزم و منداڵانی نابینا، یان نابیست، بەو جۆرەی توانای ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت لە فێربوونی تەواو و باش بەهرەمەند بن، هەموو لەمپەرێکی بەردەم قوتابی کەمئەندام لە ڕووی بەدەستهێنانی فێربوونەوە هەڵبگیرێت، لەوانە کە پێویستیان بە بڕینی مەودای زۆرە، هەروەها کێشەی خراپی ئامرازی گواستنەوە و نەبوونی مامۆستای شارەزا لە دەستەبەرکردنی فێرکردنی سەراپاگیر و بەکارهێنانی زمانی ئاماژە و شێوازی برایل و سیستەمی ئاسان خوێندنەوە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢/ ٣/ ٤/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ٢٢/ ٢٩/ ٣٠ / ٣٢/ ٣٤/ ٣٥/ ٣٦ | ٤٩/ ٥٥/ ٥٧/ ٢١٠/ ٢٢١/ ٢٣٠/ ٢٣١/ ٢٣٢/ ٢٣٤/ ٢٧٩/ ٢٣٣ | ١٦٩ | ٣٠أ/ ب/ ج/ د/ هـ | | ٤٣أ، ب/ ٤٤أ، ب | هەموو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە پیادەکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی پێشتر داندراوە.
- بۆ پەرەپێدانی میکانیزمی کار، کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیداردا بکرێت .
- لێکۆڵینەوەی تەواو لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی ڕاسپاردەکە بکرێت، کە ئاماژەمان پێدان (فێرکردنی کەمئەندامان، خوێندن لە گوندەکان، ئاوارەی ناوخۆ، پێکهاتەکان، تێکەڵکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن و ڕۆشنبیرکردن سەبارەت بە مافی مرۆڤ، بودجەی فێرکردن، گونجاندنی فێرکردن لەگەڵ پێداویستییەکان، فێرکردنی تەکنیکی و هی دیکەش)، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیداری پاڵپشت بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بەم هاوپێچە دەبەسترێت کە تایبەتە بە میکانیزمی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ لە دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، لێکۆڵینەوەش لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بەم هاوپێچە دەبەسترێت کە تایبەتە بە میکانیزمی جێبەجێکردن.

**لقی سێیەم: مافی خۆراك**

لە ئاستی ئابووری و داراییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات بەرهەمی خۆماڵی بپارێزێت و پشتیوانی لە جووتیاران بکات و هەلومەرجی گونجاویش بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمیان لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بڕەخسێنێت، مافی خۆراك بە کارێکی لە پێشینەی بەرنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەندرێت. ئەم پلانە دەرفەتی لێکۆڵینەوە لە ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیاز کە قابیلی قبووڵ بێت، دەڕەخسێنێت.

- چڕکردنەوەی کار لە چوارچێوەی پرۆژەی سیستەمی گشتی دابەشکردندا، لە پێناو کاراکردنی مافی خۆراك بۆ هەر کەسێك، نەخاسمە کەسانی سەر بە توێژی بێبەش و پەراوێزکەوتە.
- درێژەدان بەو کار و ئەرکانەی دەخوازن ئامانجی ستراتیژی بەدی بهێنن، ئەوەی پەیوەستە بە بووژانەوە و ئاسایشی خۆراکەوە ٢٠١٨- ٢٠٢٢.
- درێژەدان بە کار و ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجی ستراتیژی خۆراك و سەلامەتی خواردەمەنی ٢٠١٨- ٢٠٢٢.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٣١ | ٧٢ | ١٣٢ | | | | - ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری - ڕێککەوتننامەی منداڵ/ -ڕێککەوتننامەی سیداو/ - جیاکاری ڕەگەزپەرستی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی بازرگانی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی کشتوکاڵ
- وەزارەتی دارایی.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

میکانیزمی جێبەجێکردن

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە بواری پیادەکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی پێشتر بڕیار دراون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پەرەپێدانی میکانیزمی کار.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق بۆ کارمەندانی ئەو بوارە.

ماوەی جێبەجێکردن

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی مەشقی تایبەتمەند دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بە هاوپێچ تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن دەبەسترێت.

## لقی چوارەم: مافی موڵکایەتی

دوای ئەوەی چەندین ڕاسپاردە لە چوارچێوەی وەرزە میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر و ئەو سەرنجانەی لە چێوەی میکانیزمی بەڵێنکاری سەبارەت بە مافی موڵکایەتیمان پێگەیشت، بەوەی کە ئەم مافە لە کاتی دەسەڵاتی داعش بەسەر چەندین ناوچەی عێراقەوە، بەتایبەتی موڵکی سەر بە پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، ڕووبەڕووی مەترسی بووەوە، ئەم گەڵاڵەیە بڕیار درا:

- جێبەجێبوونی هەموو ئەو ڕێنماییانە مسۆگەر بکرێت، کە بۆ هەموو فەرمانگەکانی تاپۆ (تۆماری خانووبەرە) دەرچوون و داوا دەکەن هەموو مامەڵەیەك لەو ناوچانە ڕابگیرێت کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی گرووپە چەکدارە تیرۆریستەکانەوە.
- ڕاگرتنی تەواوی مامەڵەی خانووبەرە لەو ناوچانەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داعش بۆ مسۆگەرکردنی مافی موڵکایەتی تایبەت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٧/ ٨/ ٢٣ | | ٨٦ | | | | - ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی شارەوانی.
- فەرمانگەی تاپۆ (تۆماری خانووبەرە)- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو، هەروەها ئەوەی بە دروستی کراوە.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پەرەپێدانی میکانیزمی کار.
- پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.

- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاویێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن بەسترێت.

**لقی پێنجەم: پاراستنی میراتی کولتووری**

میراتی کولتووری لەو ناوچانەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی داعشەوە، بە گشتی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی توند و مەترسیدار بووەوە، گەلێك شوێنەواری دێرین و پەرستگە خاپوور کران. حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ پاراستنی میراتی کولتووری پێکهاتەکان لە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان کردووە، هەروەها نۆژەنکردنەوە و بیناکردنی پەرستگە. حکومەت هانی میکانیزمی کارا و کاریگەر دەدات تا ئەو شوێنانە بەپێی پێوەری باو، ببن بە شوێنی گەشتیاری. پلانی هەرێم دەرفەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیاز دەڕەخسێنێت، کە قابیلی جێبەجێکردن بن .

- پاراستنی ئەو شوێنانەی میراتی کولتوورییان تێدایە و ڕاگرتنی خاپوورکردنی پارچە و پاشماوەی شوێنەوار کە بایەخی کولتوورییان هەیە.
- مسۆگەرکردنی پاراستنی کولتووری ئایین و میرات و کولتووری ماددی پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی.
- هەڵمەت و بەرنامەی بەرچاوڕوونی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك بەڕێوە بچێت، سەبارەت بە بایەخی میراتی کولتوور بەو هەمەچەشنەیەی.
- کار و ئەرکی زیاتر بکرێت بۆ پاراستنی شوێنانی میراتی کولتوور.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٥/ ٤٣ | ٧٠/ ٢٣٥ | ١٧١/ ١٧٣ | | | | -ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری/<br>-جیاکاری ڕەگەزپەرستی<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی دادوەری.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها ئەوەی بە کردەنی کراوە.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدواداچوونی گەڕاندنەوەی ئەو پارچە شوێنەوارانەی دزراون و بەدواداچوونی ڕێکارەکانی دادگا دەرهەق بە تۆمەتبارانی دەرەوەی عێراق.
- ئەنجومەنی دادوەری هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنانە بکات، کە لەم ڕووەوە دەکرێن.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، دەبێت پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن ببەسترێت.

**لقی شەشەم: مافی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی**

لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیردا، عێراق چەندین ڕاسپاردە و سەرنجی لە چوارچێوەی میکانیزمی پەیمانکاری سەبارەت بە مافی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی پێگەیشتووە. پێشنیازی تایبەت بە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە هاتوون، کە ئەو توێژەی زۆر پێویستی بە پاراستنی یاسایی هەیە، لە نێویاندا کەمئەندام و پیر و هی دیکەش بگرێتەوە.

- کاری زۆر بکرێت بۆ کاراکردنی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، لەوانە ڕێکاری پتەوکردنی شێوازی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
- درێژەدان بە پتەوکردنی ڕێکاری وا کە دەخوازن مافی کرێکارانی کۆچبەر دابین بکرێت، بەو جۆرەی لەگەڵ گەڵاڵەنامەی پەیوەندیداری نێودەوڵەتیدا هاوشانە.
- دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ کەمئەندامان، لە نێویاندا ژنانی کەمئەندام و کەمئەندامی دەروون- کۆمەڵایەتی، یان عەقڵی لە بازاڕی کراوەی کاردا بە چەندین شێواز، لەوانە توانای ئەوەیان پێبدرێت کاری ئازاد بکەن و مەشقی گونجاوی پیشەییان بۆ دابین بکرێت، بشتوانن بە ئاسانی قەرز بەدەست بهێنن، ڕێکاری واش بگیرێتە بەر بۆ بزواندنی خاوەن کاران تا کار بە کەمئەندامان بدەن.
- بە مسۆگەری تۆمارکردنی هەموو کەمئەندامان لە پێناو سوود وەرگرتنیان لە بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەپێی نموونەی ڕەفتارکردن لەگەڵ کەمئەندام لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە.
- بە چڕی کارکردن بۆ پیادەکردنی یاسای کاری تایبەت بە تەمەنی هەرە بچووکی کارکردن و مەرجی کارکردنی منداڵان.
- لە کەرتی تایبەتدا سیاسەتی گەشەپێدان بگیرێتە بەر بۆ زیادکردنی دەرفەتی کار و دەستەبەرکردنی ئاماری پۆلێنکراو سەبارەت بە گەندەڵی.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ١٤/ ١٦/ ٢٩/ ٣٠/ ٣١/ ٣٢ | ١١٧/ ٢٢٠/ ٢٩٨ | ١١٧/ ١١٩/ ١٢٣ | | | ٤٩/ ٥٠/ ٥١/ ٥٢ | - ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری/ - ڕەگەزپەرستی - پەیماننامەی عەرەبی/ - ڕێککەوتننامەی منداڵ - ڕێککەوتننامەی سیداو - کەمئەندامان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی دارایی.
- سەندیکای کرێکارانی کوردستان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها لەبارەی ئەوەی بە کردەنی بەدی هاتووە.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ پیادەکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- ♦ بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- ♦ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانەی پێویستییان بە یاسا نییە.
- ♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگدا بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی پەیڕەو بکرێت.

## بەشی چواردەیەم

## گەشە و نەهێشتنی هەژاری

**ئامانج**: نەهێشتنی هەژاری کە یەکێکە لە ئامانجەکانی گەشە و بەدیهێنانی ئاستێکی شایستەی گوزەران بۆ بەهرەمەندبوون لە ماف

پاش ئەوەی لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیردا، چەندین ڕاسپاردە دەربارەی تێکەڵکردنی مافی توێژی تایبەت لەگەڵ بەرنامەی گەشەدا دەخرێنە ڕوو، لە نموونەی توێژی کەمئەندام و ئافرەت و دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ نەهێشتنی هەژاری، هەرێمی کوردستان کار بۆ لە ئەستۆ گرتنی پلان و دانانی ڕێکاری وا دەکات، بە ئامانجی نەهێشتنی هەژاری لە ڕێی ستراتیژ و سیاسەتی تایبەتەوە. پلانەکەی هەرێم دەرفەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ جێبەجێکردنیان، دەڕەخسێنێت.

- درێژەدان بە چاکسازی بە ئامانجی باشکردنی توانای دامەزراوەکان بەو شێوەیەی لەگەڵ پلانی بەردەوامیساڵی ٢٠٣٠ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگونجێت.
- درێژەدان بە جێبەجێ کردنی ستراتیژی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵانی (٢٠١٨- ٢٠٢٢) و پلانی گەشەی نیشتمانی بۆ ساڵانی (٢٠١٨- ٢٠٢٢) و دەستەبەرکردنی دەرامەتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی، لە پێناو بەدیهێنانی ئاستێکی باشتری گوزەران بۆ دانیشتووان و بەدیهێنانی ئامانجی گەشەی نەبڕاوە.
- درێژەدان بە بەهێزکردنی سیاسەتی نەخشەدانانی شارستانی بۆ مسۆگەرکردنی گەشەی تەواو بۆ هەموو دانیشتووان.
- پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی گەشە بە ئامانجی چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان، وەك هەوڵێك بۆ پتەوکردن و پاراستنی مافی مرۆڤ.
- بە مسۆگەری تەرخانکردنی خەرجی پێویست بۆ ئەوەی پلان و ستراتیژی وابەستە بە گەشە و کەم کردنەوەی هەژاری بەکارایی جێبەجێ بکرێ.
- دانانی ستراتیژێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی هەژاری لەو پارێزگایانەی داعش پەلاماری دان.
- درێژەدان بە پتەوکردن و پیادەکردنی سیاسەت و ستراتیژێك کە دەخوازێت هەژاری کەم بکاتەوە، لە ڕێی پەیڕەوکردنی بەرنامەی وا کە دانیشتووان سوودی لێ ببینن، لە پێناو بەدیهێنانی زۆرترین ڕێژەی گەشە و خۆشگوزەرانی.
- زیاتر پتەوکردنی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشکردنی ئاستی بژێویی خەڵك.
- باشکردنی هەلومەرجی ژیانی ئاوارە و زیادکردنی دەرامەتیان و پرسی ئەوان بخرێتە نێو بەرنامەی کۆمەکی کۆمەڵایەتی وەك کاری لە پێشینە.
- درێژەدان بە هەوڵ و کۆشش بۆ کەمکردنەوەی هەژاری، بەتایبەتی لە گوندەکاندا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢٢/ ٢٥/ ٢٦ | ٥٢/ ٦٩/ ٧٥/ ١١٦/ ١١٩/ ٢١٧/ ٢٢٢/ ١١١/ ١١٨/ ١٢٠/ ٢١١/ ٢١٢/ ٢١٤/ ٢١٥/ ٢١٦/ ٢٢٣/ ٢٢٤/ ٢١٨/ ٢١٩ | ١٢٩/ ١٣٠ | ٦/ ١٦أ/د | | ١٣/ ١٤/ ٥١/ ٥٢/ ٦١/ ٦٢ | -هەردوو پەیمان<br>-ڕەگەزپەرستی<br>-ڕێککەوتننامەی سیداو<br>-ڕێککەوتننامەی منداڵ<br>- بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە ئاکامی جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژ.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆجێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و پێشکەشکردنی پێشنیازەکانی جێبەجێکردن.
- دانانی پێشنیاز بۆ بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.
- جێبەجێکردنی پێشنیازی وا کە پێویستی بە یاسا نییە.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگ لە پەیڕەوکردنی پلانەکەدا، بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
- دانانی میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن دەبەسترێت.

## بەشی پازدەیەم

## بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

**ئامانج:** نەهێشتنی گەندەڵی بۆ بەدیهێنانی کەشی گونجاو بۆ بەهرەمەندبوون بە مافی مرۆڤ

لەسەر ئاستی چاکسازی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارێکی لە پێشینەی بەرنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە (١٣) ڕێچکەی گشتی وەك ئامانجی سەرەکی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەستنیشان کردووە، هەروەها حکومەتی هەرێم ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ساڵانی (٢٠١٧- ٢٠٢٢) ئامادە کردووە، کاریش دەکات بۆ ئەوەی ڕوونکارانە کار بکات، بەرەنگاریی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی بە هەموو شێوەکانیان دەبێتەوە، هەروەها بە فیرۆنەدانی سامانی گشتی، پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی، بەجێگەیاندنی ئەم ڕێکارانە دەگرنە ئەستۆ. پلانی هەرێم دەرفەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیاز کە قابیلی جێبەجێکردن بێت، دەڕەخسێنێت.

- پتەوکردنی ئەو کارانەی ئامانجیان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕییە، بەو جۆرەی بە تەواوی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا دەگونجێت، بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانی لە ڕووی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی گشتی.
- درێژەدان بەو ئەرکەی ئامانجی نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕییە.
- پۆلێنکردنی ئاستەکانی گەندەڵی و دانانی پێشینە بە گوێرەی مەترسی هەر جۆرەی گەندەڵی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.
- کاری بەردەوام بکرێت بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا و مسۆگەربوونی بەرقەرارکردنی داد بە شێوەیەکی بێگەرد و سەربەخۆ، لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و وەستان دژ بە بابەتی دەربازبوون لە سزا.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١١٣/ ١١٤/ ١٣١/ ١٦٨ | | | | | هەموو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- دەسەڵاتی دادوەری.
- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- لیژنەی دەستپاکی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی دارایی- دیوانی چاودێریی دارایی.
- دەستەی دەستپاکی.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو، هەروەها نیشانەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و لە نێویاندا نیشانەکانی دارایی و دادوەری.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.
- هۆشیارکردنەوەی هەموو توێژەکانی کۆمەڵ سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

ماوەی جێبەجێکردن

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی یەکەمین شەش مانگی کارکردن لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لە ماوەی سێ مانگ لە پەیڕەوکردنی پلانەکەدا، بەرنامەیەکی تایبەتمەندی مەشق دادەندرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپادەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن دەبەسترێت.

## بەشی شازدەیەم
## مافی ژینگەی پاک

**ئامانج**: ژینگەیەکی پاک و پوخت

کارێکی لە پێشینەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوود وەرگرتنە لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی (ئاوی خواردنەوە) کە بە هەموو هاووڵاتیان بگەیەندرێت، بە بێ ئەوەی ئاوی ژێر زەوی بە فیڕۆ بچێت و ژینگەش بپارێزرێت. بۆ مسۆگەرکردنی بەهرەمەندبوون لە مافی ژینگەی پاک، پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە شەڕ و هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بوون بە مایەی زیاتر پیسبوونی ژینگە بە چەندین هۆکار، لەوانە مینی زەوی و پاشماوەکانی جەنگ،

هەروەها پیسبوون بە پاشماوەی مرۆڤیش کە دەخرێتە نێو رووبار و ئاوەڕۆ. پلانی هەرێم دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردەیە و پێشکەشکردنی پێشنیازی وا کە قابیلی جێبەجێکردن بێت.
- درێژەدان بە ڕێکاری پاراستنی ژینگە لە ڕێی پلانێك بۆ گەشەی بەردەوام.
- کارکردن بۆ هەموارکردنی یاسای پاراستن و باشکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.
- کارکردن بۆ هەموارکردنی یاسای دەستەی پاراستن و باشکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠.
- کارکردن بۆ هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕاو و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندە.
- دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بە پاراستنی ژینگە.
- کار کردن بۆ مافی ژیان لە ژینگەیەکی پاك وەك مافێکی دەستووریانەی تاکە کەس، بەپێی ماددەی (٣٣) لە دەستووری عێراقدا.
- درێژەدان بە کار بۆ دابینکردنی گەشەی بەردەوام و کارا بۆ دەرامەتی ئاو، هەروەها بەهێزکردنی تەکنۆلۆژیای نوێی ئاودێری.
- ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆیی لە بەکاربردنی ماددەی پلاستیك و ڕیسایکلینکردن.
- گەڕاندنەوەی ماددەی ماوە بەسەرچوو بۆ وڵاتی بەرهەمهێن لە بری فەوتاندنی لە خاکی هەرێمدا.
- درێژەدان بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی تایبەتمەند بە کاری پەیوەست بە مین، ئەوەی پەیوەستە بە پرۆسەی سەراپاگیر لەبارەی مینەوە، بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی ڕەوشێکی ئارامی ژیان بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ و گەڕاوەکان.
- بە چڕی کار بۆ لابردنی هەموو جۆرە پاشماوەیەکی جەنگ و هۆشیارکردنەوە لەبارەی هەمەجۆر پاشماوە بکرێت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری پاراستنی منداڵانی بریندار، یان نەخۆش کە هەموو جۆرە چاودێرییەکی تەندروستی بخرێتە خزمەتیان.
- خزمەتگوزاریی کوالێتی بەرزتر پێشکەش بە قوربانییانی تەقەمەنی و ڕزگارانی تەقینەوە بکرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەسانی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣١/ ٣٣ | ٧٨/ ١١٢/ ١١٥/ ١٣٠/ ٢٢٧ | ١٣٩/ ١٤٥/ ١٤٧ | | | | - ڕەگەزپەرستی<br>- ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری<br>-بەڵێننامەی عەرەبی |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.
- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی بازرگانی.
- وەزارەتی کشتوکاڵ.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی پەروەردە.
- دەستەی ژینگە.
- دامەزراوەی گشتی کاروباری مین.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو .
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
♦ هەموارکردنی یاساکانی بەرکاری تایبەتمەند بە پاراستنی ژینگە لە هەرێم.

**ماوەی جێبەجێکردن**

• جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگ کارکردن، لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
• لە ماوەی سێ مانگ لە پەیڕەوکردنی پلانەکە، بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق دابندرێت.
• لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
• بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بەو هاوپێچە ببەسترێت کە تایبەتە بە میکانیزمی جێبەجێکردن.

**بەشی حەڤدەیەم**

**مافی ئافرەت**

**ئامانج**: نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ئافرەتان بە گوێرەی پەیوەستی نێودەوڵەتی عێراق دۆسیەی مافی ئافرەت و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت، هێشتا مایەی بایەخ پێدانی لایەنانی نێودەوڵەتییە، لەم ڕووەوە عێراق چەندین ڕاسپاردە و کۆتا تێبینی لەلایەن لیژنە و بڕیاردەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبەوە، پێگەیشتووە.

- چاککردنی یاساکان بۆ مسۆگەرکردنی داد، پشتیوانیکردن لە ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و لێپرسینەوە لە تاوانباران، بەو چەشنەی کە کۆیلایەتی سێکسی و بارزگانیکردن بە سێکس بە نایاسایی دابندرێت، بەوەی تاوانێکی جودایە لە تاوانی ڕفاندن یان گلدانەوە.
- مسۆگەرکردنی جێبەجێ بوونی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.
- سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ تواناسازی، ژنانی لادێ بگیرێتە بەر، بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوان.
- مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان لە دانانی یاسا و بەرنامەی تایبەت بە گۆڕانی کەش و کەمکردنەوەی مەترسی کارەساتەکانی ژینگە.
- دانانی ستراتیژێك کە مەترسی جیاکاری و خەوشاندن و پەراوێزکردنی ژنان و منداڵانی ئاوارەی ناوخۆ ڕەچاو بکات، ئەوانەی سەر بە ڕێکخراوی داعشن، هەروەها ژنانی ڕزگار بوو و گەڕاوە و پەراگەندە و ئامادەکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ شیاندن و تێکەڵ کردنەوەیان لە نێو کۆمەڵدا.
- لە دامەزراندنی فەرمانبەراندا ڕەچاوی هاوسەنگی نێوان هەردوو ڕەگەز بکرێت، وەزارەت و پۆستی باڵای سیاسیش بە هەردوو لا بدرێت.
- مسۆگەرکردنی بەشداری ژنان، لە نێویاندا ژنانی پێکهاتەی ئایین و نەتەوە و ئایینزا، لە پرۆسەی نێودەوڵەتی ئاشتی و میکانیزمی دادی ڕاگواستە و پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا.
-ستراتیژێکی سەراپاگیر بگیرێتە بەر بۆ نەهَیشتنی تەرزبەندی جیاکاری و هەموو کردارێکی زیانبەخش وەك بە شوودانی منداڵ و هاوسەرگیری کاتی.
- پشت بەستن بە جاڕنامە و پەیڕەوی (بیجین) لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانییەکی کردەنی لە نێوانی ژن و پیاودا.
- دانانی سیاسەتێکی سەراپاگیر بۆ دووبارە شیاندنەوەی ژنان و کچان، ئەوانەی بە ناچاری لە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش مارە کران و ئەوانەی کرانە کۆیلە، یان ئەتکی ناموس کران، یان ڕووبەڕووی شێوەی دیکەی توندوتیژیی سێکس و جەستە بوونەتەوە، کە بریتییە پێشکەشکردنی خزمەت و پشتیوانیی پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی تێکەڵکردنیان لە نێو کۆمەڵ و دابینکردنی پەناگە/ بنکەی داڵدەدانی ئەو قوربانییانەی وێڵی دوای پەناگەیەکی ئارامن، ئەو بنکانەش هەموو پێداویستێکیان تێدا دەستەبەر بکرێت.
- زیاتر بەهێزکردنی میکانیزمی بەرکار لە ئاستی نیشتمانیدا بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزان و پاراستنی هەموو قوربانییەکانی.
- درێژەدان بە باش جێبەجێکردنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێ و کارکردن بۆ دەورەدانی تا گەیشتن بە قۆناغی بە تەواوی نەهێشتنی.
- بەهێزکردنی هەموو ئەو کارانەی دەخوازن هەموو شێوەیەکی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژن قەدەغە بکەن و بەرەو ڕووی دەبنەوە، لە ڕێی بە تەواوی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژ بە ژن و گرتنەبەری

زۆرترین ڕێوشوێن بۆ قەدەغەکردن و ڕیشەکێشکردنی هەڵسوکەوتی زیانبەخش بۆ نەهێشتنی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێ و بەشوودانی زوو و بە زۆر بە شوودانی کچان.

- چڕکردنەوەی کاری بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی فرەلایەن کە ژنان و کچانی کەمئەندامی تووشی دەبن، ڕێکاری کاراش لەم ڕووەوە بگیرێتە بەر، نەخاسمە لە ناوچەی گوندنشین و ژنانی ئاوارە یان پەنابەر یان کۆچبەر یان ژنانی پێکهاتەی ئەتنیکی یان ئایین، یان زمان.
- لە بازاڕی کراوەی کاردا، دەرفەتی کار بۆ کەمئەندام بدۆزرێتەوە، بە ئاسانیش قەرزیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کاری ئازاد بکەن، مەشقی گونجاوی پیشەییان بۆ دەستەبەر بێت، ڕێکاری ئەوتۆش بگیرێتە بەر تا خاوەن کارکەسانی کەمئەندام دابمەزرێنن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢/ ٣/ ٧/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٨/ ١٩/ ٢٠/ ٢٢/ ٢٩/ ٣٠/ ٣١/ ٣٢/ ٣٤/ ٣٥/ ٣٦/ ٣٩/ ٤٤/ ٤٥/ ٤٩ | ٤٠/ ٤٥/ ٥٨/ ٢٦٠/ ٧٧/ ٧٩/ ٨٤/ ٢٤١/ ٢٥١/ ٩٣/ ٩٤/ ٩٦/ ٢٦٤/ ٢٤٠/ ٢٤٧/ ٢٤٨/ ٢٥٦/ ٢٥٩/ ٩٧/ ١٠١/ ١٠٢/ ١٠٤/ ١٠٦/ ١٠٧/ ١٤٨/ ١٥٤/ ١٧٤/ ٢٣٧/ ٢٣٩/ ٢٤٦/ ٢٤٢/ ٢٤٣/ ٢٤٤/ ٢٤٥/ ٢٥٨/ ٢٥٢/ ٢٥٥/ ١٧/ ٢٥٧/ ٢٦٥/ ٢٦٦/ ٢٧٠/ ٢٧٢ | ٣٨/ ١٠٤/ ١٠٨/ ١٢١ | ١٢أ، ب، د/ ١٨أ/ ٢٢هـ/ ٣٢أ/ د، هـ/ ٣٦ب/ ج/ ٤٤/ ٤٦ | ٢٤ | ١٣/ ١٤/ ٤٥ج/ ٤٩ب/ ٥٠ب/ ٥٣ج/ ٥٤ج/ ٦٣أ/ ٦٤أ | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- لیکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو پێشکەش بکرێت.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- لەبارەی بابەتی هاوبەشەوە، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بکرێت.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی و ناوخۆدا بکرێت.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن ببەسترێت.

## بەشی هەژدەیەم
## مافی منداڵ

**ئامانج**: منداڵ سامانێکە هەر دەبێ بمێنێت و گەشەی پێ بدرێت و بەرژەوەندی لە پێشدا بێت و رێز لە رای بگیرێت.
لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیردا، عێراق چەندین راسپاردەی لەبارەی مافی منداڵانەوە پێگەیشتووە، بەتایبەتی منداڵانی نێو ریزی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ئەمەش وای کرد نەتوانن لە مافی خۆیان بەهرەمەند بن، بەتایبەتی لە مافی تەندروستیی خوێندن و فێرکردن و مافی بەدەستهێنانی ناسنامە. پلانی هەرێم دەرفەت بۆ لێکۆڵینەوە لەم راسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیازی قابیلی جێبەجێ، دەرەخسێنێت.
- چڕ کردنەوەی کار بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٠ی لاهای، سەبارەت بە لایەنی مەدەنی لە رفاندنی منداڵ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە رێی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندی و دانانی رێوشوێنی پێویستی نیشتمانی.
- پیادەکردنی بنەمای دانانی باشترین بەرژەوەندی منداڵ، وەك پێوەری بنەرەت لە هەموو رێکار و بڕیارێکی یاسایی و کارگێڕی و دادوەری کە دەرهەق بەو دەدرێن، هەروەها لە هەموو ئەو سیاسەت و بەرنامە و پرۆژانەی پەیوەستن بە منداڵەوە.
- بەرنامەی رۆشنخوازی لەبارەی مافی مرۆڤ، لە نێویشیدا مافی منداڵ، لەنێو پرۆگرامی خوێندنی هەموو قۆناغەکان لە نێویاندا قۆناغی زانکۆ، دابندرێت.
- نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە منداڵ و بەرەنگاربوونەوەی ریشەی هۆکاری خزاندنیان بۆ نێو لەشفرۆشی یان سەودای کڕین و فرۆشتن، وێڕای درێژەدان بە جێبەجێکردنی چوارچێوەکانی وەگەڕخستن لەم رووەوە.
- لێکۆڵینەوە لە هەموو گوتە و قسەیەك کە لەبارەی ئەشکەنجە و شێوەی دیکەی رەفتار یان سزای توند، یان نامرۆڤانە، یان سووکایەتیکردن بە منداڵەوە هەبێت، لە پێناو دەربازنەبوونی تاوانباران لە سزا.
- دابینکردنی چاودێری دەروونی بۆ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی منداڵ و مسۆگەرکردنی چاکبوونەوەیان لە رووی جەستە و دەروون و ئاوێتەکردنەوەیان بە کۆمەڵ.
- مسۆگەرکردنی مافی منداڵ لە رووی دیتنی دایك و باوکەوە و یەکسانکردنی دایك و باوك لە رووی مافی پارێزبەندییەوە.
- دابینکردنی دەرامەتی مرۆیی و تەکنیك و دارایی بە ئەندازەی پێویست، بۆ دووبارە شیاندنەوەی منداڵان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی دەروون تەندروستی، ئاوەرۆ، شوێنی ئارام، خوێندن و مەشقی پیشەیی بۆ ئەوان.
- بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتی چەکدارکردنی منداڵ و مسۆگەرکردنی بەشداری نەکردنیان لە ململانێی چەکداری و مسۆگەرکردنی بە یاسا پەیدۆزکردنی هەموو ئەوانەی ساغ دەبێتەوە کە بەشدارییان لەو کارەدا کردووە.
- رزگارکردنی ئەو منداڵانەی لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بە دیل گیراون و بگەڕێندرێنەوە بۆ نێو خێزانەکانیان.
- هەنگاوی پێویست بهاوێشترێت بۆ بڕیاردانی یاسای منداڵ و رێوشوێنی گونجاویش بۆ پیادەکردنی بە شێوەیەکی کارا بگیرێتە بەر.

| دەستووری عێراق | راسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی رەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەمئەندام | رێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢/ ٣/ ٧/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٩/ ٢٢/ ٢٩/ ٣٠/ ٣١/ ٣٢/ ٣٤/ ٣٥ | ٤٠/ ٨٤/ ١٠١/ ١٠٢/ ١٥٤/ ٢٥٨/ ١٥٨/ ٢٠٩/ ٢٦٨/ ٢٦٩/ ٢٧٢/ ٢٧١/ ٢٧٤/ ٢٧٣/ ٢٧٥/ ٢٧٦/ ٢٧٧/ ٢٧٨/ ٢٨٠ | ٦٢/ ١١٠/ ١١١/ ١١٢ | | | ١٥/ ١٦ | تێکڕای رێککەوتننامە نێودەڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی تەندروستی
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ پیادەکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن دەبەسترێت.

## بەشی نۆزدەیەم
## مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت

ئامانج: کەسانی کەمئەندام بە تەواوی ئاوێتە بکرێن و هەلومەرجی ئاسان بۆ بەهرەمەند بوونیان دابین بکرێت بە ماف و ئازادی

وێڕای هەلومەرج و ئاستەنگ کە هەرێمی کوردستان لە ماوەی پێشوو ڕووبەڕووی بووەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم پێشتر و ئێستاش سووره لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی سەر شانی لە بواری مافی مرۆڤدا، بەپێی تواناش هەوڵ بەو ئاراستەیە دەدات، لە نێویاندا مافی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت. یاسای ماف و دەسکەوتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ دەرچوو، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە ئەوانیشی گرتە ئەستۆ، چەندین ڕێنمایی دەرکرد کە مافی ئەم توێژە دابین دەکات. پلانی هەرێم دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیازی وا کە شیاوی جێبەجێکردن بێت.

- مسۆگەرکردنی بەهرەمەندبوونی منداڵانی کەمئەندام لە هەموو ئەو مافانەی لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون، ڕووبەڕووبوونەوەی خەوشی و جیاکاری دەرهەق بە منداڵانی کەمئەندام، نەخاسمە ئەوانەی ڕووبەڕووی جیاکاری فرەلایەن دەبنەوە و ئەو نەریتە باوانەی زیانیان پێ دەگەیەنێت.
- دانانی ستراتیژێك بۆ دابینکردنی تەکنیك و ئامرازی یارمەتیدەری ڕاستەوخۆ و پرۆگرامی مۆبایل و وەرگێڕی پیشەگەری زمانی ئاماژە و ئامرازی دیکە، بۆ ئاسان گەیشتن بە تەلار و دامەزراوەی دیکە و ئامرازی گشتیی گواستنەوە و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەکنەلۆژیای زانیاریی و گەیاندن و پەیوەندی .
- تەرخانکردنی دەرامەتی مرۆیی و تەکنیك و دارایی پێویست بۆ شیاندنەوەیان و دابینکردنی خزمەتی دەروون تەندروستی، ئاوەڕۆ، شوێنی ئارام، خوێندن و مەشقی پیشەیی.
- مسۆگەرکردنی توانای گەیشتنی هەموو کەمئەندامێکی هۆش، یان دەروون، یان کۆمەڵایەتی بە هەموو ڕێکارێکی دادوەری بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی دیکە، لە ڕێی دابینکردنی ڕێکاری گونجاو لە ڕووی ڕەگەز و تەمەنەوە .
- ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی بەردەستبوونی توانا بۆ هەموو کەسێکی کەمئەندامی دەروون، کۆمەڵایەتی، یان هۆش، یان کەسانی نابینا و نابیست، کە پەنا ببەنە بەر دادگا، بە نەهێشتنی هەموو ئەو لەمپەرانەی ڕێیان لێ دەگرێت، بۆ مسۆگەرکردنی مافی بەشداریکردنی کردەیی ئەوان لە هەموو ڕێکارێکی دادوەری و دەستەبەرکردنی زانیارییەك کە پێگەیشتنی ئاسان بێت، وەك شێوازی برایل و سیستەمی ئاسان خوێندنەوە و ئەو ئامرازانەی بە پێست و زمانی ئاماژە کار دەکەن، توانای ئەوەشیان بۆ بڕەخسێت پێیان بگەن، هەروەها زیادکردنی ژمارەی وەرگێڕانی شیاوی زمانی ئاماژە.
- دانانی میکانیزمێکی چاودێری بۆ ڕێگرتن لە ئەشکەنجە و چەشنی دیکەی ڕەفتاری توند، یان نامرۆیی، یان سووکایەتی لە هەموو ئەو ڕێڕەوانەی کەمئەندام تێیاندا ئازادی خۆی لەدەست دەدات، لە نێویاندا نەخۆشخانەی دەروونی و چاکسازی و خانەی پەککەوتە و بنکەی شیاندنەوە و خانەی چاودێری.

- دانانی میکانیزمێك بۆ سکاڵا بەو جۆرەی کەمئەندام بە ئاسانی پەنای بۆ ببات و بەدوایدا بچێت و لێپرسینەوە بکرێت و کەسانی تۆمەتبار بە ئەشکەنجە و خراپ ڕەفتارکردن دادگایی بکرێن و سزا بدرێن و یارمەتی قوربانییان بدرێت بە پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی و زانیاریشیان بە ئاسانی بەدەست بگات.
- کاراکردنی هێڵی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی حاڵەتی توندوتیژی خێزان بەو جۆرەی لە بەر دەستی کەمئەندام بێت.
- زیادکردنی ئەو جۆرە خزمەتەی دەستەی چاودێری کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت پێشکەشی دەکات، بەو جۆرەی دابینکردنی یەکەی گونجاوی نیشتەجێ بگرێتەوە، هەروەها پەرۆشی نواندن لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیاریی نوێ و باش پۆلێنکراو لەبارەی ئەو خزمەتانەوە.
- ڕێکاری دەمودەست بگیرێتە بەر بۆ مسۆگەرکردنی خوێندنی بە خۆڕایی بۆ هەموو منداڵێکی کەمئەندام.
- زیادکردنی بەشی تایبەت بە کەمئەندامان لە کارمەندانی کەرتی گشتی.
- بەشداریکردنی کەمئەندام لە هەڵبژاردن ئاسان بکرێت و چوونیان بۆ نێو بنکەی دەنگدان تا دەنگ بدەن، بە سووك و ئاسانی مسۆگەر بکرێت.
- پتەوکردنی مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری بۆ کەمئەندامان.
- بە خۆڕایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ کەمئەندامی تەندروستی، دووپات بکرێتەوە .

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢/ ٣/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٨/ ١٩/ ٢٠/ ٢٢/ ٣١/ ٣٢/ ٣٤/ ٣٥ | ٢٩٢/ ٢٩٣/ ٢٩٤/ ٢٩٥/ ٢٩٦ | ١٥٢/ ١٥٣/ ١٥٧/ ١٥٩/ ١٦١/ ١٦٣/ ١٦٥/ ١٦٦ | ٣٨أ/ ب/ ج | | ٨/ ٩/ ١٠/ ١٣/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٧/ ١٨/ ١٩/ ٢٠/ ٢١/ ٢٢/ ٢٣/ ٢٤/ ٢٥/ ٢٦/ ٢٧/ ٢٨/ ٢٩/ ٣٠/ ٣١/ ٣٢/ ٣٥/ ٣٦/ ٣٧/ ٣٨/ ٣٩/ ٤٠/ ٤١/ ٤٢/ ٤٤/ ٤٥/ ٤٦/ ٤٧/ ٤٨/ ٥٠/ ٥١/ ٥٢/ ٥٣/ ٥٤/ ٥٧/ ٥٨/ ٦١/ ٦٢/ ٦٤ | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- پێشکەشکردنی پێشنیاری جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی دەبەسترێت .

## بەشی بیستەم
## مافی ئاوارەی ناوخۆ

**ئامانج**: گەڕانەوەیەکی سەلامەت و ڕێ نەدان بە جیاکاری لە ڕووی بەهرەمەندبوون بە ماف بۆ هەموو ئاوارەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانایەکی خۆی خستە کار بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و دەرکراو و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بنەڕەت و پێویست، وەك ئاو و کارەبا و خوێندن، سەرباری مسۆگەرکردنی مافەکانیان. حکومەتی هەرێم پشتیوانی لە گەڕانەوەی ئازادانەی ئاوارە بۆ زێدی خۆیان کرد، حکومەتی هەرێم دژی ئەوەیە ئاوارە بە زۆر بگەڕێندرێنەوە، داوایان لێ دەکات دوای دەستەبەربوونی ئاسایش و ئارامی ئابووری بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بەڵام لەم کاتەدا هێرشی تیرۆریستان و ڕفاندن بوونەتە لەمپەر لە بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان کە ئێستا ئارامی و ئاسایش لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا دەژین. پلانی هەرێم دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیازی وا کە جێبەجێ بکرێت.

- بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی ئاوارەی ناوخۆ زۆر بە خێرایی، داواش لەلایەنانی کارا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت، کۆمەکی ماددی و تەکنیك پێشکەش بکەن، بە ئامانجی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە چنگی گرووپەکانی چەکداری تیرۆریستی ئازاد کران، تا گەڕانەوەی ئاوارە بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان بە خوایشت بێت.
- درێژەدان بەو هەوڵانەی دەخوازن پاراستن و کۆمەکی مرۆیی پێشکەش بە ئاوارەی شەڕی ناوخۆ بکەن، نەخاسمە ژنان و منداڵان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆییەوە.
- پێشکەشکردنی کۆمەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی گەیشتنی خزمەتی تەندروستی بە کەمپەکان.
- پشتیوانی تەواو بۆ ئەو قوربانییانە دابین بکرێت کە بە هۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە هەڵاتوون، لە نێویدا دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و دابینکردنی خۆراك و پشتگیریکردنی یەکەی پزیشکی لە نێو کەمپی پەنابەراندا.
- بەهێزکردنی گەیشتنی ئاوارەی ناوخۆ بە خوێندن.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | تێبینییەکانی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێکڕای ئەو ماف و ئازادییەی بە گوێرەی دەستوور بڕیار دراوە. | ١٠٠/ ١٠٢/ ١٣٣/ ٢١٣/ ٢٢٩/ ٢٩٧ | ١٠/ ١٢/ ١٣٤/ ١٣٨ | ٤٠أ/ ب/ ج | ٣٨ب/ ج | ١٣ب/ ١٤ب/ ١٥ب/ ١٦ب/ ٢١أ/ ٢٢أ | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ➢ وەزارەتی ناوخۆ.
- ➢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ➢ وەزارەتی تەندروستی.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە.
- ➢ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- ➢ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- ➢ وەزارەتی کارەبا.
- ➢ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- ➢ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن.

- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ پیادەکردنی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەت بە مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم جێبەجێ دەکرێت، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگی کارکردن، لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بە گوێرەی ماوەی پلانەکە، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە جێبەجێکردن دەبەسترێت.

## بەشی بیست و یەکەم
## پڕکردنەوەی زیان (قەرەبووکردنەوە)

**ئامانج:** ڕێ لە بەردەم قەرەبووکردنەوەیەکی دادوەرانەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بکرێتەوە قەرەبووکردنەوەی زیان کاریگەری لە پێشینەی بەرنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە ڕێی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە خزمەتێك بە خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوربانییانی جەنگ و تیرۆر، هەروەها بریندار و قوربانییانی شاڵاوەکانی جینۆساید و زیندانییانی سیاسی.

- هەنگاوی بە پەلە بنرێت بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی پزیشکی و دەروونی و ماددی، لە نموونەی هەر شێوەیەکی پشتیوانی بۆ قوربانییان و قەرەبووکردنەوەیان بە شێوەیەکی گونجاو، کە گەڕاندنەوەی ماف و قەرەبووکردنەوە و شیاندنەوە و ئاشتکردنەوە و دووبارەنەبوونەوە بگرێتەوە، نەخاسمە بۆ کەمئەندامان.
- دابینکردنی ڕێکاری دادخوازانەی کار و ئارام و قەرەبووکردنەوەی زیانی قوربانییانی ئەشکەنجە بۆ گەیاندنی هەر تاوانێك.
- هانی قوربانی بدرێت کە لە هەمەجۆر ڕێگایەکەوە ئاگاداری و سکاڵا دەرهەق بەو پێشێلکارییە پێشکەش بکەن کە بەرانبەریان دەکرێت، هەروەها قەرەبووی تەواو و پاراستنی پێویستیان بۆ دەستەبەر بێت.
- قوربانییانی ئەو ناوچانەی کەوتنە ژێردەستی ڕێکخراوی چەکداریی تیرۆریستییەوە و کەسوکاریشیان، قەرەبووی تەواو و دادیان بۆ دەستەبەر بێت .

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ١٨هـ | ١١أ/ ١٢أ/ ٢٧أ/ ٢٨أ/ ٢٩ب/ ٣٠ب | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی دارایی.
- وەزارەتی پلاندانان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

- ➢ ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پەرەپێدانی میکانیزمی کار.
- ♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- ♦ دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق لە ماوەی سێ مانگدا.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردن دەبەسترێت.

**بەشی بیست و دووەم**

**مافی پێکهاتەکان و قەدەغەکردنی جیاکاری**

**ئامانج**: هەمووان لە بەردەمی یاسادا یەکسانن، بێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز، یان ڕەچەڵەك، یان نەتەوە، یان بنەچە، یان ڕەنگ، یان ئایین، یان ئایینزا، یان بیروباوەڕ، یان ڕا، یان دۆخی ئابووری یان کۆمەڵایەتی

لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیردا، عێراق گەلێك ڕاسپاردەی لەبارەی مافی پێکهاتەکان و قەدەغەکردنی جیاکاری پێگەیشتووە، نەخاسمە پاش ئەوەی پێکهاتەکان ڕووبەڕووی تاوانی دژە مرۆیی و تاوانی جینۆساید و بەزۆر کۆچ پێکردن و کۆیلایەتی سێکسی و داگیرکردنی زەویوزار و ڕێگرتن لە پیادەکردنی ئازادی ئایینییەوە. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بۆ پاراستنی پێکهاتەی ئایین و ئەتنیك و ڕەچەڵەك بە ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ و یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی بۆ پێکهاتەکانی ئایین کردەوە، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکانیشی کردەوە. پلانی هەرێم دەرفەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕاسپاردانە و پێشکەشکردنی پێشنیازی شیاو بە جێبەجێبوون، دەستەبەر دەکات.

- پەلەکردن لە پرۆسەی یاسا و سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی زەویوزاری جێ ناکۆك بە ئامانجی مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان، بەم جۆرە دەوڵەتی هاوبەش دەبێتە زامنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن گرووپەکانی نەتەوەیی و ئایینی کە لەسەر ئەو خاکی جێ ناکۆکەدا دەژین.
- زانیاری و داتا لەبارەی ئەو سکاڵایانە بنووسرێت کە پەیوەستن بە ڕەگەزپەرستی و بە کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و دادگای ناوخۆ دەگەن، هەروەها ئەنجامی ئەو سکاڵایانە، لە نێویشیاندا بڕیاری تاوانبارکردن یان ئەو ڕێکاری تەمبێکردن و قەرەبووەی پێشکەش بە قوربانییان دەکرێت.
- هەموو ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ مسۆگەرکردنی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادی بنەڕەتی کەسانی سەر بە هەموو پێکهاتەکان.
- کاراکردنی جاڕنامە و کارنامەی (دێربان)، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کۆتا بەڵگەنامەی کۆنگرەی نمایشکردنی دێربان .
- مسۆگەرکردنی ئازادی ئایین و باوەڕ لە عێراقدا، لە ڕووی یاسا و کردەنییەوە و بە یەکسانی بۆ پەیڕەوانی هەموو ئایینێك.
- باشتر دووبارە تێکەڵکردن و پاراستنی ئەندامانی گرووپەکانی پێکهاتەی ڕەگەز و ئایین، هەروەها ئاوارەی شەڕیش، لەگەڵ مسۆگەرکردنی دابینکردنی خزمەتی یاسا بۆیان لەوانە دەرکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.
- بەهێزکردنی ئەو کارانەی دەخوازن لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ بکرێن، کە دەرهەق بە کوردانی ئێزدی کراون لە پێناو سزادانی بکەرانی، هەروەها مسۆگەرکردنی پاراستنی کولتووری ئایین و کەلەپوور و لایەنی ماددی ئەوان.
- درێژەدان بە بەهێزکردنی لێبوردەیی و دیالۆگ بە ئامانجی پاراستنی هەمەڕەنگی زمان و ئایین و ڕەگەز و کولتوور.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | تێبینییەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | تێبینییەکانی لیژنەی سیداو | تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددەی ٢/ ٣/ ٤/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١٤/ ١٥/ ١٦/ ١٧/ ١٨/ ١٩/ ٢٠/ ٢١/ ٢٢/ ٣١/ ٣٢/ ٣٤/ ٣٥/ ٤٢/ ١٢٥ | ٩٥/ ١٥٤/ ١٩٢/ ٢٩١/ ١٩٩/ ٢٨١/ ٢٨٢/ ٢٨٣/ ٢٨٤/ ٢٨٥/ ٢٨٦/ ٢٨٧/ ٢٨٨/ ٢٩٠ | ٣٣/ ٨٢ | ١٢ج/ ٢٠د/ ٢٦ج/ ٣٢ب | ١٦/ ٢٠/ ٢٢/ ٢٤/ ٢٨/ ٣٠ | ١٣ب/ ١٤ب | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پێشمەرگە.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدیهاتوو.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان و دادی قوربانییان، یان ئاسانکردنی گەیشتن بەو میکانیزمانە.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی شەش مانگ کارکردن لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.

**بەشی بیست و سێیەم**

**پیادەکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە بەردەم دادگادا**

**ئامانج**: مسۆگەرکردنی ڕاستەوخۆ پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە بەردەمی دادگادا

میکانیزمەکانی بەڵێنکاری هەر لە لیژنەکانی مافی مرۆڤ و میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیرەوە، عێراقیان هان داوە ڕاستەوخۆ ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی لە بەردەم دادگادا پیادە بکات، پلانی هەرێمیش میکانیزمی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دادوەر و پارێزەران سەبارەت بە حوکمی ڕێککەوتننامەکان، دادەڕێژێت .

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دادوەر و پارێزەران لە ڕێی بەشداری پێکردنیان لە خولی ڕاهێنانی تایبەت بە بواری مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لە یاساکانی ناوخۆ و مسۆگەرکردنی بە پاساو هێنانەوەی ڕێککەوتننامەکان لە بەردەم دادگاکانی ناوخۆدا.
- بە تەواوی ڕێزگرتنی تەواو لە دەستەبەرکردنی هەموو دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و ڕێکارە یاساییانەی کە لە دەقی ماددەی ١٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسیدا هاتووە.

- بەهرەمەندبوونی تەواو لە مافی هەبوونی ڕێکاری یاسایی بەو جۆرەی لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی مسۆگەر کراون، هەروەها دەبێت کەسانی گلدراوەش توانای بەدەستهێنانی ڕاوێژی یاساییان بۆ دەستەبەر بێت و دەرفەتی داکۆکیکردن لە خۆیان پێبدرێت.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | سەرنجی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | سەرنجی لیژنەی سیداو | سەرنجی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەردوو ماددەی ٣/ ٨ | ٤٢/ ٨٧/ ١٦٣/ ١٧١/ ١٧٩ | | | | | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شوورای هەرێم- وەزارەتی داد.
- دەستەی داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
- سەندیکای پارێزەران.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لەبارەی دۆخی کردەنی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی لە بەردەم دادگا و پێشنیازی کاراکردن و پیادەکردنی ڕاسپاردە.
- دەسەڵاتی دادوەری هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی بکات و پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لە بواری داد دەرهەق بە قوربانییان بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی، پێشکەش دەکات.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی سێ مانگی کارکردن تەواو بکرێت.
- جێبەجێکردن بە درێژایی ماوەی پلانەکە بەردەوام دەبێت.

## بەشی بیست و چوارەم
## نیشانەکانی مافی مرۆڤ

**ئامانج**: داتا نیشانەی ڕاستەقینەیە بۆ پێوانی ڕادەی بەهرەمەندبوون لە مافی مرۆڤ، دەستەبەرکردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی لایەنەوە

نیشانەکانی مافی مرۆڤ زمانێکی ڕاستەقینەیە کە لە ڕێی ئەوەوە لە پێشکەوتنی وەدیهاتوو لە بواری بەهرەمەندبوون لە ماف و ئازادی تێدەگەین، هەر دەبێ ئەو داتایەش بە پێوەری ئامار بێت و قابیلی پێوانە و شرۆڤە بێت، بە گوێرەی پۆلێنی هەمەجۆر کە دەزگای پسپۆڕ ئامادەی دەکات.

میکانیزمەکانی بەڵێنکاری وەك لیژنەکانی مافی مرۆڤ و میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر سووربوون لەسەر دابینکردنی داتا، لە کاتی گەنگەشەکردن لەبارەی ڕاپۆرتی پەیوەست بە مافی مرۆڤ لە بواری مافی کەمئەندام، مافی ژن و منداڵ، دژایەتیکردنی ئەشکەنجە و شوێنبزرکردنی بەزۆر، مافی تەندروستی و خوێندن و داتا و ئاماری دیکەی پێویست لەو دەستانە.

- کۆکردنەوەی داتای پۆلێنکراوی پەیوەست بە بازرگانی ناوخۆ و سنووربڕ، ژمارەی سکاڵای تاوانکارانە کە پێشکەش کراون و ئەو بڕیارانەی لەبارەی تاوانکەرانی پەیوەست بە بازرگانی دەرچوون.
- دابینکردنی ئامارێکی پۆلێن لەبارەی بێکارییەوە.
- ئامادەکردنی ئامارێکی سەراپاگیر و ورد و نوێ بۆ کەمئەندامان، کە بەپێی تەمەن و ڕەگەز و جۆری کەمئەندامی و ڕێژەی کەمئەندامان لە بازاڕی کار، پۆلێن کرابێت.

- کۆکردنەوەی داتا لەبارەی هەموو چەشنە توندوتیژییەکی سێکسانە دژ بە ئافرەت، کە بەپێی تەمەن و ناوچە و کەمئەندامی و پەیوەندی نێوان قوربانی و تاوانبار، پۆلێن کرابێت.
- ئەو پرسیارانەی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ منداڵان و تیمی واشنتن تایبەتمەند بە ئاماری کەمئەندامی دەرچوون، لە سەرژمێری دانیشتووان کە بڕیار وایە بکرێت، ڕەچاو بکرێن.
- ڕێکاری ئەوتۆ بگیرێتە بەر بۆ تواناسازی و دانانی بەرنامەی بودجە بۆ چالاکی پەیوەندیدار بە کاروباری سێکسەوە، بۆ ئەوەی داتا بە گوێرەی جۆری ڕەگەز و فاکتەری دیکەی پەیوەندیدارەوە کۆ بکەینەوە، کە بە پێویست دەزاندرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارایی و کاریگەریی سیاسەت و بەرنامەکان کە دەخوازن یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بەرقەرار بکەن و بەهێزکردنی بەهرەمەندبوونی ئافرەت بە مافەکانی.
- کۆکردنەوەی داتای پۆلێن بە گوێرەی جۆری ڕەگەز سەبارەت بە حاڵەتی تووشبوون بە ئایدز و سێکسە نەخۆشی درم، وێڕای ڕێز گرتنی تەواو لە بە نهێنی مانەوەی زانیاری لەبارەی نەخۆشەوە و مسۆگەرکردنی دابینبوونی خزمەت و شێوەکانی چارەسەری گونجاو بەپێی تەمەن لە بواری تەندروستی سێکس و منداڵبوونەوە.
- کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی داتای پەیوەست بە کەرتی خوێندن  کە بە گوێرەی ڕەگەز و تەمەن و شوێنی جوگرافی پۆلێن کرابن، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی سیاسەت و بەرنامەی پەیوەندیدار.
- بەدی هێنانی زیادەیەکی زۆر لە ڕووی دەستەبەربوونی داتای کوالێتی بەرز و جێ متمانە و پۆلێن بە گوێرەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جۆری ڕەگەز، تەمەن و نەتەوە، ئەتنیك، کۆچبەر، کەمئەندامی، شوێنی جوگرافی.
- بەهێزکردنی توانا و دەرامەت بۆ لایەنانی پەیوەندیدار بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | سەرنجی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | سەرنجی لیژنەی سیداو | سەرنجی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندام | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٣/ ٥٥/ ١٠٣ | ٢٢/ ٤٢ | | ٥٩/ ٦٠ | |

**لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- وەزارەتی پلاندانان.
- وەزارەتی پەروەردە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی تەندروستی.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.
- چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- لەلایەن وەزارەتی پلانەوە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو پێشکەش دەکرێت.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە.
- پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- دانانی بەرنامەی تایبەتمەندی مەشق.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا جێبەجێ دەکرێت، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی سێ مانگی کارکردندا تەواو بکرێت.
- لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی دیکە بکرێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکە، پشت بەو هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە دەبەسترێت.

## بەشی بیست و پێنجەم
## مەشق و بڵاوکردنەوەی کولتووری مافی مرۆڤ

**ئامانج**: مسۆگەرکردنی بەجێگەیاندنی ئەرك بەو شێوازەی پاراستنی مافی مرۆڤ و گەشەپێدانی شێوازی کاری لێ دەکەوێتەوە، لە ڕێی گەشەدان بە توانای مرۆڤ و ڕاهێنانی بەردەوام و پسپۆڕانەوە

ڕاهێنان بەشێکی گرنگە لە پەیوەستبوونی دەوڵەت لە بواری مافی مرۆڤدا، چونکە تواناسازی و باشکردنی شێوازی کار و تێگەیشتن لە دەقەکانی یاسا، بە فاکتەری بنەڕەت لە ڕووی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو توێژانەی دەویسترێ بپارێزرێن، دادەندرێن. گەلێك ڕێککەوتننامە و بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ جەختیان کردووەتە سەر پەیوەستبوونی دەوڵەتی لایەن بە ڕاهێنانی کارمەندان، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە و بەدواداچوون بۆ مەشق بە شێوەیەکی بەردەوام و بۆ هەموو توێژێکی بەرمەبەست.

عێراق چەندین ڕاسپاردە و کۆتا سەرنجی پێگەیشت، داوای لێ دەکەن کۆتا سەرنج بەسەر هەموو ئەو توێژانەدا کە پاراستنیان مەبەستە بگشتێنێت، سۆشیال میدیاش بۆ دابەشکردنی زانیاری و ڕاسپاردە سەبارەت بە مەشق و میکانیزمی کار و پەیوەندیکردن لە نێوان سوودمەندان، بەکار بێت.

ڕاهێنان و بەرچاوڕوونی بە فەرمانبەرانی جێبەجێکاری یاسا بدرێت، سەبارەت بە پێوەری پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و پەیوەست بە کاری خۆیان، جا لە هەر کام لەو بوارانەدا کار بکەن (دادی ڕاگواستە، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، گلدانەوە، چەشنی کۆمەڵایەتی، توندوتیژیی خێزان، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، پرۆگرامی قوتابخانە و زانکۆ، هێزی ئاسایش، میراتی کولتوور.. هتد)، بەو مەرجەی ئەو بەرنامانە بە بەشداری دامەزراوەکانی نیشتمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، جێبەجێ بکرێن.

- پیادەکردنی بەرنامەی تواناسازی کە تێکڕای فەرمانبەرانی دەوڵەت ئەوانەی پەیوەندیدارن و ئەوانەش بگرێتەوە کە بۆ دامەزراندن ڕاسپێردراون، سەبارەت بە مۆرکی ناجیاکارانەی ڕێوشوێنی تایبەت و بایەخی ئەوە لە بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو.
- دابینکردنی ڕاهێنان بۆ دەزگای دادوەری و فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێکردنی یاسا و پۆلیسی سنوور، بۆ دیاریکردنی ناسنامەی قوربانییانی بازرگانی و مسۆگەرکردنی ڕەوانە کردنیان بۆ ئەو دەستانەی خزمەتی گونجاو پێشکەش دەکەن، زۆریش بە توندی حوکمەکانی یاسای پەیوەندیداری تاوانکاری جێبەجێ بکرێت.
- درێژەدان بە کاری بەهێزکردنی بەرچاو ڕوونی و مەشق بۆ فەرمانبەرانی جێبەجێکاری یاسا، سەبارەت بە پێوەری مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، ئەوانەی پەیوەندییان بە بواری کاری خۆیانەوە لە هەردوو ئاستی سەربازی و ئەمنییەوە هەیە.

| دەستووری عێراق | ڕاسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر | سەرنجی لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەب | سەرنجی لیژنەی سیداو | سەرنجی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی | سەرنجی لیژنەی مافی کەمئەندامان | ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٤٨/ ٨٥/ ٦٢/ ٧٣/ ٨٢/ ٩٠/ ٢٠٦/ ٢٤٩/ ٢٦٢/ ٢٧٠ | ١٣/ ٥٥/ ١٠٣ | ٧/ ١٨ب/ ٢٠ج/ ٢٢ج/ ٤٥ | | | تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان |

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن و لایەنانی پاڵپشت**

- ئەنجومەنی دادوەری.
- ئەنجومەنی شووڕای هەرێم- وەزارەتی داد.
- دەستەی داواکاری گشتی- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی پلان.
- وەزارەتی تەندروستی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی پەروەردە.
- بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگەی مەدەنی.

➢ چالاکوانانی مەدەنی.

**میکانیزمی جێبەجێکردن**

- ♦ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك کە لایەنانی پەیوەندیدار بە بەرنامەی مەشق لەبواری مافی مرۆڤەوە پێشکەش بکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە.
- ♦ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی تایبەتمەند بە کاری هەر یەکەیان.
- ♦ پێشکەشکردنی پێشنیازی جێبەجێکردن.
- ♦ دانانی بەرنامەی تایبەتی ڕاهێنان.
- ♦ بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی کارا لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی مەشقدا.

**ماوەی جێبەجێکردن**

- جێبەجێکردنی ڕاسپاردە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی پلانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ پلانی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵدا دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی لە ماوەی سێ مانگی کارکردندا لێکۆڵینەوە تەواو بکرێت.
- بە درێژایی ماوەی جێبەجێکردنی پلانەکە، بەرنامەی ڕاهێنان بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێت.
- بۆ دابەشکردنی چالاکی بەسەر ماوەی پلانەکەدا، پشت بە هاوپێچی تایبەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە دەبەسترێت.

**بەشی بیست و شەشەم**

**پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشان**

**ئامانج**: بەدیهێنانی ژینگەیەکی دروست بۆ هاوکاری لە نێوانی هاوبەشان بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی پلانەکە کاری هاوبەش بنەمای سەرکەوتنی پلانی هەرێمە، چونکە پاراستنی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی ئەرکی هەمووانە، وا پێویست دەکات هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە بۆ کاری دامەزراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بکرێت کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەگرنە ئەستۆ. لە پاش توێژینەوە لە پەیوەستییەکانی پلانەکە، بە پێویستمان زانی ئاماژە بە میکانیزمی هاوکاری لەگەڵ ئەم لایەنانە بکەین:

- لیژنەی نیشتمانی بۆ نووسینی ڕاپۆرتی پەیمانکاری و ناپەیمانکاری لە حکومەتی فیدراڵدا.
- وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم.
- ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی هاوبەش و بەشدار لە دانان و جێبەجێکردنی پلانەکە.

**بەشی بیست و حەوتەم**

**بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردن و نووسینی ڕاپۆرت**

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، ئەرکی بەدواداچوونی پلان و بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ:

- هەماهەنگکارانی وەزارەت و لایەنانی پەیوەندیدار و زانیاریی پەیوەندیکردن بە ئەوانەوە.
- تێکڕای ئەو نووسراوانەی تایبەتن بە جێبەجێکردن و بەدواداچوون.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی تایبەت بە پلانەکە و بەدواداچوونی.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە کۆبوونەوەکان و پیشاندانی.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە لەبارەی جێبەجێکردنی پلانەکە، ڕاپۆرتەکەش پێشکەش بە نووسینگەی سەرۆك وەزیران دەکرێت.

ڕۆڵی لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و ڕاسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان:

- نووسینگەی هەماهەنگی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، ئەرکی ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پیشاندانی بە لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش لە کۆبوونەوەی وەرزانەی بە بەشداری نوێنەری دامەزراوەکانی پەیوەندیدار، ئەرکی لێکۆڵینەوە لە ڕێژەی تەواوکردن و هەڵسەنگاندنی چالاکی و ڕادەی جێبەجێکردن پلانەکەی دەگرێتە ئەستۆ.
- وەزارەتی ناوخۆ نوێنەرێکی کاندید دەکات و نوێنەریش بۆ ڕێکخراوەکانی کارا کاندید دەکرێن، بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی تایبەت بە پلانەکە.
- نووسینگەی مافی مرۆڤ سەر بە نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی) نوێنەرێکی خۆی بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوە، کاندید دەکات.
- هەماهەنگکاری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی هەموو ڕاپۆرتێك ئەرێ دەکات بەر لە ناردنی بۆ نووسینگەی سەرۆك وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی نیشتمانی بۆ نووسینی ڕاپۆرتی بەڵێنکاری لە حکومەتی فیدراڵدا.
- ماوەی جێبەجێکردنی پلانەکە ساڵانی نێوان (٢٠٢١ تا ٢٠٢٥)ـە کە لەگەڵ گەنگەشەکردنی ڕاپۆرتی عێراق لە چوارچێوەی میکانیزمی پانۆرامای خولی گشتگیر و پەیڕەوکردنی لە چوارەمین گەڕدا، کۆتایی دێت.

**میکانیزمی یەکگرتووی پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ٢٠٢١- ٢٠٢٥**

بۆ گۆڕینی پلان و واقیعی بەرجەستە، هەر دەبێ میکانیزمی یەکگرتووی جێبەجێکردن بۆ هەموو ئەو وەزارەت و دامەزراوانەی پەیوەستن بە جێبەجێکردن، دابندرێت، میکانیزمەکەشی ئەو ئامرازەیە کە پلانەکەی پێ جێبەجێ دەکرێت، بە واتایەکی دی، پلانەکە دەکرێتە کردار. هەر بۆیە دەبێ وەڵامی چوار پرسیار بدرێتەوە:

١-ئامانجی ستراتیژی چییە و ئامانجی لاوەکی چییە؟

٢-چۆن ئامانج بەدی بهێنین؟

٣- کێ لە بەجێگەیاندنی ئامانج بەرپرسە؟

٤- چوارچێوەی بەرپرسایەتی چییە و کەی ئامانج بەدی دەهێنین؟

بە دانانی ئەم خشتەیە (Action Plan) دەتوانین پەی بە بەرپرسایەتی و ئەرکی هەر دامەزراوەیەك ئاشنا بین و ئەو کاتەی بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرکێك پێویستە، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی پلانەکە، کە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوونیش ئاسان دەکات.

**خشتەی کارنامە ژمارە (١)**

ئامانجی ستراتیژی و ئامانجی لاوەکی دیاری دەکات کە لایەنی بەرپرس لە پیادەکردنی ڕاسپاردە و چێوەی بەرپرسایەتیش دیاری دەکات

| | |
|---|---|
| بابەتی ڕاسپاردە، یان کۆتا سەرنجی لیژنەکانی بەڵێنکاری و پانۆرامای خولی گشتگیر | |
| لایەنی ناوچەیی کە بەرپرسیاری سەرەکییە لە جێبەجێکردن | |
| لایەنانی پاڵپشت و یارمەتیدەر | |
| کۆمەڵگەی تایبەتمەندی مەدەنی | |
| ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە بابەتی بڕگەکە | |

**خشتەی کارنامە ژمارە (٢)**

**چۆنییەتی بەدیهێنانی ئامانج، یان ڕێکاری جێبەجێکردن دیاری دەکات**

| جۆری ڕاسپاردە | لێکۆڵینەوە لە جێبەجێ کردن | وەرشە و کۆبوونەوە | بەرنامەی مەشق | پرۆژەیاسا | پلان و ستراتیژ | ڕاپۆرتی تەواوکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| | | | | | | |

**خشتەی کارنامە ژمارە (٣)**
**کاتی بەدیهێنانی ئامانج، یان بەرنامەی کاتی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە دیاری دەکات**

| پەیڕەو کردنی پلان | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | ساڵی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێکار | | | | | |
| ڕێکار | | | | | |
| ڕێکار | | | | | |

**قۆناغە ڕاپۆرت و کۆتا ڕاپۆرت**

لایەنانی پەیوەندیدار ڕاپۆرت بە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەدەن، بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهاتنی دید و ئامانجی گشتیی پلانەکە و پێوانەکردنی بۆشایی نێوان واقیع و دیدی ستراتیژی دانراو.

- ڕاپۆرتی چارەگە ساڵ و نیو ساڵ لەبارەی ڕێکاری جێبەجێکردن، لایەنی پەیوەندیداری بەرپرس لە جێبەجێکردن، پێشکەش بە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەکەن.
- ڕاپۆرتی ساڵانەی لایەنی پەیوەندیداری بەرپرس لە جێبەجێکردن پێشکەش بە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەکات .
- کۆتا ڕاپۆرت لایەنانی پەیوەندیداری بەرپرس لە جێبەجێکردن پێشکەشی دەکەن.
- بەکارهێنانی نموونەی میکانیزمی جێبەجێکردن وەك بنەمایەك بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی باس کران.